# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٢٦ | یەکشەممە، ١٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




ئاڵەنگاریی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە بارودۆخی هەستیاری ئێستادا ئەوەیە کە چۆن لە ئاڵۆزییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرامبەر بە ئێران بۆ ڕزگاربوون لە سنووردارییە مەیدانیی بەرهەمی سی و سێ ساڵ مانەوەی ڕێبەریی حیزب لە قووڵایی باشووری کوردستان کەڵک وەربگرێ، بەبێ ئەوەی بۆ ئەو دەربازبوونە ناچار بێ تێچووی گەورە لە جەوهەری داواکارییەکان و لە پێناسەی سیاسیی هەشتا ساڵەی خۆی و لە بنەماکانی هەرمانی خەباتگێڕانەی خۆی بدا.

(لاپەڕە ٣)



سەرنجدان لە دۆخی ئەو کات و ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە، ئەم پرسیارە دەورووژێنێت ئاخۆ شۆڕشی ژینا، تەنیا شۆڕشێک بوو لە بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکەر و لەسەر پرسی سیاسی، یان نا، شۆڕشێکی بنچینەیی و ژیاری بوو لە دژی ستەمە بەربڵاوەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ڕوانگەی دژەژنی زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا؟ ئایا بەشداریکردنی بەربڵاوی پیاوان لە بزووتنەوەی ژینادا، هۆشیارییەکی قووڵی دژە-پیاوسالاریی سیستماتیک بوو، یان تەنیا نارەزایەتییەکی سیاسی بوو دژی دەسەڵات؟

(لاپەڕە ١١)

## مستەفا هیجری:

# لاوازکردنی ڕێژیم بە هێرشی دەرەکی دواخستنی کاتە، ئامانجی خەڵک ڕووخاندنیەتی

## مستەفا هیجری:

## کێشەی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوەیە لە دروشمدا دیموکراتن و لە کرداردا ڕەگی دیکتاتۆریان تێدایە

سکرتێری گشتیی حیزب لە وتوویژ لەگەڵ ماڵپەڕی "حەڵنیت"دا ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی لە لێواری هەڵدێرانە، بەڵام دیاریکردنی کاتی هەرەسهێنانی کارێکی ئاسان نییە؛ چونکە: ئەم ڕێژیمە سەرەڕای توشبوونی بە زۆر قەیرانی فرەڕەهەندی نێوخۆیی وەک دارمانی ئابووری، لەدەستدانی شەرعییەتی نێوخۆیی و دەرەکی، دەرکەوتنی کەلێنی سیاسی لە لوتکەی دەسەڵاتدا و چەندین هۆکاری دیکە، هێشتاش توانا و ئیرادەی سەرکوتکردنی توندوتیژ و بەربڵاوی نارازییانی نێوخۆیی هەیە. هەروەها سەرەڕای قەیرانی سەختی ئابووری، هێشتا توانای دابینکردنی دارایی هێزە سەرکوتکەرەکانی هەیە و ئەم سەرکوتکارییانە هەرچەندە بەپێی کات کاریگەریی خۆیان لەدەست دەدەن، بەڵام لە وەپاشخستنی ڕووخانەکەیدا تا ڕادەیەک کاریگەر بوون.

کاک مستەفا هیجری بە سەرنجدان بە دۆخی کۆماری ئیسلامی و هەروەها دۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لای وایە هێشتا دەرفەتی ئەوەمان ماوە بیر لە ئێرانێکی دیکە بکەینەوە و ئێمەی کورد لەم پەیوەندییەدا هەنگاوی گرنگمان لەپێناو یەکیەتی و تەباییدا ناوە و سەرەڕای ئەوەش، لە ڕیزەکانی هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمەڵێک لە حیزب و نەتەوەکانی ئێرانی وەک عەرەب، بەلووچ، تورک و تورکمانەکاندا، توانیومانە بە دەرککردن لە زەرورەتی هاوپەیمانی لە دەوری پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش، هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوانماندا هەبێ و ئێستاش لەگەڵ هەندێک لە ڕەوت و ڕێکخراوەکانی فارسزماندا لە دانوستاندایین تاوەکوو بواری هاوکاریی بەرفراوانتر لەگەڵ ئەوانیشدا بڕەخسێنین.

بەڕێزیان دەڵێ پەیامی من جارێکی دیکەش پێداگرییە لەسەر یەکیەتی و تەبایی و بەڕەسمیناسینی فرەیی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی یەکتر و هەوڵدانە بۆ بنچینەدارشتنی ئێرانێکی دیکە بۆ هەمووان لە سێبەری ئازادی و دێموکراسیدا.

(هەموو ئەو وتوویژە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەوە)




## ئێعدامکرانی ١٣ زیندانیی کورد و زیندانیکرانی ٦٢ چالاکی سیاسیی کورد

لە ماوەی مانگی ئاگۆستی ڕابردوودا ٨٩ بەندکراو لە زیندانەکانی ئێراندا لەدار دراون کە ٦ کەس لەوان زیندانیی سیاسی و ئایینی بوون. ئەم ئامارە بە بەراورد بە مانگی پێشووتر (ژوئیە) سەتا ٣٣ زیادی کردووە. لەو ٨٩ زیندانییەی لەو مانگەدا ئێعدام کراون ١٣ کەسیان کورد، ١٧ کەسیان تورک و ٧ کەسیان لوڕ و ئەوانیدی عەڕەب، بەلووچ، گیلەک و مازەنی و لە نەتەوەکانی دیکە بوون. هەروەها ٦ کەس لەوان ژن و ٤ کەس لە ئێعدامکراوەکانیش ئەفغان بوون. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا لانیکەم ٥٣٧ کەسی ئێعدام کردووە، ئەویش لە بارودۆخێکدا کە شەڕی نێوان ڕێژیم و ئەمریکا پچڕ پچڕ هەر درێژەی هەیە و ڕێژیم لە ئێعدامەکان وەک ئامرازی سەرکوت بۆ بەرپەرچدانەوەی نارەزایەتییە نێوخۆییەکان کەلک وەردەگرێ.

هاوکات زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی لە ماوەی مانگی ڕابردوودا لە ئێران گیراون کوردن. لە ماوەی مانگی ڕابردوو (لە ٢ی گەلاوێژ هەتا ٢ی خەرمانانی ١٤٠٥)دا لانیکەم ٦٢ کەس لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و تەبلیغی دژی ڕێژیم دەسبەسەر کراون. زۆربەی دەسبەسەرکراوان دوای دەسبەسەرکرانیان بۆ شوێنی نادیار گواستراونەتەوە، ژمارەیەکی کەمیان ئازاد کراون و لە چارەنووس و شوێنی ڕاگرتنی ژمارەیەکی دیکەیان هێشتا زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە. بەپێی بەدواداچوونەکان ئاماری گرتنەکان لە کوردستان لە مانگی ڕابردوودا بەمجۆرە بووە: لە بۆکان ٩ کەس، لە مەهاباد ٨ کەس، لە مەریوان ٧ کەس، لە پیرانشار ٦ کەس، لە ئیلام ٦ کەس، لە میاندواو ٥ کەس، لە شنۆ ٥ کەس، لە ورمێ ٤ کەس، لە کامیاران ٤ کەس، لە دیواندەرە ٣ کەس، لە سنە ٢ کەس و لە هەر کام لە شارەکانی نەغەدە، تیکاب، قوتوور ١ کەس. هەروەها لە نێوان دەسبەسەرکراواندا، ٥ کەسیان ژن و ٢ کەسیان مێرمنداڵی ژێر ١٨ساڵن. لە دوو حاڵەتی جیاوازدا، دامودەزگا ئەمنییەتییەکان لە (ئاوایی گامێش گۆلی) و بۆکان دایک و بابی زاهیر قوربانی و محەممەد حوسێنپووریان دەسبەر کردووە بۆ ئەوەی ناچار بە ڕادەستکردنی خۆیان بکەن. دەسبەسەرکردنی لانیکەم ٦٢ کەس لە کوردستان لە ماوەی مانگی گەلاوێژ لە حاڵێکدایە کە لە هەموو ئێران لەو مانگەدا ١١٧ کەس دەسبەسەر کراون.

### کورد لە ئێران چی دەوێ؟

خاڵی جەوهەری جیاوازیی شەڕی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شەڕی کورد لەگەڵ ڕێژیم لە ئامانجدایە. جیا لەوەش، جیاوازی لە تاکتیکی جۆری شەڕەکەدا هەیە؛ شەڕی ئەمریکا شەڕی درۆن، مووشەک و بۆمبە، و ئەوە لەگەڵ تاکتیکی شەڕی پێشمەرگەدا زۆر جیاوازە.

◆ مستەفا مەولوودی (٤)

### شەڕ کۆتایی نەهاتووە، نۆرەی گەمارۆ و ئابلۆقەیە

ڕەنگە گرنگترین ئەرک و ئاکامی سزاکان بەراورد بە شەڕی سەربازی، دروستکردن و گەورەکردنەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و گەڕاندنەوەی خەڵکی نارازی بێت بۆ سەر شەقامەکان؛ تەنانەت چینە بێدەنگ، بێهەڵوێست و دوودڵەکانی کۆمەڵگەش؛ ئەمەش لە داهاتوویەکی نزیکدا.

◆ ڕەزا دانشجوو (٥)

### لە مێژوو و میراتەوە بۆ پرۆژەی داهاتوو؛

نەوەی نوێ لە هەمان کاتدا شانازی بە حیزبی دێموکراتەوە دەکات، پرسیاری نوێشی هەیە. ئەو دەیەوێت بزانێت حیزب چۆن لە مێژووی خۆیەوە بۆ داهاتوو دەڕوانێت؛ چۆن لەگەڵ جیهانی گۆڕاو مامەڵە دەکا؛ چۆن توانای نەوەی نوێ دەخاتە پرۆسەی بڕیاردان و بەرهەمهێنانی ستراتیژی.

◆ عەلی بداغی (٦)

### ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانە وەک تاکەڕێ دەوێ؟

شتێکی کە لە هیچ هەلومەرجێکدا و لەژێر باری هیچ هەڕەشە و زەختێکدا نابێ لە بیر بکرێ، پاراستنی هەستی نەتەوەیی و تەنانەت بەهێزکردنیشێتی. تەنیا بە هێزی پۆلایینی ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانەیە دەتوانین بچینە نێو هەر گەمەیەکی کە قەرارە بۆ دارشتنی چوارچێوەی داهاتووی ئێران وەڕێ بخرێ.

◆ هەیاس کاردۆ (٧)

### چەمکی ئەخلاق لە ئایینی یارساندا

تێگەیشتنی یارسان بۆ ئەخلاق خۆی لە چەمکەکانی بەرپرسیارێتی، ئازادی، دادپەروەری و بێدادیدا دەبینێتەوە. لە یارساندا، ئەخلاق بنەمایەکی سەرەکی و چەقی باوەڕدارییە. پایە سەرەکییەکانی ئەخلاقیش خۆی لە (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا)دا دەبینێتەوە.

◆ سارۆ خوسرەوی (٨)

## مستەفا هیجری:

# لەگەڵ ناوەندگەراکاندا نابینە هاوپەیمان و بەردی بناغەی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێت پێش ڕووخانی ڕێژیم دابندرێت

دیمانە: ئارەش یەزدی



**ماڵپەڕی فارسیی "حەڵنێت" لە وتووێژێکی تێروتەسەلدا لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە سیاسەت و ڕوانگەی حیزب بەنیسبەت ڕۆژەڤە سیاسییەکانی ئێستای ئێران و کوردستانی کۆڵیوە. کاک مستەفا هیجری لەو وتووێژەدا بەڕوونی باسی لە نەخشەڕێ و ستراتیژیی حیزبی دێموکرات بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبردنی ئێران لە قۆناغی گوزاردا کردووە. "کوردستان" پوختەی ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**هەڵسەنگاندنی حیزبی دێموکرات بۆ بارودۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وێستگەی کۆتایی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا؟**

ئەمن لەسەر ئەو بڕوایەم کۆماری ئیسلامی لە لێواری هەڵدێرانە، بەڵام دیاریکردنی کاتی هەرەسهێنانی کارێکی ئاسان نییە؛ چونکە: ئەم ڕێژیمە سەرەڕای توشبوونی بە زۆر قەیرانی فرەڕەهەندی نێوخۆیی وەک دارمانی ئابووری، لەدەستدانی شەرعییەتی نێوخۆیی و دەرەکی، دەرکەوتنی کەلێنی سیاسی لە لوتکەی دەسەڵاتدا و چەندین هۆکاری دیکە، هێشتاش توانا و ئیرادەی سەرکوتکردنی توندوتیژ و بەربڵاوی ناڕازییانی نێوخۆیی هەیە. هەروەها سەرەڕای قەیرانی سەختی ئابووری، هێشتا توانای دابینکردنی دارایی هێزە سەرکوتکەرەکانی هەیە و ئەم سەرکوتکارییانە هەرچەندە بەپێی کات کاریگەریی خۆیان لەدەست دەدەن، بەڵام لە وەپاشخستنی ڕووخانەکەیدا تا ڕادەیەک کاریگەر بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە دواکەوتنی هەر ڕۆژێکی ڕووخانی ڕێژیم، دەبێتە هۆی تێچوونی گیانیی زیاتری خەڵکی وەزاڵەهاتوو و وێرانیی زیاتری وڵات؛ بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەشێت ئەم ماوەیە ببێتە دەرفەت بۆ پێکهاتنی یەکیەتی و تەبایی لەنێوان سەرجەم چین و توێژەکانی وڵاتدا بە هەموو فرەییی نەتەوەیی، ئایینی، زمانی، فکری و ئایدۆلۆژیای جیاوازی سیاسییەوە. ئەمەش بە مەبەستی ڕێگری لە دواکەوتنی زیاتری کۆتاییی ئەم ڕێژیمە و کەمکردنەوەی زیانە گیانییەکان و وێرانیی زیاتری وڵات، هەروەها دارشتنی بەرنامە و سیاسەتێکی دیکەیە لەسەر بنەمای دادپەروەری و کۆتاییهێنان بە زوڵم و جیاکاری و پەراوێزخستنی بەشێک لە ناوچەکانی ئێران و فیداکردنی هەموو شتێک لەپێناو ناوەندا کە لە ماوەی نزیکەی سەدەی ڕابردوودا شاهیدی بووین.

ئەمن لام وایە هێشتا دەرفەتی ئەوەمان ماوە بیر لە ئێرانێکی دیکە بکەینەوە و ئێمەی کورد لەم پەیوەندییەدا هەنگاوی گرنگمان لەپێناو یەکیەتی و تەباییدا ناوە و سەرەڕای ئەوەش، لە ڕیزەکانی هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمەڵێک لە حیزب و نەتەوەکانی ئێرانی وەک عەرەب، بەلووچ، تورک و تورکمانەکاندا، توانیومانە بە دەرککردن لە زەرورەتی هاوپەیمانی لە دەوری پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش، هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوانماندا هەبێ و ئێستاش لەگەڵ هەندێک لە ڕەوت و ڕێکخراوەکانی فارسزماندا لە دانوستاندا‌ین تاوەکوو بواری هاوکاریی بەرفراوانتر لەگەڵ ئەوانیشدا بڕەخسێنین.

**بە لەبەرچاوگرتنی سەنگ و قورساییی سیاسیی حیزبی دێموکرات، چوارچێوە و هێڵە سوورەکانی ئێوە بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕەوتە سیاسییە سەرانسەرییەکانی دیکە (ناوەندگەرا، کۆماریخواز و... چییە؟**

کورد و نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری دیمۆگرافیای ئەم وڵاتە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا دەسەڵاتدارەتیی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییان ئەزموون کردووە. ئەم دوو ڕێژیمە لێکچوونی زۆریان لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەبووە. دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ناوەندگەرییە بەو مانایە بووە ئێرانی بەربڵاو بە پێکهاتەیەکی دیمۆگرافیی ئاوێتە لە نەتەوە، زمان، بڕوا و ئایینی و مەزهەبە جیاوازەکان، بە فەرهەنگ و مێژووی جیا و فرەییەکانی دیکەوە، وەک «یەک نەتەوە» سەیر کراوە و سەرجەم ئەم فرەییانە ئاخێنراون و فەرامۆش کراون. ئەم «یەک نەتەوەیە» بریتی بووە لە تەواوی ئەو خەڵکەی لە ناوەندی ئێراندا نیشتەجێن، واتە تەنیا هاووڵاتییانی فارس. بۆ وەدیهێنانی ئەم گریمانەیە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا هەوڵیان داوە سەرجەم منداڵانی ئەم خاکە لە هەمان سەرەتای خوێندنەوە بە زۆر زمان فێری فارسی ببن، زۆرترین بودجەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بۆ ئەم بەشە تەرخان کراوە و ئاستێکی زۆر کەمی پەراوێزخراو بۆ ناوچەکانی دەوروبەر بووە؛ هەروەها بەرنامەدارشتنی پڕتێچووی زۆر لە پێناو دەوڵەمەندکردنی ئەم تاقە زمانە، فەرهەنگ و مێژووی ئەم «یەک نەتەوەیە» و تواندنەوەی زۆرەملێی فەرهەنگ، زمان و مێژووی نەتەوەکانی دیکەی ئاوەدانکەرەوەی ئەم خاکە لە زمانی نەتەوەی تاقانەی فارسدا بووە. هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بەم نابەرامبەری و جیاکارییانەش لەژێر ناوی درۆینە و دەستکردی نیشتمانپەروەریی درۆزنە، تەجزییەتەڵەبی خەیانەت، دەستکەلای دوژمنان، سووکایەتیکردن بە زمان، فەرهەنگ، مێژوو، عەقیدە و بڕوا مەزهەبییەکانی غەیرە [نەتەوەی فارس]دا سەرکوتک کراوە.

ئاکامە بەرهەستەکانی ئەم سیاسەتەی نەتەوەسازییەش بریتی بوون لە پەرەسەندنی بێکاری، پەرەسەندنی هەژاری، ئاڵوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، نەبوون یا کەمبوونی ناوەندەکانی دەرمانی و تەندروستی و بەگشتی پاشکەوتوویی، جۆرەها بەڵا و گرفتاریی زۆر لە ناوچەکانی پەراوێزخراوی وڵات کە زۆرینە یا نزیکەی نیوەی جۆگرافیا و دانیشتووانی ئەم خاکە لەخۆ دەگرێت.

هەوڵی حیزبی ئێمە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا لەپێناو هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا بووە، دەسەڵاتێک کە تێیدا ئێران نە موڵکی تایبەتی کەسێک (پاشا، وەلیی فەقیه) یا گرووپ و نەتەوەیەک، بەڵکوو تێیدا هەمووان خۆیان بە خاوەنی ئەم وڵاتە بزانن، دەسەڵات و دەسەڵاتداریی بەناوەندکراو لە تاران لەسەر بنەمای یاسایەکی بنەڕەتیی دێموکراتیک لەنێوان سەرجەم ناوچە نەتەوەییەکاندا دابەش بکرێت تاوەکوو ئەم وڵاتە بۆ هەتاهەتایە لە دەستی دیکتاتۆری بە هەر شێوە و ڕەنگێک ڕزگاری ببێت و نیشتەجێبووانی لە ئەمنییەت، ئاسوودەیی و ئازادیدا بژین. ئێمە لەگەڵ سەرجەم حیزب، گرووپ و کەسانێک کە بڕوایان بە دامەزراندنی ئێرانێکی لەم چەشنە هەیە و لە ڕێگەی وەدیهێنانیدا خەبات دەکەن، ئامادەی هاوکارین. لە بەرمبەریشدا، ئامادە نین لەگەڵ ئەو گرووپ و ڕەوتە فکرییانەدا هاوکاری بکەین کە هێشتاش لە پیلانگێڕیدان بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای دیکە دوای کۆماری ئیسلامی.

**جوگرافیای باکووری ڕۆژئاوای ئێران بەتایبەت شارەکانی وەک ورمێ، نەغەدە، میاندواو، تیکاب و... شوێنی ژیانی هاوبەش و تێکەڵاوکراوی دوو نەتەوەی کورد و تورکی ئازەرییە. لە مێژووی هاوچەرخدا، ئەم ناوچەیە هەر دوو ئەزموونی زۆر شیرینی یەکێتیی «کۆماری کوردستان» و «حکومەتی میلیی ئازەربایجان» (پەیمانی قازی محەممەد و پیشەوەری)ی دیوە، و هەم ڕۆژە تاڵەکانی وەک پێکدادانەکانی سەرەتای شۆڕش و «جەنگی نەغەدە»ی تێپەڕاندووە. کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە ئەم جیاوازییانە بۆ دووبەرەکی بنێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەڕێزتان خەڵکی شاری نەغەدەن و ئەم ڕاستییانەتان لە نزیکەوە هەست پێ کردووە، بەرنامەی ستراتیژیی حیزبی دێموکرات بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم دووبەرەکییانە چییە؟**

جگە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا [پارێزگای ورمێ] ناوچەی دیکەش لە ئێراندا هەن کە خەڵکەکەی لە پێکهاتەی نەتەوە، بڕوادارانی ئایینی جیاواز پێکهاتوون و هەرکامیان کەم یا زۆر خاوەنی ڕابردووی تاڵ و شیرین لە بەیەکەوەژیانن. گرژی و هەندێک جار دوژمنکارییەکانی نێوان خەڵکی ئەم ناوچانە، ئەنجامی هۆکاری جۆراوجۆر بووە لەوانە سیاسەتی دووبەرەکی‌نانەوە و ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بۆ قازانجی مانەوەی خۆیان. چونکە ئەم دەسەڵاتانە بەتایبەت کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە یەکیەتی و تەباییی خەڵک ترساون و ئەوەیان بە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی خۆیان زانیوە، لە ئاکامدا بۆ تێکدانی تەبایی و دروستکردنی کەلێن لەنێوان خەڵکدا بە بەردەوامی لە پیلانگێڕیدا بوون. هاوکات هەستی خۆبەگەورەزانین و نەتەوەخوازیی توندڕەوانە کە هەندێک جار لە شێوەی شۆڤێنیزمدا لەنێوان کەس و گرووپەکان لەم خەڵکەدا دەردەکەوێ، ئەم گرژییانەی لێ کەوتووەتەوە.

بەرنامەی حیزبی ئێمە بۆ خەڵکانی ئەم ناوچانە، پەندوەرگرتنە لە تاڵی و نەهامەتییەکانی ڕابردوو و هاوکات سوودوەرگرتنە لە یەکیەتی و تەباییە شیرین و پەندبەخشەکانی ڕابردوو. وەبیرهێنانەوەی ئەم گرژییانەیە کە تێیدا سەرجەم لایەنەکان زەرەرمەند بوون و لەسەر بنەمای ئەم ئەزموونانە، دارشتنی کۆڵەکەکانی یەکیەتیی و هاوکاری و وەلانانی مێژووی ناخۆش و ڕێگری لە دووبارەبوونەوەیانە.

کۆمەڵگەی تورک و کورد لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا [پارێزگای ورمێ]ش دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەزموونانە لە جیاتی تۆڵەسەندنەوە و دووبەرەکی لەگەڵ یەکتردا، لە فکری دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەدا بن و ئەمەش ئەرک دەخاتە سەرشانی سەرجەم حیزبە سیاسییەکان، کەسایەتییە ئایینییەکان، مامۆستایان، پەروەردەکارانی قوتابخانەکان و ناوەندەکانی خوێندن، ڕووناکبیران؛ هەتا دەگاتە بنەماڵەکان.

**میتۆد و میکانیزمەکانی هاوکاری لە هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا چییە؟ ئایا بەرەیەکی کوردستانیی گشتگیر لە داهاتوودا دەبینین؟**

ڕاستییەکی سیاسی کە ئێمە بە بەردەوامی لە کردوەدا بەرەوەڕووی بووینەتەوە ئەوەیە لە وڵاتانی وەک ئێراندا کە قەت ئەزموونی دێموکراسی و کاری بەکۆمەڵیان نەکردووە، هێنانەئارای هاوکاری و کاری هاوبەش زۆر دژوارە. زۆر کەس لە قسە و دروشمەکانیاندا خۆیان بە دێموکرات دەزانن و باس لە دێموکراسی دەکەن، بەڵام لە کردوەدا و لە پاشخانی مێشکی هەرکامیاندا بنەماکانی دیکتاتۆری ڕەگی داکوتاوە. بۆیەشە پێکهێنانی هاوپەیمانی بەدەگمەن ڕوو دەدات و دوای پێکهێنانیشی بەخێرایی هەڵدەوەشێت. ئەمە لە کوردستان جیاوازە. لە کوردستانی ئێران لەسۆنگەی ئەوەی حیزبایەتی و فرەحیزبی ڕیشەی قووڵی لە کۆمەڵگەدا هەیە و ئەزموونی زۆرمان لە کاری بەکۆمەڵدا بووە، ئەمە کاریگەریی زۆری لەسەر دروستکردنی یەکگری لە کۆمەڵگەدا داناوە. ئەم ئەزموونە لە حیزبی دێموکراتدا بەرچاوتر و دیارترە، بەهەمین هۆیەوە ڕێککەوتن و هاوکاری لەنێوان گرووپە جیاوازەکان و تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەرفراوانترە.

میکانیزمی هاوکارییەکان لەنێوان حیزبەکانی کوردستاندا نەک لەسەر بنەمای لێکچواندنی زۆرەملێی حیزبەکان، فکر و بەرنامەکانیان، بەڵکوو لەسەر بنەمای خاڵە هاوبەشەکان دادەمەزرێت و هاوکات هەوڵ دەدەین بۆ وەلانانی ئاستەنگەکانی سەر ڕێگە، و میکانیزمی ئەم ڕێگەچارەیەش دیالۆگ و گفتوگۆیە.

**ئایا بە دروستبوونی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستێکی دێموکراتیک کە تێیدا مافی سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان بەبێ شەڕ دابین بێت، هیوادارن؟**

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه داڕێژراون. ئایدۆلۆژیایەک کە جگە لە خۆی، هەمووان بە دوژمن دەزانێت و بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵیاندا لە شەڕ و ململانێدایە. ئەم ڕێژیمە لە هەمان سەرەتاوە دروشمی لەنێوبردنی ئیسرائیلی بەرز کردووەتەوە و لە کردەوەشدا بە یارمەتییە مادی و چەکدارییە بەرفراوانەکان، دەستی کردووە بە ڕێکخستن، بەهێزکردن و پشتگیری لە میلیشیاکان بۆ شەڕکردن لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی و پیتاندنی یۆرانیۆم بە ئامانجی دەستگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی. ئورووپا و ئەمریکاش لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە بەرامبەر ئەم زیادەڕۆییانەی کۆماری ئیسلامیدا هێشتا لەگەڵیان تێک نەدا و سەودا و مامەڵەکانیان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە درێژە پێدا، بەو هیوایەی ئەم بەشە لە سیاسەتەکانی ڕێژیم بگۆڕن. بەڵام ئەم ئامانجە وەدی نەهات و لە ئاکامدا ئەمریکا و ئیسرائیل چاریان نەما و هێرشی قورسیان کردە سەر کۆماری ئیسلامی.

ئەم هێرشانە، زەبرێکی قورسن لە بواری سەربازی، ئەمنییەتی و بەتایبەت ئابوورییەوە لە ڕێژیم دەدرێن، ئەمە ڕێژیمی لاواز کردووە و بە لاوازبوونی ڕێژیم لە درێژخایەندا، دەرفەتی زیاتر بۆ خەڵکی ئێران لە خەبات لە دژی ئەم ڕێژیمە دەڕەخسێت. بەڵام داواکاریی خەڵکی ئێران بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕووخانی تەواوەتیی ئەم ڕێژیمەیە نەک تەنیا لاوازکردنی. ئەگەرچی لە هاوکێشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئامانجی سەرەتایی لاوازکردنی ڕێژیمە تا ئەو ئاستەی مل بە داواکارییەکانیان بدات و لە دژی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا هیچ هەنگاوێک نەنێت. بە کورتی، هەرچەندە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە ئێستاشدا تەنیا کاتکرینە، و تەنیا بە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە دەکرێت هیوا بە ڕۆژێکی باشتر بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و وڵاتانی ناوچەش هەڵبچنرێت. دەبێت بەبیری بهێنینەوە کە ڕووخانی ڕێژیم قۆناغی یەکەمە و ئەم ڕووخانە ناکرێت ئامانجی کۆتایی بێت، بەڵکوو ئامانجی کۆتایی دروستکردنی ئێرانێکی دیکەیە بەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پێ دان.

دواجار دروستبوونی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستێکی دێموکراتیک و ئێرانێکی دێموکراتیک شتێک نییە بە هەرەسهێنانی دەسەڵاتەکان و شەڕ دابین بێت، بەڵکوو هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگەدا گۆڕانی ڕوانگە، تێڕامان، و ڕەفتاری ئەو خەڵکەی دەوێت. گۆڕانکاری لە ڕوانگە و بیرکردنەوەی خەڵکیش پێویستی بە تێپەڕبوونی کات و ئەزموونوەرگرتن لە ڕابردوو و ڕەخنەلەخۆگرتن هەیە. ئاخۆ نەتەوەکانی ئێران گەیشتوونەتە ئەم قۆناغە لە گەشەی فکری و جیهانبینی کە بتوانن دوای کۆماری ئیسلامی، ئێرانێکی دیکە بنیاد بنێن؟ هیوادارم وەها بێت.

**ئەدی لە کۆتاییدا بۆ ئەو مەبەستە هیچ پەیامێکتان هەیە؟**

پەیامی ئەمن بۆ ئەو مەبەستە جارێکی دیکەش پێداگرییە لەسەر یەکیەتی و تەبایی و بەڕەسمی‌ناسینی فرەییی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی یەکتر و هەوڵدانە بۆ بنچینەدارشتنی ئێرانێکی دیکە بۆ هەمووان لە سێبەری ئازادی و دێموکراسیدا. ئەمانەش ئەرکێک نین بسپێردرێن بە داهاتوو، بەڵکوو بەردی بناغەیان دەبێت لە ئێستاوە دابندرێت؛ وەپاشخستنی ئەم ئەرکانە بۆ دوای ڕووخانی ڕێژیم زۆر درەنگ دەبێت و بە ئەگەری زۆرەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەرفەت، کە ئەنجامەکەی دەتوانێت سەپاندنەوەی دووبارەی دیکتاتۆری بە ڕەنگ و بۆیەکی نوێوە بێت دوای ڕێژیمی ئێستا.

## بەساڵداچوو بەڵام بەدەماخ و لەسەرپێ:

# ئەرک و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم حیزبێکی هەشتا و یەک ساڵە

## (بەشی دووهەم و کۆتایی)



د. ئاسۆ حەسەنزادە

**"ئاڵەنگاریی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە بارودۆخی هەستیاری ئێستادا ئەوەیە کە چۆن لە ئاڵۆزییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرامبەر بە ئێران بۆ ڕزگاربوون لە سنووورداریی مەیدانیی بەرهەمی سی و سێ ساڵ مانەوەی ڕێبەریی حیزب لە قووڵایی باشووری کوردستان کەڵک وەربگرێ، بەبێ ئەوەی بۆ ئەو دەربازبوونە ناچار بێ تێچووی گەورە لە جەوهەری داواکارییەکان و لە پێناسەی سیاسیی هەشتا ساڵەی خۆی و لە بنەماکانی هەرمانی خەباتگێڕانەی خۆی بدا".**



### سەربەخۆیی سیاسی و پابەندی بە کۆمەڵێک پرەنسیپی جێی ستایش

سەربەخۆیی لە بڕیاردان و ڕەتکردنەوەی پاشکۆیەتی، هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو لە فەرهەنگی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. لە سەردەمی ڕێبەریی د. قاسملوودا، ئەم حیزبە توانی لەژێر هەژموونیی حیزبی تودە و بە گشتی ڕەوتە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێران و هەروەها لە بەستراوەیی بە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێتە دەر. ئەو کاتەی حیزبی دێموکرات هەستی کرد شورای میللیی مقاومەت (لەژێر هێژمۆنیی موجاهیدینی خەڵقدا) سەربەخۆیی سیاسیی ئەم حیزبە تەحەمول ناکا، بڕیاری چوونە دەرەوەی لەو هاوپەیمانییە دا. لە پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ڕەوت و لایەنە دیارەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، ئەو حیزبە هەمیشە هاوسەنگی و بێلایەنیی خۆی پاراستووە.

ئەم سەربەخۆییە پێکهاتەییە لە بەستێنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتیشدا بەرجەستە بووە. واقیعی ژێئۆپۆلیتیکی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دەریخست هیچ دەسەڵات و جەمسەرێکی نێودەوڵەتی مەیلی ڕاستەقینەی بۆ پشتیوانی لە داواکارییەکانی کورد نییە. لە هەمان کاتدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆخۆیشی فەرهەنگێکی سیاسیی تایبەتی لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە لە پاشکۆیەتی و پەراوێزنشینی لە بەرامبەر زلهێزەکاندا چەسپاند؛ بە شێوەیەک کە لە سەردەمی شەڕی سارد ئەو حیزبە لە یەک کاتدا ئازایەتیی ڕەخنەگرتن لە هەردوو بلۆکە سیاسییە زاڵەکەی ئەو سەردەمەی هەبوو. لە بارودۆخی ئێستاشدا کە کۆماری ئیسلامی تێوەگلاوی شەڕێکی قورس و چارەنووسسازە، ئەم حیزبە بە پێچەوانەی هێندێک گریمانە و چاوەڕوانی، هێشتا پێداگری لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی خۆی دەکا و سوورە لەسەر ئەوەی بە قیمەتی تیروتوانجی زۆر لە چاوەدێران جارێ هەر سیاسەتی دانبەخۆداگرتنی ژیرانە ڕەچاو بکا.

لە بواری پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەربەخۆیی سیاسیی خۆی کردووەتە دەرفەتێک بۆ چەسپاندنی باوەڕ بە هاوپێوەندیی سەراسەریی کورد و پەرەپێدانی ئەخلاقێکی سیاسیی پشتبەستوو بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی. بە درێژایی شەڕی ئێران و عێراق، سەرای ئەوەی ئەو حیزبە خەباتێکی چەکداریی خوێناویی بەدژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبرد، بەڵام قەت ڕێگەی نەدا هاوئاراستەیی عەینی و تاکتیکیی ئەم حیزبە لەگەڵ بەغدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیدا ببێتە مایەی بەستراوەیی سیاسی حیزب بە حیزبی بەعس. لە نیوەی دەیەی ١٩٩٠-یش بەدواوە، ئەو حیزبە هەمیشە هەوڵی داوە خەباتی مەیدانی (بە تایبەت لە ڕەهەندی سەربازییەوە) بیانووی فشار و هەڕەشە لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق نەداتە دەست کۆماری ئیسلامی. لە هەردووکی ئەو بوارانەدا (هەم مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە و هەم پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد)، حیزبی دێموکرات پیرەویی لەو ئەسڵە کردووە کە بردنەپێشی پرسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا نابێ لەسەر حسێبی بەرژەوەندییەکان یان دەسکەوتەکانی کورد لە بەشەکانی دیکە بێ. ئەمە ئەسڵێکە کە قەت وەک پێویست یا بە تەواوی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە دەرهەق بە حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاو نەکراوە.

لە تەنیشت ئەم سەربەخۆییە لە بۆچوون و کردەوەدا، کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپیش هەن کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەهێزکردنی ئیعتبار و ڕاکێشانی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ لای حیزبی دێموکراتدا هەبوو؛ لەوانە هەوڵی بەردەوام بۆ کەمکردنەوەی تێچووی مرۆیی شەڕ، ڕەفتاری مرۆڤانە لەگەڵ دیلەکان و ئازادکردنیان، ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی تێرۆریزم، بارمتەگیری و هێرش و پەلاماری کوێرکوێرانە و پێچەوانەی قانوونی بەشەردۆستی. هەموو ئەو پرەنسیپ و بەهایانە لە ئاستی ئێرانی و نێونەتەوەییدا جۆرێک لە سیمای شارستانی و ڕێز و سەنگینیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەخشیوە کە ئەو حیزبە دەتوانێ شانازیی پێوە بکا. بەڵام دەبێ سەرنج بدرێتە ڕووەکەی دیکەی دراوەکەش: پابەندبوونی قورس و قایم و سەرسەختانە بەو پرەنسیپانە و حەزەری بەردەوام بەتایبەتی لە هێندێک بڕگە و هەلومەرجی دیاریکراودا توانای مانۆڕدان و زەرفییەتە تاکتیکییەکانی ئەو حیزبەشی سنووردار کردووە. لێرەدا بە هیچ جۆر مەبەست ئەوە نیە کە بڵێین با ئەو بەها و پرەنسیپە پیرۆزانە پێشێل بکرێن؛ بەڵکوو قسە لەسەر زەروورەتی خستنەڕووی ڕێکارگەلێکی خەباتگێڕانەیە کە وێڕای ڕێزگرتن لە بەهاکانی ئەخلاقی سیاسی و نەتەوەیی، ئاستی دەستپێشخەریی بەکردەوە و توانا مەیدانییەکانی ئەو حیزبە بۆ شوێندانانی زیاتر لەسەر ڕەوتی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان بەرز بکاتەوە.

### واقیعگەرایی وەک سەرمەشقی ڕەفتاری سیاسی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی جەماوەری و نائیدئۆلۆژیک، لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا هەمیشە هەوڵی داوە ببێتە چەقی بەیەکگەیشتنی بەشی بەرچاوی فرەچەشنی و جیاوازییە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و زەرفییەتە خەباتگێڕییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەو حیزبە هەوڵی داوە هەم لەگەڵ مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە پێش دامەزراندنی خۆیەوە سەنتێز و پێوەندی دروست بکا، هەم جۆرێک لە سێکولاریزم و سەرخانی مۆدێرنی سیاسی بخاتە ڕوو کە ژێرخانی نەریتیی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ پێشخستنی خەباتی نەتەوەیی دەکار بخا بەبێ ئەوەی بهێڵێ بەهۆی ویەوە کەلێن و درزە پێکهاتەییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە قووڵتر ببنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم حیزبە هیچ کات شێواز یان فۆرمێکی تایبەتی خەباتی وەک شتێکی موتڵەق چاو لێ نەکردوە. حیزبی دێموکرات هەر کاتێک هەستی بە کەمترین زەمینەی سیاسی کردبێ، تەنانەت لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی حاکمییەتی نادێموکراتیکدا بەشداری هەڵبژاردن بووە یان بانگەوازی بۆ بەشداریکردنێکی ئامانجدار کردووە؛ ڕێبەرە دیارەکانی خۆی تەنانەت بە نرخی دانانی گیانیان ناردۆتە مەیدانی وتوویژ و دانوستانی سیاسی؛ کات و سەرمایەی ماددی و مرۆیی بۆ بوارە مەدەنی و دیپلۆماسییەکانی خەبات تەرخان کردوە؛ و لە بارودۆخی گونجاودا و بەپێی پێویست پەنای بۆ خۆڕاگریی چەکدارانەش بردووە و هەمیشە هێزی پێشمەرگەی خۆی پاراستووە.

ئەم توانایە لە کایەکردن لە چەندین بەرە یان بەستێنی جیاواز و تەنانەت هێندێک جار نالێکدا، بە خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکرات دادەنرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، پرسیارێکی ستراتیژی و ژیانەکییش قووت دەکاتەوە : چۆن دەکرێ ئەم شێواز و ڕێکارە جیاوازانەی خەبات بەپێی گرینگییان و بەپێی هەلومەرج بە جۆرێک هەماهەنگ و ئەولەویەتبەندی بکرێن کە یەکتر نەفی نەکەنەوە و ئاکام و بەرهەمی سیاسیی ڕوون و کۆنکرێت مسۆگەر بکەن؟ ئاڵەنگاریی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە بارودۆخی هەستیار و جارێ زۆر دژواری ئێستادا ئەوەیە کە چۆن لە ئاڵۆزییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرامبەر بە ئێران بۆ ڕزگاربوون لە سنووورداریی مەیدانیی بەرهەمی سی و سێ ساڵ مانەوەی ڕێبەریی حیزب لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان کەڵک وەربگرێ، بەبێ ئەوەی بۆ ئەو دەربازبوونە ناچار بێ تێچووی گەورە لە جەوهەری داواکارییەکان و لە پێناسەی سیاسیی هەشتا ساڵەی خۆی و لە بنەماکانی هەرمانی خەباتگێڕانەی خۆی بدا.

### حیزبێکی بەساڵداچوو لە کۆمەڵگەیەکی بە پێکهاتە نۆژەنبووەوەدا

لە باس و خواسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هێندێک کەس و لایەن ئەو حیزبە کوردییانەی پێش یان یەکسەر پاش شۆڕشی ١٣٥٧ دامەزراون، بە ئاوەڵناوی "نەریتی" یان "کلاسیک" پێناسە دەکەن؛ هەروەک بڵێی دێرینەیی و پاشخانی مێژووییان نیشانەی مانەوەیان لە ڕابردوودا و ماوە بەسەرچوونیان بێ. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکرات، جێی خۆیەتی لەو کەس و لایەنانە بپرسن کە ئایا دەکرێ حیزبێک هەشت دەیە لە داخراویی کەشی سیاسی و چالاکیی نهێنی، شەڕ و سەرکوت و تیرۆری ڕێبەرەکانی، کێشە و لێکترازانە نیوخۆییەکان؛ و گۆڕانی بارودۆخ و هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆیی دەرباز بکا بەبێ ئەوەی خاوەنی توانایەکی ڕاستەقینە بۆ گونجاندن و نوێبوونەوە بێ؟

پێوانەکردنی کێش و پێگەی ئێستای حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی قەدەغەبوونی چالاکییەکانیان و نەبوونی کێبڕکێی ئازادی هەڵبژاردن، هێشتا کارێکی دژوارە. تاکە قۆناغی مێژوویی کە پێوەرێکی باوەڕپێکراو و عەینیی لە کێشی ئەم حیزبانە دایە دەست یەکەمین هەڵبژاردنەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بوو؛ ئەو شوێنەی کاندیدەکانی نیزیک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچانەی ئەو حیزبە حزوور و چالاکیی ئازادی تێدا هەبوو، زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان (تەنانەت سەرووی ٨٠ لە سەد) یان وەدەست هێنا. ئەمڕۆ هەڵسەنگاندنی خەملێنراوی قوورسایی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی پێوەرگەلی ڕێژەیی وەک قووڵایی مێژوویی، پێگەی کۆمەڵایەتی، توانای ڕێکخستنی گشتی، بەرفراوانیی تەشکیلات و پێوەندییەکانیانەوە دەکرێ. بەو پێوەرانە بێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێشتا پێگەیەکی ناوەندی و بڕیاردەری لە ژینگەی سیاسیی کوردستانی ئێراندا هەیە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ساڵی ٢٠٢٦ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ساڵی ١٩٧٩ نیە. نەوە نوێیەکان و ئەکتەرە سیاسییە تاکییەکان (منفرد) و گرووپی سیاسی و مەدەنیی نوێ، زۆرجار بە نرخی ئەتۆمیزەبوونی یاریی سیاسیی کورد لە ئێران، پێیان ناوەتە مەیدانەکەوە و فرەچەشنیی نێوخۆیی کۆمەڵگەی کوردی نە تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە بەڵکوو بەتایبەتی لە بەستێنی فەرهەنگیدا، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بەرجەستە بووەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی مێژوویی خۆی وەک تەوەر و چەقی تەبایی و یەکگریی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران بپارێزێ، پێویستی بەوەیە ئەم فرەچەشنە کولتوری و ناوچەییە بە شێوەیەکی بەرجەستەتر لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و گوتاری سیاسیی خۆیدا ڕەنگ پێ بداتەوە، بەبێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ بە زیانی یەکگرتوویی و ئینسجامی نێوخۆیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ناسنامە و ئاسۆ ستراتیژییە هاوبەشەکەی بشکێتەوە.

یەکگرتنەوەی سەرلەنوێی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٢٠٢٢دا نیشاندەری بەرپرسیاری و توانای ئەو حیزبە بۆ دروستکردنی سەنتێز و تێپەڕاندنی لێکترازانە نێوخۆییەکان بوو. ڕۆڵی ناوەندی و دەستپێشخەریی ئەو حیزبە بۆ یەکگرتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوانیانیش (بە هەموو دەڵەمەیی و کەموکوڕییەکانییەوە) هەڵگری هەمان پەیامە. ئەمڕۆ ئاڵەنگاری و ئەرکی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لەو بوارەدا کەڵکوەرگرتن لە وەرزی نوێ و هیوابەخشی دینامیزمی نێوخۆیی بزووتنەوەی کوردستان بۆ ڕێگریکردنی یەکجاری لە دووبارەبوونەوەی ململانێی خراپ و ڕووداوە تاڵەکانی ڕابردووی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کارامەکردن و بەکردەوە جێخستنی ئەو یەکڕیزی و یەکگرییەیە، بەبێ ئەوەی ئەو حیزبە لەپێناو یەکێتیی نێوماڵی کوردی ڕۆژهەڵات و هاوئاراستەیی لە خەباتدا ناچار بێ مل بۆ دابەزاندنی ئاستی داواکارییە سیاسییەکانی کورد لە ئێران و کەمڕەنگکردنەوەی بنەما مێژووییەکانی پێناسە و شوناسی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان ڕاکێشێ.

### کێشانەوەی داهاتوو لەسەر بنەمای هەگبەی مێژوویی و توانستی ئەمڕۆیی

سەرەنجام گەورەترین خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بریتییە لە ئاوێتەکردنی میراتی ڕەمزی و مێژوویی و ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و بەربڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پۆتانسیەلی نوێبوونەوەی ڕێژەیی لە نێوخۆی خۆیدا و خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دەرەوەی خۆی. بەو حاڵەش، میراتی ڕابردوو بە خودیی خۆی دەستەبەری داهاتوو ناکا و دروستکردنی چۆڕاوگەی (خروجی) ڕاستەقینەش لە جیاوازیی بۆچوون و خواستگەکان لە حیزبێکی دێموکراتیک و زیندوودا هەمیشە تەمرینێکی دژوار و پڕکێشەیە.

ئەمڕۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی گەنجان و ژنان و گواستنەوەی نێوان نەوەکان و پێگەیاندنی جێگرەوەکان، کەڵکوەرگرتنی دروست و کارا لە پێگەی بەربڵاوی جەماوەری و ڕێکخستنی تەواوی زەرفیەتەکانی نێو کۆمەڵگە، ڕاکێشانی بەربڵاوتر و وردتری پسپۆڕ و بژاردەکان، کەڵکوەرگرتنی زیاتر و باشتر لە هێزی دیاسپۆرا، مۆدێرنکردنی ئامرازەکانی خەبات بەتایبەتی لەبواری ڕێکخستن و لۆبیگەریی دیپلۆماسی و مێدیا و چەکداریدا، بردنەپێشی گوتاری سەروەریخوازانە لەسەر بنەمای خاک و سەرچاوەکانی کوردستان، دروستکردن و بەهێزکردنی جەمسەرێکی بەهێزی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێراندا وێڕای وریا بوون لە پێوەندیی کورد و ئازەری لە ئێران و دۆزینەوەی هاوبەش (شریک)ی جێی متمانە لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا، بەشێک لە ئەرکەکانی بەردەم حیزبی دێموکراتن.

وێڕای ئەوەی ئەمڕۆ خەباتی چەکداری بەشێوەیەکی جیددی بەرتەسک بۆتەوە و لەگەڵ کۆسپی گەورەی ئەمنیەتی و ژێئۆپۆلیتیکی بەرەوڕوویە و لە هەمان کاتیشدا ئەو حیزبانەی لە ڕابردوودا بانگەشەی پێشەنگایەتی کۆمەڵگەی کوردستانیان دەکرد ئەمڕۆ ڕوویان زۆرتر روویان لە تەوازوعی سیاسی کردووە، حیزبی دێموکرات نابێ لە توانای کاریگەری بەخشین و ڕۆڵی ناوەندیی خۆی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا غافڵ بێ. بۆ ئەم مەبەستە هەق وایە پێگەی مێژوویی، پۆتانسێلی جەماوەری و توانا خەباتگێڕییەکانی ئەم حیزبە لە تەواوی بوارەکاندا زیاتر لە پێشوو ببنە هەوێنی خەباتێکی فرەڕەهەند و ژیرانە کە لەسەر بنەمای پێشینەبەندیی ڕوون و ڕاشکاو ڕاوەستابێ و دەسکەوتی عەینی و بەرجەستەی لێ بکەوێتەوە.

لە هەشتا و یەک ساڵەییدا، ئاڵەنگاریی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بریتییە لە گۆڕینی قابلیەتی مانەوە (بقا)ی سیاسی بۆ دەستپێشخەریی ئاڵوگۆڕ و توانای ئاڕاستەکردنی پێشهاتەکان. هێنانەدیی ئەم بابەتە بەندە بەوە کە ئەم حیزبە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی و سروشتی قائیم بە زاتی پرسی کوردستان بپارێزێ بێ ئەوەی لە دەرەوەی ڕەوتە سیاسییە سەراسەرییەکاندا بمێنێتەوە؛ بەشدارییەکی چالاکانەی لە هەوڵەکانی دروستکردنی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک لە ئێراندا هەبێ بێ ئەوەی ڕازی بێ پرسی کورد لەم ڕەوتانەدا بتوێتەوە؛ بە ئەسڵ و پرەنسیپەکانی خۆی وەفادار بمێنێتەوە هاوکات کە توانای مانۆڕی سیاسیی خۆی بەرفراوانتر بکا؛ فرەیی و جیاوازییە نێوخۆییەکانی کوردستان زیاتر لە پێشوو لە باوەش بگرێ بێ ئەوەی ئینسجام و یەکێتی نەتەوەیی لەبیر بچێتەوە. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە ئەو حیزبە بتوانێ هەگبەی مێژوویی و مەشخەڵی خەباتی خۆی بە نەوەکانی ئێستا و دواتر بسپێرێ و بۆ سەرکەوتن لەو کارەشدا لەبیری بێ کە نەوەی نوێ تەنیا هۆگری ناسین و ڕێزگرتن لە شانازییەکانی ڕابردوو نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک لە خەمی ئەوەدایە کە ئایندەیەکی دیکە بنیات بنێ.

# کورد چی دەوێ؟

# (لە وڵامی پرسیارەکانی هەیئەتی نێردراوی ڕێژیم بۆ کوردستان)



مستەفا مەولوودی



ئاماژە: ماوەیەک لەوە پێش و دوای ئیمزاکردنی ڕەشنووسی لێکتێگەیشتنەکەی نێوان ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی ئەمریکا، هەیئەتێکی "شوڕای کاروباری ئەقوام، ئایین و ئایینزاکان" لە تارانەوە سەردانی چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە. ئەم شوڕایە وەک ناوەندێکی حکوومەتی کە بە یاریدەری تایبەتیی سەرۆککۆمار ناسراوە، بەپێی ئەرکی دیاریکراویان بەرپرسن لە بەدواداچوون بۆ ویست و داخوازییەکانی بە قەولی خۆیان "ئەقوام و گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. ئەم هەیئەتە لە سەردانەکەیان بۆ ئەو چەند شارەی کوردستان تەمای ئەوەیان بووە چەند پرسیارێک بەرەوڕووی کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسی، ڕووناکبیری و چالاکانی مەدەنیی ناسراو بکەنەوە و ئاکامی باس و ڕاوێژەکانیان بۆ تاران بەرنەوە.

جاری پێش هەموو شتێک بەپێی زانیارییەکان نێردراوەکانی ڕێژیم لە فەرمانداریی چەند شارێکی کوردستان دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەو کەسانە بووە کە بۆ کۆبوونەوەکان بانگهێشت کراون، بەڵام پێش هەموو شتێک زۆربەی ئەو کەسانە بە دەنگیانەوە نەچوون؛ بۆ نموونە شاری وا هەیە زیاتر لە پەنجا کەس بانگهێشت کراون، کەچی کەمتر لە پانزدە کەس بەرەوپیلی داواکەیان چوون. لە کۆبوونەوەکەشدا و دوای ئەوەی پرسیارەکان خراونە ڕوو، زۆربەی بانگهێشتکراوان ڕاشکاوانە وەڵامیان داوەتەوە و لە کۆتاییدا ساغ بوونەتەوە پاش کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەو کەسانەی بانگهێشت کراون و قسەیان لەگەڵ کردوون، کۆبوونەوەیەکی بەرین بە بەشداریی فەرماندار، بەرپرسی ئیدارەی ئیتڵاعات و فەرماندەی سوپای پاسدارانی ڕێژیم لە هەرکام لەو شارانە پێک بێنن و بابەتەکان وردتر و زیاتر بخەنە بەرباس. بەڵام دوای باسکردنی ئەو بابەتە لەگەڵ کەسایەتییەکان و پاش ئەوە خەڵکەکە بە دەنگیانەوە نەچوون؛ کۆبوونەوە بەرینەکەش پێک نەهاتووە.

بەڵام باس چییە؟ لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا ناوەندە جۆراجۆرەکانی حکوومەت و دەوڵەت زۆر جار بە پرسیاری لەو چەشنە و ڕاپرسییەکانیان هەوڵیان داوە بە پێوەندی گرتن لەگەڵ چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوەی نوی بۆ سیاسەت و پلان و بەرنامەکانیان بکەن. ئەوە کە چەندە وڵامی پرسیارەکانیان وەرگرتۆتەوە لەجێی خۆی، بەڵام ئاکامی نەگۆڕ و هەمیشەیی ئەو هەوڵانە ئەوە بووە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی دەبێ ڕاستەوخۆ ئەو باسانە لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان بێننە بەر باس، چونکی ئەوە حیزبەکانن نوێنەرایەتیی سیاسیی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان و داوا و مافەکانی کورد لە ئێران دەکەن.

کاتی خۆیشی لە دەیەی ٦٠ ی هەتاویدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە کە "کوردەکان چییان دەوێ؟"، ڕوویان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردبوو و کاک دوکتور قاسملووش گوتبووی: "یانی ئەوان نازانن کورد چیی دەوێ؟!" پاشان بە گاڵتەوە گوتبووی: "پێیان بڵێن کورد دوو کیلۆی پیواز دەوێ!" ئەم پرسیارەی دەسەڵات خولانەوەیە لە بازنەدا، و لە ڕاستیدا مەبەستیش ئەوە نەبووە و نییە بزانن کورد چیی دەوێ وا واش نییە نەزانن کورد چیی گەرەکە و خەبات و تێکۆشانەکەی بۆ کام ئامانجە؟ تەنانەت ئەگەر بە وردی گوێ لە فایلی دەنگیی وتوویژ و گفتوگۆی نێوان دوکتور قاسملوو لەگەڵ بەناو نێردراوانی ڕێژیمی ئێران لە ڤییەن، پێتەختی ئۆتریش بگرین، -هەر هەمان ئەو کۆبوونەوەیەی بۆ تیرۆری د. قاسملوو ڕێکخرابوو- ئەو پرسیارە جارێکی دیکە لە زاری بەناو دیپلۆمات بەڵام لە ڕاستیدا تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەکرێ و دوکتور قاسملوو، زۆر مامۆستایانە و وشیارانە وەڵامی دەداتەوە. ئەم خولانەوە لە بازنەی ئەم پرسیارەشدا نەک لەڕاستیدا بۆ وەرگرتنی وڵام بۆ چارەسەری ئەو پرسە، بەڵکوو لە ڕاستیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگا تاقینەکراوەکانی دیکە بۆ کوێرکردنەوەی کانیی بڕوا و مافخوازیی نەتەوەی کوردە، ئەو مافانەی ئەوان بۆ کوردی بە ڕەوا نابینن و هەتا ئێستاش هەم حاشایان لێ کردووە و هەم بە هەموو شێوازێک بەدژی وەستاونەتەوە.

جا ئێستا بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەرانی بەڕێز، لە زنجیرە نووسینێکدا خاڵ بە خاڵی ئەو چەند پرسیارەی نێردراوانی ڕێژیم بۆ کوردستان شەن و کەو دەکەم و وەڵامیشیان دەدەمەوە:

**بۆچی حیزبەکان داوایان لە خەڵکی کوردستان نەکرد بەشداریی نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ی هەتاوی (دوای ڕووداوەکانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار) بن، چەشنی ئەو ڕووداوانەی لە شارەکانی تاران، مەشهەد و... پێش هات؟**

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێن: خەڵکی کوردستان، خەڵکێکی سیاسیی و بەزۆری دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و زیاتر لە چل و حەوت ساڵە لە دژی ئەو ڕێژیمە خەبات دەکەن و هەوڵ بۆ ڕووخاندنی و جێگیرکردنی نیزامێکی سیاسی و دێموکراتیک دەدەن ؛ سروشتییە نەتەوەی کورد پێشوازی و پشتیوانی لە هەر تێکۆشان و بەربەرەکانییەک بکات بە دژی ڕێژیمی ئێستای تاران، بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن شەقام و گەلانی ئێرانەوە بێت. بە گشتی دانیشتووانی ئێرانیش باش دەزانن ڕێژیمی ئێران چ تاوانگەلێکی بەسەر خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان هێناوە. هەروەها بۆ سەرجەم گەلانی ئێران ڕوون و ئاشکرایە کاتێک بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) لە کوردستان سەری هەڵدا و زیاتر لە سێ مانگ درێژەی کێشا، بوو بە سەردێڕی هەواڵەکانی هەواڵنێرانی جیهان. ئێرانییەکان لەسەر شەقام و لە کاتی نارەزایەتیدەربڕین بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دروشمی "کوردستان چشم و چراغ ایران"یان دەگوتەوە. ئەو دروشمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەڵکی کوردستان ڕێژیمی ئێرانی ناسیوە، ماهییەتی دەزانێت و ئاستی وشیاریی سیاسیی خەڵکی کوردستان و ڕەوایی خەبات و تێکۆشانیان بۆ هەمووان دەرکەوتووە. بەتایبەتی کە خەڵکی کوردستان خاوەنی هێزی ڕێکخراوەیی و سیاسیی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن و زیاتر لە هەشتا ساڵ ئەزموونی خەباتی سیاسی، بووەتە هەوێنی کارامەیی و لێهاتوویی لە ئاراستەکردنی بزاڤی سیاسی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان و ڕێکخستنەوەی هێز و پۆتانسێلەکان.

لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا خەڵکی کوردستان بە پێشەنگایەتی و دەوری فکری و مەیدانیی حیزبی دێموکرات و بە خەباتی مەدەنی و سیاسیی خۆیان ئاستێکی بەرزیان لە پێگەیشتوویی سیاسیدا دەستەبەر کردووە، بەڵام ئەگەر بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارەمان دابێتەوە، دەبێ بڵێین:

یەکەم، کوردەکان لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و لوڕستان بە فراوانی بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا کرد و بە دەیان کەسمان شەهید و بریندار بوون و سەدان کەسمان دەستبەسەر کران. جیا لەوەش لە شارەکانی دیکەی ئێراندا وەک تاران و کەرەج، کەم نین ئەو کوردانەی بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکاندا کردووە و شەهید، بریندار بوون، یان دەستبەسەر کراون. واتە لە جێی خۆیدا ئەو قسەیە ڕاست نییە کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەرانسەری ئێراندا بەشداریی نارەزایەتی دەربڕین لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوون.

دووهەم، خەڵک لە شارەکانی پارێزگای ورمێ و سنەش ئەگەر بە هەراوی بەشداری خۆپێشاندانەکان لەسەر شەقام نەبوون، بەڵام بە ئەکتی سیاسی و مەدەنیی لە بزووتنەوە و نارەزایەتییەکان دانەبڕان.

سێهەم، خەڵکی کوردستان پەیوەندیی سیاسی و ڕێکخراوەیی تۆکمەیان لەگەڵ حیزبەکاندا هەیە؛ واتە شەقامی کوردی بە پەیاموەرگرتن لە حیزب دەجووڵێت. مادام حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکیان هان نەدا بۆ بەشداری لە هاتنەسەر شەقامەکان -لە هەژدە و نۆزدەی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا- واتە حیزبەکان هەستیان بەو مەترسییە کردبوو کە ڕێژیمی ئێران گوشاری دەرەکی لەسەرە و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک دەست لە هیچ تاوانێک ناپارێزێت و هێندەی دیکە تۆڵەی شکست و داماوییەکانی لە خەڵکی کوردستان دەکاتەوە. بۆیە حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات، هەرچەندە لە ئازایەتی و ئیرادەی خەڵکی کوردستان دڵنیا بوون، بەڵام نەیانوویست بیانوو بدەنە دەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چاوسوورکردنەوە لە خەڵک و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک. بە باوەڕی من ئەوە سیاسەتێکی زۆر دروست و ئەقڵانی بوو.

**پێوەندیی نێوان خەڵک و حیزبەکان چەند بەهێزە و کاریگەریی حیزبەکان لەسەر بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی کوردستان چەندە؟**

بە بڕوای من ئەو پرسیارە خۆگێلکردن و خۆڵ لە چاوی خەڵککردنێکی تەواوە. لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن ڕەگ و ڕیشەی حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لانی کەم بۆ ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی و دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک (ژێ کاف) دەگەڕێتەوە کە دوای سێ ساڵ ژ.ک دەبێتە چاوگە و بناغەی پتەوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا کۆماری کوردستانی دامەزراندووە. ڕێژیمی ئێران پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ هەموو بابەتێک کە پەیوەندیی بە کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبووبێت، ناچار بوون لەگەڵ نوێنەرانی حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دانیشن یان هەوڵی دانیشتن بدەن. بۆ نموونە کاتێک پیاوانی ڕێژیم دوای شکستی نیزامیی یەکەمجاریان بەناو بۆ وتوویژ هاتنە کوردستان، بەردەنگیان حیزبەکان بوون؛ وەک دەستەی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان کە لە حیزبی دێموکرات و مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین و کۆمەڵە پێکهاتبوون. تەنانەت دەستەی نێردراوانی ڕێژیم بۆ ئەوەی نوێنەرانی خەڵک -کە حیزبەکان بوون- ببینن، ناچار بوون بێن بۆ گوندێکی بچووکی وەک بنووخەڵەف و لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قسە بکەن.

کاتێک خومەینی فتوای جیهادی لە دژی کوردەکان -لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا- دەرکرد و ناوی حیزبەکانی هێنا، و کاتێک لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاویدا خومەینی باسی لەوە کرد زانیاریی هەڵەیان لەسەر خەڵکی کوردستان پێداوە، هەر لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکرات کەوتە دیالۆگ و گفتوگۆکردن. تەنانەت کاتێک پاسدار و بەسیجی بە دەستوور و فەرمانی تازە بە دەسەڵات گەیشتووان هێرشیان کردە سەر کوردستان، خەڵکی کوردستان شانبەشانی پێشمەرگەی حیزبەکان و لە ڕیزی ئەواندا لە بەرانبەر پەلاماری لەشکری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا وەستانەوە. ئەگەر کەسێک کات و دەرفەتی بووبێت و گۆڤاری "اصحاب الانقلاب"ی خوێندبێتەوە -کە سوپای پاسداران دەری دەکرد- و تەنانەت هەر سەرپێیی چاوی پێدا خشاندبێت و بەسەرهاتی ئەو پاسدارانەی خوێندبێتەوە کە لە شەڕی کوردستاندا کوژراون، یان بە کوشتنی خەڵکی کوردستان بوون بە سەردار و پلەیان بەرز کراوەتەوە، دەزانێت ئەوانە هەر بە هۆی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانەوە چ بەڵایەکیان بەسەر هاتبوو و تووشی چ کارەساتێک ببوون.

ئەوە کە ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستەوەستان و دۆشداماون، هەر لەبەر بوونی حیزب و پەیوەندیی قووڵی خەڵک و حیزبە. ئەوەش بە ڕوونی دیارە کاتێک ئەوان لاوانی کوردستانیان دەستبەسەر دەکرد و دەیانڕفاندن، هەر بە تاوانی حیزبیبوون بوو. ئێستاش هەرکات تاکێکی کورد بە بیانووی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە دەستبەسەر دەکەن و تەنانەت کاتێک حوکمی بۆ دەردەکەن (سووک یان قورس و تەنانەت ئێعدام)، هەر بە تاوانی ئەندامەتی یان هاوکاری لەگەڵ حیزبەکاندایە. چەند مانگ پێش ئێستا ڤیدیۆیەک لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی بەرپرسانی سوپای پاسدارانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بۆوە کە تێیدا قسە لەسەر سەرکوتکردنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و ئەندامانی حیزبەکان -بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- لە بنکە و بارەگاکانیان و کەمپەکان کە شوێنی حەوانەوەی ژن و منداڵی پێشمەرگەکان دەکەن. یەکێک لە بەشداربووان دەڵێت: "ئەگەر ئێمە هەموو ئەوانەی لەو شوێنانەن بکوژین، دیسان دێموکراتمان تەواو نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە هەمووی دێموکراتە." لەڕاستیدا ئەوان زۆر چاک دەزانن پەیوەندیی خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر قووڵ و ڕیشەیی و مێژووییە. ئەوەی ئەو پرسیارە دەکەن لە ناشارەزایی و بێ زانیارییانەوە نییە، بەڵکوو یەکەم بۆ چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستانە. دووهەمیش بۆ ئەوەیە لە ئێستادا کە گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی، نیگەرانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستانن و بەو جۆرە دەیانهەوێت بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، جڵەوی دۆخەکەیان لەدەستدا بمێنێت.

**ئاخۆ دەکرێ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و مەدەنی لە شارەکان ڕاسپێردرێن سەردانی حیزبەکان بکەن و ببنە پردی پێوەندیی نێوان دەوڵەت و حیزبەکان؟**

ئەو پرسیارەی ڕێژیم ئاماژەیە بۆ ئەوەی بۆخۆیان دەزانن پەیوەندیی نێوان خەڵکی کوردستان و حیزبەکان چەندە قووڵ و تۆکمەیە و دەزانن دەستەبژێری نێو کۆمەڵگە و ڕێبەرانی حیزبەکان بە باشی لە یەکتر تێدەگەن. ئەوەش کە لە کاتی تەنگەتاویدا کاربەدەست و پیاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هانا بۆ بژاردەی کورد دەبەن، نیشانەی ئەوەیە دەزانن خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانیان دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، بۆیە لە تەنگانەدا پەنایان بۆ دەبەن تا بەڵکوو بۆ ماوەیەکی کورتییش بێت، خۆیان لە تووڕەبوونی کوردان دوور بخەنەوە. ئەوەش بڵێین ڕێژیمی ئێران باوەڕی بە مافی خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستان نییە؛ هەرچییەکیش دەکات، چەواشەکاری و ئاڵۆزکردنی بابەتەکانە، دەنا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان -بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- لە هەر کەس و لایەنێک باشتر گوێ لە خەڵکی کوردستان دەگرن و دەزانن ئەوان پەیامهێنەری ڕاستەقینەی ویست و داخوازییەکانی خەڵکن، کە حیزبەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکرات بەڕێوەبەریی و ئاراستەی دەکەن.

**چۆن بوو حیزبەکان بەشداریی شەڕی ئەمریکا و ئیسڕائیل دژ بە ئێرانیان نەکرد؟**

درێژە بۆ لاپەڕەی ٧




# شەڕ کۆتایی نەهاتووە، نۆرەی گەمارۆ و ئابلۆقەی گورچووبڕە



ڕەزا دانشجوو

ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی – نیزامیی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. چاوخشاندنێکی کورت بە پێشهاتەکانی چەند مانگ و ڕۆژی ڕابردوودا نیشان دەدات کە بەپێچەوانەی پڕوپاگەندە و بانگەشە بەردەوام و بێبنەماکانی ڕێژیم، ئەم گۆڕانکارییە تاکتیکییەی ئەمریکا لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، نەک هەر دەتوانێت لانیکەم لە هەلومەرجی ئێستادا لە شەڕی نیزامی کاریگەرتر بێت، بەڵکوو دەتوانێت کۆتاییهێنەری چیرۆکی کۆماری ئیسلامی لە لێواری دارماندا بێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە شەڕی چەکداری بۆ کۆماری ئیسلامی دوو دیاردەی تەواو جیاواز بووە و هەیە! تەنانەت لایەنگرانی زۆر بەپەرۆش و خەمخۆران و بەکرێگیراوە وەفادارەکانی ڕێژیم نکۆڵی لەم ڕاستییە ناکەن، یان باشتر بڵێین ناتوانن نکۆڵی لەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بکەن کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا زەبری قەرەبوونەکراوەی بەرکەوتووە. کوژران و لەنێوچوونی عەلی خامنەیی، دیکتاتۆری خوێنڕێژی ڕێژیم و دەیان فەرماندەی باڵای سەربازیی کۆماری ئیسلامی لە دوو قۆناغی شەڕدا، و لەنێوچوون و خاپووربوونی بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی سەربازی و توانای مووشەکی و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتدارانی تاران، شتێک نییە کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ بتوانن بەئاسانی چاوپۆشیی لێ بکەن!

بەڵام شانبەشانی ئەم شەپۆلە لە وێرانکاری دەبێ بگوترێت شەڕ بەبێ گوێدانە تایبەتمەندییەکانی لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتی دەتوانێت تاقمێک قازانج و بەرکەوت بۆ نیزامێکی نوقمبوو و ماوەبەسەرچووی وەک کۆماری ئیسلامی بهێنێتە ئاراوە کە دەبێت ئاماژەیان پێ بکرێت. تیشکخستنەسەر و جووڵاندنەوەی هەستی ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتدارانی تاران لە ڕاستیدا هیچ باوەڕێکیشیان پێی نەبێت، تاکتیکێکە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی مێژووی نگریسی، بەپێی بارودۆخەکە بەکاری هێناوە. شەپۆلی تازەی ئەم کایە گاڵتەجاڕییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دوای شەڕی دوانزە ڕۆژە و داواکاریی عەلی خامنەیی لە مەداحێکی ڕێژیم بۆ گوتنەوەی سروودی "ئەی ئێران" لە دانیشتنێکی بەکرێگیراوان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا. بەدرێژایی ڕووداوەکانی دوای ئەم شەڕە تا ئەمڕۆ، ماشێنی پڕوپاگەندەی ڕێژیم بەردەوام هەوڵی داوە بە تیشکخستنەسەر ئەو چەمکە نیشتمانی و ناسیۆنالیستییانە، لانیکەم بەشێک لە کۆمەڵگە بە تایبەت ئەوانەی تا ئێستا دوودڵ و بێ هەڵوێست ماونەتەوە لەگەڵ خۆیدا هاوڕێ و هاوڕا بکات.

هەروەها دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە لە چاوی زۆربەی خەڵکی ئاسایی جیهاندا، ئەمریکا و سەرکردەکانی وەک زلهێزێکی جیهانی هەرگیز خوازراو و خۆشەویست و پەسەندکراو نەبوون! لە واقیعدا ڕێژیم زۆر هەوڵی داوە خۆی وەک هێزێکی گەورەی ناوچەیی و تەنانەت جیهانی نیشان بدات کە شەڕی زلهێزێکی جیهانیی وەک ئەمریکا دەکات، تا لەم ڕێگەیەوە و لە کەشێکی سۆزداریدا بتوانێت کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانیشدا هەبێت و خۆی گەورەتر نیشان بدات.

ڕەنگە ئەمە گرنگترین هۆکاری گۆڕینی تاکتیکی ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکردەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژی کۆماری ئیسلامیدا بێت. بەپێچەوانەی شەڕ، سزا و ئابلۆقەی ئابووری نەک هەر بۆ ماوەیەکی کاتیش هیچ قازانجێک بۆ دەسەڵاتدارانی تاران نایێنێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەتوانێت چەندین قازانج و بەرکەوتەی گەورەی بۆ ئەمریکا هەبێت و ئاراستەی هاوکێشەکان بە تەواوی لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و بە زیانی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێت:

یەکەم؛ ئابووریی دارماو و لە لێواری هەڵدێری کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە لە گیانەڵڵادایە و خەریکە شەڕ لەگەڵ مەرگدا دەکات و تەنیا بە یارمەتیی ئامێری هەناسەدانە کە لە ژیاندا ماوەتەوە. ئابوورییەکی نەخۆش و نزار کە تێیدا گەندەڵیی سیستماتیک وەک خانە شێرپەنجەییەکان وایە و لە تانوپۆیدا ڕیشەی داکوتاوە، بە شێوەیەک کە هیچ نەشتەرگەرییەک ناتوانێت ڕزگاری بکات! بەدڵنیاییەوە ئەم ئابوورییە نەخۆشە توانای هیچ شۆکێکی تازەی نییە. ئەو گەمارۆ و سزایەی تا ئێستا بە پەککخستنی بەشی سەرەکیی توانای ڕێژیم لە فرۆش و هەناردەی نەوت یەخەی گرتبوو، ئێستا بە دەستپێکی شەپۆلی تازەی سزاکان، ئابلۆقەی تەواو و ڕێگری و دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوتییەکان، ڕەنگە دوا هەناسەکانی ئەم نەخۆشە نەزار و لاوازە بێت.

دووەم، دوای کوژران و لەنێوچوونی عەلی خامنەیی، کەلێن و بۆشاییەکی گەورە لە ناوەندی بڕیاردان لە تاران دروست بووە. ئەوەندە گەورە و چاوەڕواننەکراو کە تەنانەت ترامپ، سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشی هێنایە دەنگ کە بڵێت: "کەس نازانێت کێ لە تاران بڕیار دەدات!" نەبوونی درێژخایەنی موجتەبا خامنەیی لە کاتێکدا کە ئێستا تەنانەت گومانی جیدی لەسەر تەندروستیی جەستەیی ناوبراو هەیە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان لایەنە جیاوازەکانی دەسەڵات بگاتە لووتکە. بێگومان گەمارۆ و شەڕی ئابووری وەک کاتالیزۆرێک دەتوانێت ببێتە هۆی خێراییی زیاتر لە قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناو سەرکردەکانی ڕێژیم و سووتەمەنی بێت بۆ داگیرسانی هەرچی زیاتری ئەم ناکۆکییانە! لە کاتێکدا ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسداران، کۆنە فەرماندە تێرۆریستەکانی و بەشێک لە ڕەوتی بەناو بناژۆخوازەکانی ڕێژیم، هەر دانوستانێک لەگەڵ ئەمریکادا بە بێبایەخ و لەپێشدا شکستخواردوو دەزانن، بەڵام لە هەمان کاتدا نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ کاریگەرییە کوشندەکانی سزا و گەمارۆکاندا بکەن و چۆن دەتوانن ڕێژیم لەم بارودۆخە دەرباز بکەن؟ لێدوانی ئەم دواییانەی کۆنە تێرۆریستی ڕێژیم "سەبزەوار ڕەزایی میرقاعید"، سکرتێری تازەدانراوی موجتەبا خامنەیی بۆ ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی کۆماری ئیسلامی، کە تێیدا ڕوانگەیەکی تەواو جیاواز لە دەوڵەتی بووکەڵەیی و بێ دەسەڵاتی مەسعوود پزیشکیان دەخاتە ڕوو و باس لە هێرشی پێشوەختە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، تەنانەت لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات، دەرخەری قووڵایی ئەم دابەشبوونەیە لە ناوەندی بڕیاردانی ڕێژیمدا.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی باس کرا، ڕیفۆرمخوازەکان و کەسانی نزیک لە قالیباف زۆر بەپەرۆشەوە دەڕواننە ئاکامی ئەم گەمارۆ و ئابلۆقەیە و نیگەرانن لەوەی کە گەمارۆ و سزا نوێیەکان ببێتە هۆی دارمان و خاپووربوونی تەواوەتیی ئەم ئابوورییە نەخۆش و نەزارە. لێدوانەکانی ئەم دواییەی محەممەدباقر قالیباف سەبارەت بە کاریگەری و ئاکامی گەمارۆکان نیشانی دا کە جیاوازیی بیروڕاو بۆچوونی سەرکردەکانی ڕێژیم گەیشتووەتە لووتکەی خۆی.

خاڵێکی گرنگ کە نابێت لەم نێوەندەدا فەرامۆش بکرێت ئەوەیە: ئەگەر پێشتر دەستەواژەی "خۆفرۆش" و "بەکرێگیراو" لەلایەن لایەنگرە ڕادیکاڵەکانی ڕێژیمەوە تەنیا بۆ کەسانی میللی و ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم بەکاردەهێنرا، ئێستا بەشێکی سەرەکی لە کەسانی نزیک لە ڕێبەری تێداچووی کۆماری ئیسلامی -عەلی خامنەیی- یش دەگرێتەوە؛ ئەوەش نیشانەیەکی تری ڕوون و ئاشکرایە بۆ فراوانبوونی کەلێنی دەسەڵات لە لووتکەی حکوومەتدا.

سێیەم، ڕەنگە گرنگترین ئەرک و ئاکامی سزاکان بەراورد بە شەڕی سەربازی، دروستکردن و گەورەکردنەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و گەڕاندنەوەی خەڵکی ناڕازی بێت بۆ سەر شەقامەکان؛ تەنانەت چینە بێدەنگ، بێهەڵوێست و دوودڵەکانی کۆمەڵگەش. بەپێچەوانەی سەردەمی شەڕ، ئێستا هەر پاساوێک بۆ هۆکاری ئەم بارودۆخە نالەبارە ئابوورییەی کە ڕۆژ بە ڕۆژیش خراپتر دەبێت، لەلای کۆمەڵانی خەڵک قبووڵنەکراو و نەگونجاوە! ئەگەر تا دوێنێ لە کەشێکی کاتیی سۆزداریدا کە بەهۆی شەڕەوە دروستبوو، دەکرا بە ئاسانی کێشە و قەیرانە ئابوورییەکان پشتگوێ بخرێن، ئێستا کۆمەڵگە حکوومەت بە تاکە هۆکاری خراپتربوونی بارودۆخی ئابووری دەزانێت. ئەمە ڕەنگە خاڵی هەرە لاواز و کۆتاییهێنەری ژیانی نەگریسی کۆماری ئیسلامی بێت! ڕاگەیەندراوەکەی ئەم دواییەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسداران، کە تێیدا بەئاشکرا باس لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و گەڕانەوەی شۆڕشگێڕان بۆ سەر شەقامەکان دەکات، دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێندرێت.

خاڵی کۆتایی و گرنگی تر کە نابێت لەبیرمان بچێت ئەوەیە کە ئەم سزا و ئابلۆقە و گەمارۆیانە لە دۆخێکدا بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێندرێن کە هێشتا شەڕ بەفەرمی کۆتایی نەهاتووە و ئەگەری ڕوودان و دەستپێکردنەوەی لە هەمیشە زیاترە! واتە وەک سەرۆکی ئەمریکا ترامپ دەڵێت: لە ئێستادا هیچ دانوستانێک لە ئارادا نییە؛ ئەمەش مانای ئەوەیە کە سێبەری شەڕ هێشتا زاڵە و تەواو نەبووە! بە واتایەکی سادە؛ شەڕی سەربازی نەک کۆتایی نەهاتووە، بەڵکوو لە پەراوێزیدا شەڕی ئابووریش دەستی پێ کردووە!

ئەگەری هەموو شتێک هەیە! ڕەوتی ڕووداوەکان دەتوانێت بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو خێرا و پێشبینینەکراو بێت. گردبوونەوە و خۆپێشاندانێکی سادە لە هەر شوێنێکی ئەم وڵاتە بێزاربووە لە ستەم، گەندەڵی و نادادپەروەری؛ ناڕەزایەتی دەربڕین بۆ هەر هۆکارێک؛ چەند دروشمێک و هەڵگیرسان و گڕگرتنی ساڵانێکی ڕق و کینە و دەنگی خەفەکراوی ناو قوڕگ و گەروو: بڵێسەدان و تەقینەوەی ئاگری ژێر خۆڵەمێش!

تەسلیمبوون یان کۆتاییی کۆماری ئیسلامی؟ کێ دەرهێنەری سیکانسی کۆتاییی ئەم شانۆ نگریسەیە؟ سەرۆک کۆماری ئەمریکا یان شۆڕشگێڕانی شەقام؟

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران:

## به یەکگرتوویی سیاسی و ئامادەکاریی مەیدانی لە گۆڕانکارییەکاندا مافەکانمان مسۆگەر دەکەین



**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە ڕۆژی ٣ی خەرمانان بەڕێوە چوو، هەڵسەنگاندنی گشتگیری بۆ دۆخی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و هەروەها هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە کرد و تیشکی خستە سەر گۆڕانکارییە هەستیارەکان، قەیرانەکانی سیستمی سیاسیی ئێران و ئەو پەرەسەندنە خێرایانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن و تێیدا هەڵوێست و ڕوانگەی خۆی لەبارەی دۆخەکە دەستنیشان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەوەکرایەوە سەرەڕای ئەوەی کە شەڕ و پێکدادانەکان، کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ستراتێژی و بازرگانیەکان و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکان لە ناوچەکەدا ڕەهەندێکی مێژوویيان هەیە، بەڵام دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران لە قۆناغێکی وەرچەرخانی یەکلاکەرەوەدایە و سیستمی حوکمڕانی لە ئێران لە قەیرانێکی قووڵ و بێچارەسەردا دەژی کە ناتوانێت خۆی لە لێکەوتەکانی دەرباز بکات. هەروەها ئاماژە بەوە کرا حکوومەتی ئێران جگە لە شەڕ ڕووبەڕووی سزا و گەمارۆی قورسی ئابووریی و گوشاری فرەچەشن بووە کە بەرەو لێواری دارمان یان لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر ناوچە جیاوازەکانی دەبات.

لەبەرانبەر ئەم دۆخە و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانەشدا، جەخت لەسەر پێویستیی ئامادەکاریی هەمەلایەنەی مەیدانی، سیاسی و دیپلۆماسی دەکەین و پێمانوایە بزووتنەوەی دیموکراتیک و ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نابێت لەم قۆناغەدا تەنها ڕۆڵی چاودێری هەبێت، بەڵکو پێویستە بە پلانی تۆکمە و ستراتێژییەکی ڕوونەوە ئامادەی هەر پەرەسەندنێک بێت. پێداگری لەوەش دەکەین سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد بەستراوە بە هاوسەنگییەکی دروست لەنێوان ڕەهەندە نەتەوەییەکان، کە بریتییە لە پاراستنی مافە ڕەواکان وبە دەستەبەرکردنی شوناسی نەتەوەیی و مافی بڕیاردان لە چارەنووسو ئیرادەی نەتەوەیی کورد لە ئێرانی داهاتوو لەگەڵ ئازادییەکانی ژنان، پرسی دیموکراسی، داخوازییە مەدەنییەکان و بەها پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگە.

وەک هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جەخت لەوە دەکەینەوە کە هێزەکان و لایەنە سیاسییەکان پێویستە بۆچوون و توانای حیزبی بخەنە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان و هەماهەنگییەکانیان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا بەهێزتر بکەن. لەم پێناوەشدا، پێویستە لە بواری سەربازی، ئەمنی، ڕێکخستنی و دیپلۆماسییەوە هەنگاوی هاوبەش بنرێت و هەوڵەکانی هاوپەیمانی خێرا ببنەوە و دیالۆگ و لۆبیکردن لەگەڵ ناوەندە بڕیاربەدەستە نێونەتەوەییەکان و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسیخواز لە ئێران بەڕێوە بچێت. لەم پێناوەشدا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان بە ئامادەکردنی دۆسیەی تایبەت لەسەر تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و دۆخی کوردستان و پێشکەشکردنی بە ناوەندە نێودەوڵەتی و پێوەندیدارەکان، هەروەها بە پێشوازی هاوبەش لە ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی «ژینا – ژن، ژیان، ئازادی» هەنگاو بەرەو بەهێزترکردنی پێگەی یەکگرتووی خۆی دەنێت.

لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا، هەموو لایەنەکان بە کۆدەنگی جەختیان لەسەر پێویستیی بەردەوامبوون و سووربوون لەسەر هەوڵەکان بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی زیاتری هاوپەیمانی کردەوە. ئەمەش نەک تەنها وەک پێویستییەک بۆ پتەوکردنی یەکگرتوویی لەنێوان لایەنەکاندا، بەڵکو بە مەبەستی خزمەتکردنی هەرچی باشتر بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی ئازاد و دیموکراتیک بۆ داهاتوو دێتە ئاراوە.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦**

## هەڵبژێرانی نوێنەری حیزبی دێموکرات بە جێگری سەرۆکی گشتیی UNPO




سەرلە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٨ی خەرمانانی ١٤٠٥ و لە دووەمین ڕۆژی کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکاندا (UNPO)سۆفیا ئەمینی، نوێنەری کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە دەنگدانی ئەندامانی کۆبوونەوەی گشتی وەک جێگری سەرۆکی گشتی هەڵبژێردرا. هەیئەتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی UNPO ڕایگەیاند کە ئەم پۆستە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی بەشداریی کورد لە دامـەزراوە و پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکاندایە؛ چونکە بوونی کوردێک لە پۆستێکی بەرزی UNPO دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی دەنگی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە کۆبوونەوە و گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت.

سۆفیا ئەمینی، جێگری سەرۆکی گشتی لە لێدوانێکدا بۆ "کوردستان" ڕایگەیاند ئەم هەڵبژاردنە دەسکەوتی بەشداری و کار و خەباتی نوێنەرایەتیی کوردستانی ئێران لەنێو UNPO و هەوڵەکانی بۆ گەیاندنی دەنگ و داواکارییەکانی گەلی کورد و گەلانی تری ژێردەست بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

ڕۆژی شەممە ٧ی خـەرمـانـانـی ١٤٠٥ بیستویەکەمین کۆنگرەی ڕێـکـخـراوی نـەتـەوە بێدەوڵەتەکان "UNPO" بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامستردامی پێتەختی هۆلەند بەڕێوە چوو.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کۆنگرەیەدا لەسەر دۆخـی کـورد و بێمافی و ئەو زوڵـم و ستەمانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە سەریدا سـەپـاوە، بڕیارنامەیەکی پێشکەش کـرد. لـەو کۆنگرەیەدا سۆفیا ئەمینی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی باسێکی لەسەر دۆخی مافی مـرۆڤ و دۆخـی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ئاماژەی بەوە دا کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٦ـەوە هەتا ١ی ئاگۆستی ٢٠٢٦، حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن زیاتر لە ٤٢٣ هێرشیان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە کراوەتە سەر و ئەم هێرشانە بوونەتە هۆی شەهیدکردنی لانیکەم ٢٠ کەس و برینداربوونی زیاتر لە ٧٥ کەس.

جێـی بـاسـە ڕێـکـخـراوی UNPO لـە دووەمـیـن ڕۆژی کۆنگرەکەیدا، بڕیارنامەیەکی تایبەت بە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ و مافە نەتەوەییەکان لە کوردستانی ئێران و ڕۆژاوای بەلووچستان پەسەند کرد. بڕیارنامەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکـاتـەوە نـەتـەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، لـەوانـە کـورد، بەلووچ، عەرەبی ئەهواز، تورکی ئازەربایجانی و تورکمانی، بـەردەوام بـەرەوڕووی جیاکاریی سیستماتیک، سەرکوتکردن و سنووردارکردنی مافە بنەڕەتییە مرۆیی، مەدەنی، سیاسی، کولتووری و نەتەوەییەکان دەبنەوە.

کۆنگرەی UNPO لە بڕیارنامەکەیدا پێنج خاڵی سەرەکیی پەسـەند کردووە:

١) پشتگیریی بـەردەوام و بێمەرجی خـۆی بۆ کوردانی کوردستانی ئێران، بەلووچەکانی ڕۆژاوای بەلووچستان و هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دووپات کـردەوە؛ بە تایبەتی لەپێناو مافی دیاریکردنی چارەنووس، دێموکراسی، ئازادی، یەکسانی، کەرامەتی مرۆڤ و تەواوی مافە نەتەوەیی، کەلتووری، مەدەنی و سیاسییەکان.

٢) ئێعدامکردنی خۆپیشاندەران و زیندانییانی سیاسی و چالاکانی مافەکانی مرۆڤی بە توندی مەحکووم کرد و داوای وەستاندنی دەستبەجێی ئێعدامەکان و گۆڕینی هەموو حوکمەکانی ئێعدام کرد کە بەهۆی چالاکیی سیاسی، خۆپیشاندانی ئاشتییانە یان بەکارهێنانی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانەوە دەرچوون.

٣) داوای کۆتاییهێنان بە مێلیتاریزەکردنی ناوچە مەدەنییەکان لە کوردستانی ئێران و وەستاندنی بەکارهێنانی نەخۆشخانە، قوتابخانە، مـزگـەوت و شوێنە مەدەنییەکان بۆ مەبەستی سەربازی کرد.

٤) بانگهێشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی مافەکانی مرۆڤ کرد بۆ لێکۆڵینەوەی خێرا لە پێشێلکارییە ڕاپۆرتکراوەکان، دابینکردنی بەرپرسیارێتی و دامەزراندنی مێکانیزمی کاریگەر بۆ چاودێری و بەڵگەنامەکردنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان، بەلووچستان و ناوچە نافارسەکانی دیکەی ئێران.

٥) هێرشە سنووربەزێنەکان بەتوندی مەحکووم کرد و داوای وەستاندنی دەستبەجێی ئەو هێرشانە، ڕێزگرتن لە سەروەریی خاکی عـێـراق و پاراستنی مەدەنییەکان، پـەنـابـەران و ئەو کەسانەی کرد کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەبێ بپارێزرێن.

# لە مێژوو و میراتەوە بۆ پڕۆژەی داهاتوو؛ (حیزبی دێموکرات و نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردەواری)



عەلی بداغی



لـە پـێـنـاسـەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆرجـار ئـەم دەربڕینـە بەکار هاتووە کە حیزبی دێموکرات حیزبی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم دەربڕینە تەنها ڕیزکردنی کۆمەڵێک وشـە یـان دروشـمێکی ناسنامەیی نییە؛ لە پشت ئەم پێناسەیەدا مێژوویەکی ٨١ ساڵە هەیە کە تێیدا حیزب، بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغ و گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا پێکەوە گەشەیان کردووە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی ئەم مێژووە ئەوەیە کە لە هەندێک قۆناغدا سێ نەوە لە چوار نەوەی تێکۆشەرانی حیزب، لە یەک کاتدا و لە یەک سەنگەری هاوبەشدا، خەباتیان کردووە. ئەمە تەنها نیشانەی درێژایی تەمەن و بەردەوامیی حیزب نییە؛ بەڵکوو نیشانەی جۆرێک لە گواستنەوەی ئەزموون، بیر، بەها، ناسنامە و ئەخلاقی سیاسییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەم ٨١ ساڵ خەبات و تێکۆشان و ئەو مێژووە دووردرێژ و خوێناوییە چ کاریگەرییەکی لەسەر نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و لە بەرامبەر گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگە، شێوازی بیرکردنەوە و ئاستی داخواز و چاوەڕوانییەکانی نەوەی نوێدا، حیزبی دێموکرات چ میتۆدێکی نوێی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێت بگرێتەبەر؟ ئەم دوو پرسیارە بەیەکەوە پەیوەستن. چونکە ئەگەر مێژوو تەنها بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو بێت، دەبێتە مۆزەخانە؛ بەڵام ئەگەر ببێتە سەرچاوەی فێربوون و بەرهەمهێنانی بیر و ستراتیژی، ئەوا دەبێتە سەرمایەیەکی زیندووی داهاتووساز.

### کاریگەریی مێژووی خەبات لەسەر نەوەی نوێ

شک لـەوەدا نییە نـەوەی نوێی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان، بە خوێندنەوەی مێژووی بزووتنەوەی کورد، دەزانێت کە خەباتی کورد لە ڕۆژهـەڵات تەنها زنجیرەیەک لە ڕووداو و ڕاپەڕین و هەڵمەتی پێشمەرگانە و کار و چالاکیی حیزبی نەبووە. بـەڵکوو ئـەم خـەباتـە بەشێکە لـە پرۆسەیەکی درێژخایەنی دروستکردن و پاراستنی خودی سیاسی و نـەتـەوەیـی کۆمـەڵگـەی کـورد. لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە تا قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و بەرگریی پێشمەرگانە، و لە خەباتی سیاسی و مەدەنیی ئەمڕۆدا، ئەم بزووتنەوەیە بە نرخێکی زۆر گران بـەردەوام بووە.

ئەو نرخە تەنیا بە گیان و خوێنی تێکۆشەران نـەدراوە؛ ساڵانێک زیندانی، ئاوارەیی، سەرکوت، دابڕان، لەدەستدانی هەلی ژیان و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەش بەشێکی دیکەی ئەم تێچووە بووە. بۆیە، مێژووی حیزبی دێموکرات لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکەڵە. ئەم حیزبە تەنها ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە لەگەڵ کۆمەڵگە کار بکات؛ بەڵکوو لە زۆر قۆناغدا خۆی بەشێک بووە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە. لە هەمان کاتدا، پێویستە مێژوو لە پێوەندییەکی دروستدا بخوێندرێتەوە. مێژوو نابێت ببێتە شوێنی نیشتەجێبوونی سیاسی. نەوەی نوێ دەبێت ڕابردوو بناسێت، لێی فێربێت، لە هەڵەکان فێر ببێت، سەرکەوتنەکان هەڵبسەنگێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە ڕابردووەوە نەبەستێتەوە. واتە میراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتە بەهادارە کە بتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی زیاتر.

نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەمان کاتدا کە لە جیهانێکی زۆر جیاواز لە جیهانی نەوەکانی پێش خـۆی دەژیـت، بەشێک لە بەها و بیرکردنەوەکانی خـۆی لـە مـێـژووی خەبات وەرگـرتـووە. ئەم مێژووە لە نـەوەی نوێدا چەند سەرمایەیەکی گرنگی دروست کردووە: پێویستیی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، وشیاریی سیاسی، ورەی بەرخودان، متمانە بە توانای خۆ، هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و بـاوەڕ بـەوەی کـە مـاف بەبێ خـەبـات بـەدەسـت نـایـەت. بـەڵام نەوەی نوێ ئەم بەهایانە بە شێوەیەکی جیاواز دەخوێنێتەوە. ئەگەر نەوەکانی پێشوو لە زۆر قۆناغدا خەباتیان هەر لە چوارچێوەی ڕێکخستن، پێشمەرگایەتی، چەک، مەیدان و ڕێکخراوی سیاسیدا دەدیـت، نـەوەی نـوێ هـەمـان ئامانج بـە چاوێکی فراوانتر دەبینێت.

ئەم نەوەیە دەزانێت هێزی نەتەوە تەنها لە هێزی ڕەق و توانای چەکداری پێک نایەت. هێزی سیاسیی نەتەوە لە کۆی چەندین جۆری تواناداپێک دێت: زانست، خوێندن، توانای ئابووری، میدیا، زانیاری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، توانای دروستکردنی ڕیوایەت و گێڕانەوە، دیپلۆماسی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، توانای بەشداریی مەدەنی و توانای دروستکردنی هاوپەیمانی. ئەم گۆڕانکارییە لە تێگەیشتن لە هێز، یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی نەوەی نوێ.

### شاخ و پێشمەرگە، شار و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان

جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکە تێیدا سنووری نێوان هێزی ڕەق و هێزی نەرم ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە. ئەو کۆمەڵگەیەی بتوانێت بیر و ڕیوایەت و زانیاریی خۆی بەرهەم بهێنێت و بیگوازێتەوە، دەتوانێت کاریگەریی سیاسیی لـە ئـاسـتـی نـێـوخـۆیـی و نـێـودەوڵـەتـیدا دروست بکات. نەوەی نوێی کورد لەم گۆڕانکارییە تێگەیشتووە. بۆیە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو نەوەیە تەنها ئامرازی پەیوەندی و کات بەسەربردن نییە؛ بەڵکوو بۆشاییەکی نوێیە بۆ دروستکردنی وشیاری، بەرهەمهێنانی ڕیوایەت، بەرگریی ناسنامە، ڕێکخستنی خۆبەخشانە و گەیاندنی دەنگی کۆمەڵگە بە دەرەوە.

ئەمە زۆر گرینگە کە لـە تـاراوگـە و دیاسپۆرا بەکارهێنانی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاری ڕێکخراوەیی و کەمپینەکان و چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکان، بەشێکە لەو هەوڵەی کە دەیەوێت پرسی کورد لە چوارچێوەیەکی نێوخۆییەوە بباتە ئاستی نێودەوڵەتی. هـاوکـات لە نێوخۆی کوردستانیش، چالاکییە مەدەنییەکان، ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، چالاکییەکانی پاراستنی زمان و ناسنامە، و فێرگە و پڕۆژە کۆمەڵایەتییەکان، هەموویان بەشێکن لە شەڕێکی فراوانتر بۆ پاراستنی بوونی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کورد. ئەمە جۆرێکی نوێی خەباتە؛ خەباتێک کە سەنگەرەکانی تەنا شاخ نین و لە شارەکان سەر وەدەر دەنێن؛ لە قوتابخانە، زانکۆ، میدیا، کتێبخانە، ئەنجومەن، تۆڕە کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو شوێنانی کە تێیدا بیر و ناسنامە و ئیرادەی کۆمەڵگە دروست دەکرێت.

### نەوەی نوێ و حیزبی دێموکرات؛ لە پەیوەندیی مێژووییەوە بۆ پەیوەندییەکی نوێ

نـەوەی نـوێ بـەرامـبـەر بـە مـێـژووی خـەبـات و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد ئەمەگناسە و ئەو حیزبە لە بیر و ویژدانی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەدا بە سەرمایەیەکی سیاسی و مێژوویی ناسراوە. بەڵام لێرەدا پێویستە جیاوازییەکی گرنگ ببینین: ڕێزگرتن لە مێژوو بە مانای دووبارەکردنەوەی شێوازی خەباتی ڕابردوو نییە.

نەوەی نوێ لە هەمان کاتدا کە شانازی بە مێژووی حیزبی دێموکراتەوە دەکات، بەڵام پرسیاری نوێشی هەیە. ئەو دەیەوێت بزانێت حیزب چۆن لە مێژووی خۆیەوە بۆ داهاتوو دەڕوانێت؛ چۆن لەگەڵ جیهانی گـۆڕاو مامەڵە دەکـات؛ چـۆن تـوانـای نـەوەی نوێ دەخـاتـە نێو پـرۆسـەی بـڕیـاردان و بەرهەمهێنانی ستراتیژی؛ و چۆن لە ڕێکخراوێکی بەئەزموونەوە دەبێتە دامەزراوەیەکی سیاسیی توانابەخش. ئەمەش دەکرێت یەکێک بێت لە گرنگترین ئاڵنگارییەکانی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی داهاتوودا.

حیزب لە مێژووی خۆیدا زۆرجـار ناچار بووە ڕۆڵی ڕێکخەر، ڕێبەر و بڕیاردەر بگێڕێت. ئەمەش لـە قۆناغە مێژووییەکانی خـۆیـدا هـۆکـاری خـۆی هەبووە. بەڵام کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، بە تایبەتی نەوەی نوێ، پێویستی بە شێوازێکی دیکەی پەیوەندی لەگەڵ حیزب هەیە. واتە دەبێت ڕۆڵی حیزب لە "ڕێکخەر"ەوە بۆ "توانابەخش" بگۆڕدرێ. حیزب نابێ لە هەموو شتێکدا هەر خۆی ببێتە چەقی بڕیار، بەڵکوو دەبێ ببێتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی. نـەوەی نوێ پێویستی بە ئازادیی بیرکردنەوە، خۆڕێکخستن، داهێنان، ئەزموونکردن و فێربوون لە هەڵەکردن هەیە و ئەگەر هەموو شتێک لە چوارچێوەیەکی توندوتۆڵی ڕێکخراوەییەدا کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا بەشێک لە توانای داهێنانی ئەم نەوەیە دەکوژرێت. بۆیە، حیزبی دێموکرات دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ نەوەی نوێدا لە "ئەوان بۆ حیزب چی دەکـەن؟"ەوە بگۆڕێت بۆ "حیزب چ بەستێنێک بۆ ئەوان دروست دەکات؟"

### مێژووی حیزب؛ قوتابخانەیەک بۆ نەوەی نوێ

حیزبی دێموکرات سەرمایەیەکی زۆر گەورەی ئەزموونی لەسەر یەک هەڵچنیوە. ئەم ئەزموونە دەتوانێت بۆ نـەوەی نـوێ پاشخانێکی سیاسیی دەوڵەمەند بێت. نەوەی نوێ دەتوانێت لە مێژووی حـیـزبـدا ڕێـکـخـسـتـن، مـتـمـانـە، بـەرپـرسـیـارێـتـی، قوربانیدان، پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە، دیپلۆماسی، دروستکردنی هاوپەیمانی، مامەڵەکردن لەگەڵ قەیران، هەڵسەنگاندنی هەڵە و سەرکەوتن فێر بێت. بـەڵام ئـەم فێربوونە بۆ پەرستنی ڕابـردوو نییە. نەوەی نوێ دەبێت مێژوو بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئەوانەی پێش ئەو چۆنیان خەبات کردووە؛ بەڵام دەبێت ئەو مێژووە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بزانێت خۆی چۆن دەبێت درێژە بەو خەباتە بدات. واتە نـەوەی نوێ شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەی سیاسیشە و ئەوەی پێویستیشە دروست بکرێت مرۆڤی سیاسیی نوێی کوردە.

ئەرکی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر نەوەی نوێدا تەنیا هەر بانگەوازکردن بۆ بەشداری نییە؛ ئەرکی سەرەکیتر ئەوەیە سیستەمێکی نوێی بەرهەمهێنانی کادر، بیر و توانای سیاسی دابمەزرێنێت. حیزب دەبێت زیاتر گرنگی بە پـەروەردەی سیاسی، خـوێـنـدنـەوە، تـوێـژیـنـەوە، دیـبـەیـت، فێرکاریی میدیایی، توانای دیپلۆماسی، زمـان، ئابووری، یاسا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و شیکردنەوەی ستراتیژی بـدات. حیزبێکی مۆدێرن نابێت تەنیا هەر کادری ڕێکخراوەیی بەرهەم بهێنێت؛ دەبێت توانای بیرکردنەوە بەرهەم بهێنێت. حیزب دەبێت لەنێو نـەوەی نوێدا ژینگەیەک دروست بکات کە تێیدا لاوەکان بتوانن پرسیار بکەن، ڕەخنە بگرن، پێشنیار بدەن، لەگەڵ بیرۆکەی جیاوازدا دیالۆگیان هەبێت و لە هەمان کاتدا فێری بەرپرسیارێتیی سیاسییش ببن. چونکە حیزبی بەهێز ئەو حیزبە نییە هەموو ئەندامەکانی بە یەک شێوە بیر بکەنەوە؛ حیزبی بەهێز ئەوەیە بتوانێت جیاوازیی بیرکردنەوە بگۆڕێت بۆ هێزی بیر و ستراتیژی.

### دواجار؛ سەنگەرە جیاوازەکانی خەبات

لە مێژووی خەباتی کـورددا سەنگەر زۆرجار شوێنی مـانـەوە و بـەرگـری بـووە، بـەڵام ئەمڕۆ سەنگەرەکان زۆر بوون.

سەنگەری ئەمڕۆ دەتوانێت زانکۆ، کتێبخانە، تۆڕی کۆمەڵایەتی، میدیا، کۆمپانیا و دامەزراوەی ئـابـووری، ئەنجومەنی مـەدەنـی و بـواری هونەر و ئەدەبیات یان بوارەکانی یاسا و مافی مرۆڤ بێت، دیپلۆماسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بێت. ئەمە بە مانای کەمکردنەوەی گرنگیی سەنگەرە کۆنەکان نییە؛ بەڵکوو بە مانای فراوانکردنی چەمکی سەنگەرە.

ئەگەر لە سەدەی ڕابردوودا پێشمەرگە بەشێک بووە لە پاراستنی خاک و خەبات بۆ ئازادی، ئەمڕۆ خوێندکار، مامۆستا، نووسەر، توێژەر، ژینگەپارێز، ڕۆژنـامـەنـووس، چـالاکـی مـەدەنـی، پیشەساز، دیپلۆمات و بەرهەمهێنەری ناوەڕۆکیش دەتوانن بەشێک بن لە هێزی سیاسی و نەتەوەیی کورد.

کوردستان
ژمارە ٩٢٦
١٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٦

# ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانە، وەک تاکەڕێگەی مانەوەی کورد لە ئێرانی دواڕۆژدا



هەیاس کاردۆ



ئێران بە حەشیمەتی زیاتر لە نەوەد میلیۆن کەس و سەرزەوییەکی پانوبەرینەوە، ژینگەی کۆمەڵێک نەتەوەی جۆراوجۆر بە دین و ئایینی جیاوازەوەیە. هەڵکردنی کۆی ئەو خەڵکە جیاوازە لەژێر دەسەڵاتی خۆسەپێن، سەرەڕۆ و تۆتالیتاردا، بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، نەهامەتیی زۆری بۆ گشت خەڵکی ئەم وڵاتە بەدواوە بووە. ئەگەر خەباتی هاوبەشی کۆی حەشیمەتی ئێران بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری ئاڵقەیەکی پێوەندیی دەنێو ئەو خەڵکەدا ساز کردووە کە بتوانن خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، بەداخەوە ئەوە هەموو ڕاستییەکان دەر ناخا. شۆڕبوونەوە بە نێو پێچوخەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری، ئایینی و بە تایبەت نەتەوایەتییەکاندا، دەربڕی ئەو ڕاستییە تاڵەیە کە لە پەنا یەک ژیانی کۆی ئەو خەڵکە بە ماف و ئازادیی بەرابەرەوە، دوورە دیمەنێکی هێندە ساف و بێگەرد نییە.

یەک لە گرفتە هەرە سەرەکی و نەگۆڕەکانی هەتا ئێستای پێکەوەژیانی بەئاشتییانەی خەڵکانی ئێران، نەبوونی تەرازووی عەداڵەت بۆ هاوسەنگیی دەسەڵات و دابەشکردنی سامانی گشتیی وڵاتە. لەو چوارچێوەیەدا لایەنێک هەمیشە پشکی شێری پێ بڕاوە و ئەوانی دیکە وەپشت گوێ خراون. گەلی کورد لەو لایەنانەیە دایمە زوڵمی چەند قاتی لێ کراوە و قەت وەک بەشێک لە پێکهێنەرانی ئەسڵیی چوارچێوەی ئەو وڵاتە سەیری نەکراوە. هەرچەند کورد ناوی هەیە و تەنانەت زۆرجار بە "وڵاتپارێزانی بەغیرەت" یان "سنووردارانی شەرکەر" باسی کراوە، کەچی هیچکات وەک نەتەوە، یان گەلێکی خاوەن ناسنامەی تایبەت، بە ژمار نەهاتووە. لە ڕاستییدا ئەوە گرفتێک نییە بە ڕۆیشتنی حکوومەتێک و هاتنی یەکی دیکە چارەسەر بکرێ. ئەوە کێشەی ڕوانگە و باوەڕ و فەلسەفەی وجوودیی ئێرانیگەری بە دروشمی، یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک ئاڵایە.

هەرچەند دوای هاتنەسەرکاری سیستمی کۆماری ئیسلامی و تەشەنەکردنی ئیدەی شیعەگەری و زەقکردنەوەی دروشمی سەیروسەمەرەی وەک یەکگرتوویی ئوممەتی ئیسلامی، وا دەهاتە بەرچاو کە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی دەسەڵاتدار لاواز بووە، بەڵام ڕەوتی زەمان دەری خست شتەکە بە پێچەوانەیە. واتە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە چەکی مەزهەب بۆ قایمکردنی هەستی شوینیستی و ڕاگرتنی نیزامی تەک نەتەوەیی کەڵکی وەرگرت و چاکیشی بەکار هێنا. لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، ئەو ڕاستییە بە جوانی دەرکەوت کە سەدان هەزار کەس دەبێ بە دروشمی مەزهەبییەوە خۆیان فیدا بکەن هەتا خاکی ئێرانی تەک نەتەوە بپارێزرێ. دوای کۆتاییهاتنی شەڕ و هەتا ئەم چرکە ساتەش چەکی مەزهەب تەنیا دەخزمەت پاراستنی "تەواویەتی ئەرزی" و ڕاگرتنی باڵانسی دەسەڵات بە قازانجی نەتەوەی فەرمانڕەوا بووە.

هاوکات دەگەڵ پەرەگرتنی هەستی شوینیستی دەنێو تەیفە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتدا، بیری مەزنیخوازیی نەتەوەی دەسەڵاتدار دەنێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامییشدا پەرەی گرتووە. ئێستا جگە لە پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشووی ئێران کە خۆیان بە میراتگری تەک نەتەوەیی ئەم وڵاتە دەزانن، ئەو بیرە دەنێو خەڵکانی دیکەشدا چەکەرەی کردووە. دوای هێرشە هەواییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا کە بە شەڕی دوازدە ڕۆژە ناسراوە و بە تایبەت لە دوای شەڕی سی و نۆ ڕۆژە، هەستی ئێرانیگەریی نەتەوەی دەسەڵاتدار زیاتر پەرەی گرتووە. هێژموونیخوازیی نەتەوەی باڵادەست بە جێگایەک گەیشتووە کە بەئاشکرا و زۆر زیاتر لە پێشوو دژایەتیی مافی غەیرە فارس دەکرێ. لەو پێوەندییەدا تەنانەت کار گەیوەتە جێگایەک هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک هەڵوێستی مافخوازانەی گەلانی دیکە دەخەنە ژێر پرسیار و لە دادگای بێویژدانیی خۆیاندا حوکمی بۆ دەبڕنەوە.

جێی پرسیارە لە بەرامبەر ئەو هەموو هەڕەشە و سووکایەتییەدا کە بە خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد دەکرێ و داوا ڕەواکانی دەخرێتە ژێر پرسیار، باشترین و گونجاوترین ڕێگای بەرەبەرەکانێی ئێمەی کورد دەبێ چی بێ؟ چ بکەین کە بتوانین قەناعەت بە نەتەوەی فەرمانڕەوا بێنین هەتا ئێمەش وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی ئەم وڵاتە بناسێ؟ چۆن دەتوانین لە بەرامبەر ئەو هەموو گوشارە فیزیکی و ڕەوەانییەدا خۆ ڕاگرین و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆمان بپارێزین؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکەی لەو شێوەیە دەبێ دایمە مێشکی تاک تاکی خەباتکارانی کورد بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەن و هەوڵ بدرێ وەڵامی دروستیان بۆ بدۆزرێتەوە.

ڕوونە، خەباتی نەتەوەیی ئێمە هیچکات تاک ڕەهەند نەبووە و لە داهاتووشدا نابێ. هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران، دانیشتن و هاوفکری دەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرە سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت هەوڵی دانوستان و لێکتێگەیشتن دەگەڵ دەسەڵاتی فەرمانڕەواش لەو ڕێگایانەن کە پێشتر کەڵکیان لێ وەرگیراوە و لە داهاتووشدا پێویستە کەڵکیان لێ وەرگیرێ. پێکهێنانی کۆڕبەندی و هاوپەیمانیی دەگەڵ هەموو ئەولایەنانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕاستیی مەسەلەی کورد دەگەن و دەیانەوێ ڕێگاچارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، دیسان لەو ئەرکانەیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەبێ بە جیدیی وەدووی کەوێ. نەرمی نواندن دەبەرامبەر ئەوانەدا کە خوازیاری چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای دروستی خۆیەوەن، کارێکی بەجێ و مەنتیقییە. پشوودرێژی و بەردەوامیی لە دۆزینەوەی ڕێگای چارەی گونجاو بۆ پێکەوەژیانی عادڵانە دەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، لەو ئەرکانەیە کە نابێ وەپشت گوێ بخرێ.

ئەوانە و زۆر هەوڵی دیکە بۆ پاراستنی پێکەوەژیانی ئاسایی دەگەڵ خەڵکی ئێران. وەک زەروورەتی کاری سیاسی دەبێ سەیر بکرێن. بەڵام شتێکی کە لە هیچ هەلومەرجێکدا و لەژێر باری هیچ هەڕەشە و زەختێکدا نابێ لە بیر بکرێ، پاراستنی هەستی نەتەوەیی و تەنانەت بەهێزکردنیشێتی. تەنیا بە هێزی پۆڵایینی ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانەیە دەتوانین بچینە نێو هەر گەمەیەکی کە قەرارە بۆ داڕشتنی چوارچێوەی داهاتووی ئێران وەڕێ بخرێ. هاوکات لە بەرامبەر شوینیزمی دەسەڵاتداردا، تەنیا ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکارە کە توانای خۆڕاگری و بەردەوامیی هەیە. بێگومان هەر پاشەکشەیەک لەو پێوەندییەدا، دەبێتە یەکەم نیشانەکانی تێکڕووخانی دیواری قایمی ناسنامەی کوردی کە لانیکەم لە دووسەت ساڵی ڕابوردوودا شکڵی گرتووە. چووکترین هەڵە و کەمتەرخەمی لەو بوارەدا ڕێگای گەڕانەوەمان لێ دەگرێ. وامان لێ دەکا هەنگاو بە هەنگاو خۆمان چووک و چووکتر بکەینەوە هەتا وای لێ دێ بە کەمترین داواش قەناعەت بێنین.

ئەوەی نەتەوەی باڵادەست دەیەوێ ئەوەیە ناچارمان بکا سەری کڕنۆش بۆ ویستی ئەو دانەوێنین و لە ویستە سەرەکییەکانی خۆمان پاشەکشە بکەین. ڕاوەستان و پێداگریی لەسەر مافە نەتەوەییەکان، هیچکات بە مانای شەڕخوازی نییە، وەک چۆن ڕەگەزپەرستەکان دەیانەوێ وای نیشان بدەن. کورد ناچارە بۆ پاراستنی خۆی بەرگری بکا و ئەگەر ناچار بکرێ، شەڕیشی بۆ بکا؛ بەڵام دەبێ بزانن ئەوە ئێمە نین مافی ئەوان پێشێل دەکەین.

ئەوانەی بە ناوی یەکپارچەیی وڵات و مەترسیی ساز بوونی شەڕی نێوخۆیی هەر ڕۆژەی بە جۆرێک بیانوو بە ڕێبەرانی سیاسیی کورد دەگرن کە سوێندی وەفادارییان بۆ بخۆن، مەبەستیان تێکشکاندنی ئەو ئیرادە بەهێزە نەتەوەییەیە کە بە درێژایی ساڵانی پڕ لە خەبات و قوربانیدان دروست بووە. ئەوان باش لەوە دەگەن بە بوونی ئیرادەی پۆڵایینی خەباتی نەوەتەوەیی، توانای داسەپاندنی ویستەکانی خۆیانیان بە سەر گەلەکەماندا نابێ. تەنیا کاتێک دەتوانن پاشکەشەمان پێ بکەن کە درز بخەنە دیواری ناسنامەمان و لە بەر چاوانی سووک بکەن.

لە فەزای کەس بە کەسەی ئێستای ئێراندا کە هەم لایەنی دسەڵاتدار و هەم دژبەرانی خەریکن ڕقی لاوازیی خۆیان بە کورد بڕێژن، ئەرکی ئێمەیە بە وشیاریی و لێهاتوویی زیاترەوە پیلانەکانیان پەک بخەین. بەخۆشییەوە وشیاریی نەتەوەیی ئێمە گەیوتە حاندێک مووسی سپی لە سەر بەفر ببینین. هەمووومان دەزانین چیمان دەوێ و بۆچیمان دەوێ. لەوەش ئاگادارین ڕۆڵی کورد لە دروستکردنی ئێرانی داهاتوودا چ گرینگییەکی هەیە. هەر بۆیە پێداگریی لەسەر مافە نەتەوەییەکان و ملنەدان بە ویستی دوژمنکارانەی نەیارانی مافەکانمان، تەنیا ڕێگای ڕاگرتنی ناسنامەی کوردبوونمانە؛ هەروەها ناسییۆنالیزمی بەرهەڵستکار، کاریگەرترین چەک بۆ پاشەکشەی شوینیزمی مەزنیخوازە.

درێژەی...

## کورد چی دەوێ؟

... حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیشتوون و بە هەستیارییەکی زۆرەوە سەیری ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن؛ ئامادە نین بەبێ خوێندنەوە و لێکدانەوەی تەواو دەستپێشخەری یان هەنگاو بنێن. کاتێک شەڕی دوازدە ڕۆژە و بەتایبەت چل ڕۆژە هاتە ئاراوە، دەرکەوت:

یەکەم، ئەو شەڕە شەڕێکی ئاسمانی بوو، حیزبی کوردییش ناتوانێت لە شەڕی وادا ڕۆڵی هەبێت. دووهەم، ئەو شەڕە بەتەنیا لە کوردستاندا نەبوو تا ئەگەر بەناچارییش بێت کوردی ڕۆژهەڵات تێوەبگلێت. سێیەم، ئەوانەی لایەنێکی شەڕەکە بوون -بەتایبەتی ئەمریکا- لەو بارەیەوە هیچ پرس و ڕایەکیان بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکردبوو و پاشان لە هەمووی گرنگتر ئامانجی ئەو شەڕە بوو. بە بڕوای من، ئامانجی ئەو شەڕە گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو؛ هەر وەک چەندین جار بەرپرسانی پایەبەرزی ئەمریکا ئەوەیان ڕاگەیاندبوو و لە یاداشتی "لێکتێگەیشتن"ی حکومەتی ئەمریکا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوە بە ڕوونی دەبینرێت. بەڵام ئامانجی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی دێموکراتیک و فیدراڵییە؛ ئەمەش خاڵی جەوهەریی جیاوازیی ئەو شەڕەیە لە ئامانجدا. جیا لەوەش، جیاوازی لە تاکتیکی جۆری شەڕەکەدا هەیە؛ شەڕی ئەمریکا شەڕی درۆن، مووشەک و بۆمب بوو، بۆیە لەگەڵ تاکتیکی شەڕی پێشمەرگەدا زۆر جیاوازە.

جیاواز لە سەرجەم ئەو هۆکارانە ژیان و چارەنووسی خەڵکانی ئێران لە ئێستادا بەیەکەوە بەستراوەتەوە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەبێ بەیەکەوە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جێگیرکردنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و فیدراڵ لە وڵاتدا بکەن.

**ئەگەر بوودجەیەک بۆ بزاوتە مەدەنی و کولتوورییەکان لە کوردستان تەرخان بکرێ، چ کاریگەرییەکی لەسەر پڕکردنەوەی کەلێنەکانی نێوان خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتدا دەبێت؟**

من لام وابێت پیاوانی ڕێژیم خۆیان وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانن کە کردوویانە. ئەوە ئەرک و وەزیفەی ڕێژیمە بۆ هەموو کار و پێویستییەکان بودجە تەرخان بکات. ئەوە هیچ باشە و چاکەیەک نییە کە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا دەیکەن، بەڵکوو ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە دەبووا ڕێژیم لە چل و حەوت ساڵی ڕابردوودا بەبێ هەڵاواردنی کوردستان بیکردبا. جا بۆیە خەڵکی کوردستان هیچ بایەخێک بۆ ئەو پرسیارە دانانێن و حسابی لەسەر ناکەن، بۆ؟ چونکی دەزانن ڕێژیم درۆ دەکات و لە کوردستاندا هیچ بودجەیەک بۆ کاری مەدەنی، کولتووری و کۆمەڵایەتی تەرخان ناکات. دوایەش هەمووان دەزانین لە ئێستادا ڕێژیم گیرۆدەی گەورەترین قەیرانی داراییە و پارەی ئەوەندەی نییە هەتا پێداویستییە سەرەکییەکانی پێ دابین بکات، چ بگات بەوەی بتوانێت پارە بۆ کاری مەدەنی ئەویش لە کوردستان تەرخان بکات. بۆیەشە خەڵکی کوردستان هیچ ئومێدێک بە قەول و بەڵێنی ڕێژیم نابەستن و پشتئەستوور بە هێز و توانای خۆیان هەنگاو بەرەوپێشێ دەبڕن.

**پرسیاری شەشەمی نێردراوانی ڕێژیم ئەوە بووە: خەڵکی کوردستان تا چ ڕادەیەک بەشداریی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی خامنەیی دەبن؟**

ئەوکات کە ئەو شاندە هاتوونەتە کوردستان، ڕێژیم پاش شەش مانگ هێشتا تەرمی خامنەیی بەسەر دەستیدا مابۆوە. بەڵام ئەوان کولتووری کورد دەناسن و دەزانن کورد ڕێزی بۆ مردوو هەیە، بەتایبەتی ئەگەر کەسێکی شەریف بێت و شەڕەگێز نەبێت، تەنانەت ئەگەر نەشیناسن.

پیاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە پێگەی خۆیان و ڕێبەرەکەیان باش دەناسن و دەزانن چەندە بێ قەدر و قیمەتە، بۆیە لە بەشدارینەکردنی خەڵکی کوردستان زۆر زۆر نیگەران بوون. ئەوان سەرەڕای ئەو شەڕە قورسەی بەسەریاندا سەپاوە، زیاتر نیگەرانی ڕاپەڕینی خەڵکن و پێوەندیدار بە کۆبوونەوەی جەماوەری لە کوردستان بە هەستیارییەوە لەو بابەتەیان دەڕوانی.

ئەوان دەزانن کە کورد بە مەیلی خۆی لەو پرسەدا بەشداری ناکات، و ئەگەر چەند دە کەسێکیش بەشداری بکەن، تەنانەت ئەوانیش بە ئیرادەی خۆیان بەشداری ناکەن، بەڵکوو بە فشار و زۆریی پیاوانی ڕێژیم و بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆیانە. لام وابێت زۆر کەس ئەو کورتە ڤیدیۆیەی دیوە، کە لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا کۆمەڵێک کەسایەتیی ئێرانی دەبەن بۆ بینینی شا؛ هەموویان بە جۆرێکی تایبەت دەستی شای ئەوکات ماچ دەکەن، بەڵام کوردێکی ئازا و جوامێر بە جلوبەرگی کوردییەوە زۆر جوامێرانە لە بەرامبەر شا دەردەکەوێت و بەوپەڕی سەربەرزییەوە بێ ئەوەی بچەمێتەوە، کاتێک شا دەستی بۆ دەبات هەتا ئەو ماچی بکات، پێچەوانەی چاوەڕوانیی هەموو بەشداربووانی ئەو کۆڕە و خودی شاش، کوردەکە تەنیا تەوقەی لەگەڵدا دەکات و دەستی ماچ ناکات، هەرچەند دڵنیا بووە لەوەی بەو ڕەفتارە جوامێرانەیە مەترسی لەسەر سەر و ماڵی دروست دەبێت! ئەمن زانیاریم لەسەر چارەنووسی ئەو کوردە ئازا و بەغیرەتە نییە، بەڵام بیستوومە بەداخەوە لەسەر ئەو جوامێرییە سەری داناوە و لەسێدارەش دراوە. بەڵێ، دوژمنانی گەلی کورد، کورد باش دەناسن، بۆیە ئەو پرسیار و نیگەرانییەیان بۆ دروست ببوو.

# چەمکی ئەخلاق لە یارساندا،
# بەراورد بە تێڕوانینی ئەخلاقی فەیلەسووف و بیرمەندانی جیهان



سارۆ خوسرەوی



شارەزایان و توێژەرانی بواری بەها مرۆییەکان، ئەخلاق یان ڕەوشت بە کۆمەڵێک بنەما، بەها و پێوەری فکری و کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەن کە دوو دیاردەی "چاکە و خراپە" لە یەکتر جیا دەکاتەوە و شێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا ڕێک دەخات. پێوەرەکانی ئەخلاق دەکرێت بەپێی فەرهەنگ، سەردەم و شوێن تا ڕادەیەک گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

تێگەیشتنی یارسان بۆ ئەخلاق، وەک تێگەیشتنی زۆرێک لە فەیلەسووف و بیرمەندانی دنیا، خۆی لە چەمکەکانی بەرپرسیارێتی، ئازادی، دادپەروەری و بێدادیدا دەبینێتەوە. لە یارساندا، ئەخلاق بنەمایەکی سەرەکی و چەقی باوەڕدارییە. لە دەقەکانی یاریدا، مرۆڤایەتی، پاکی، ڕاستگۆیی و ئازارنەدانی ئەوانی تر پێش هەموو شتێک دێت. پایە سەرەکییەکانی ئەخلاق لە یارساندا، خۆی لە چوار وشەی وەک: (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا)دا دەبینێتەوە. لە باوەڕی یارساندا، ڕەچاوکردنی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، بۆ ئەوەیە بەبێ جیاوازیی ئایین، نەتەوە و ڕەگەز، ڕێز لە مرۆڤەکان بگیرێت. ڕاستی و دروستی، پاکژی دڵ و دەروون و زمان بۆ ئەوەیە پابەندی ڕێچکەی ڕاست بێت و بە دوور بێت لە دیاردەگەلی وەک: درۆ و فێڵ، وتەی ناشیرین، کینە و لەخۆبایی کە دەبێتە هۆی ئازاردانی مرۆڤەکان و تەنانەت گیاندارانیش. ئەخلاق، نەزمی فکری و چەمکی سەرەکیی ڕوانگەی یارسانە. لە ڕوانگەی زانایانی یارسانەوە، هەرکەسێک خۆی بە پێڕەوی یاری بزانێت، پێویستە لەش و دەروون و دەست و دڵی پاکژ بێت. ئەم بیرۆکەیە پەیوەندی بە فەرهەنگی کۆمەڵگە و ئاستی زانایی و تێگەیشتنی مرۆڤەوە هەیە. هەربۆیە یارسان خۆی دەبەستێت بە چەمکی ئەخلاقەوە و لەسەر ئەو بنەمایە خۆی پێناسە دەکات. وەک ئەوەی کە لە چەند بەندێک کەلامدا پێداگریی لەسەر بنەما ئەخلاقییەکان دەکات و دەڵێت:

**"یاری چوار چێوەن باوەڕیش وەجا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا"**

یان لە کەلامێکی دیکەدا کە ئاراستەی کۆمەڵگەی یارسان کراوە، هاتووە:
**یارسان وەڕا، یارسان وەڕا**
**ڕای حەق ڕاسییەن، بڕانان وەڕا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا**
**قەدەم وەقەدەم تا وە مەنزڵگا**

وەک گوتمان، چەمک و جەوهەری ئەخلاق لە یارساندا، بە چوار وشەی وەک: (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا) دەست پێ دەکات و کۆمەڵگە لەسەر ئەم بنەما ئەخلاقییانە بە بنەما دەگرێت. بۆ تێگەیشتن لە ڕوانگەی ئەخلاقی یارسان، پێویستە پشت بە دەقەکانی کەلام ببەستین. بە پێویستی دەزانم لە پێشدا ئاماژەیک بە چوار وشەی (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا) بکەم و دواتر بپەڕژێمە سەر چەند دەقێکی کەلام لە یارساندا کە لە ڕووی واتا و نێوەڕۆکەوە ئاماژە بە چەمکی ئەخلاق دەکەن.

**پاکی:** واتە پاککردنەوەی دەروون و دەرەوە لە پیسی و خراپە و دوورکەوتنەوە لە هەر جۆرە پیسییەکی ماددی و مەعنەوی. سوڵتان سەهاک، پاکژی لە چوارچێوەی زانایی و ئاستی تێگەیشتووی مرۆڤەکاندا پێناسە دەکات و لە کەلامێکدا پیر بنامین وەک ئەندازەیارێکی زانا بە سەرچاوەی پاکژی دەزانێت و دەڵێ:

**پاکی پاکبازی، پاک ئالایی**
**بنای بناگر دانای دنیایی**

ئەم جۆرە لە تێڕوانینی سوڵتان سەهاک بۆ ئەخلاق، پەیوەندییەکی زۆر نزیکی هەیە لەگەڵ بیرۆکەی سۆقرات کە پێی وایە ئەخلاق لە «زانین و زانست»ەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر مرۆڤ ئاگاداری چاکە بێت هەرگیز خراپە ناکات و نەزانی هۆکاری سەرەکیی هەموو خراپەیەکە.

**ڕاستی:** واتە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، دروستیی پیشەکردن، دووریکردن لە فرتوفێڵ لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵ و پابەندبوون بە ڕاستییەوە. یارسان پێی وایە، هەموو مرۆڤێک دەبێ ڕاستبێژ و دروستکردار بێت. سوڵتان سەهاک لەم بارەوە دەڵێ:

**زاتمەن سەروەرە، زاتمەن سەروەرە**
**سوڵتان سەهاکم زاتمەن سەروەرە**
**مەدەرێ مراز گردین نامەوەر**
**هەرکە وەڕابۆ ماوەریش نەوەر**

سوڵتان لەم کەلامەدا، بەراوردکردنی داخوازیی مرۆڤەکان دەبەستێتەوە بەوەی کە مرۆڤ دەبێت لە کرداری ڕۆژانەی خۆیدا، ڕاستی بکاتە پیشەی ژیان و دادپەروەر بێت. لای "ئەفلاتوون"یش بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەخلاق پەیوەستە بە دادپەروەری و هاوسەنگی نێوان ئاوەز و ئارەزوو. ئەو پێی وایە مرۆڤی بە ئەخلاق ئەو کەسەیە ئاوەزی زاڵ بێت بەسەر ئارەزووەکانیدا.

**نیستی:** واتە خاکەڕایی، خۆنەویستی، کوشتنی پەسنی خۆپەسەندی، خۆبەزلزانی و ملهوڕی لە خۆتدا. چەمکی نیستی لە خوێندنەوەی یارساندا، قەبووڵکردن و گەیشتنە بەو مەرجانەی کە مرۆڤی خاوەن کردار لە ژیاندا هەوڵیان بۆ دەدات، بەبێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی خۆی بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد، قوربانیشی بۆ بدات. بەو پێیە جێبەجێکردنی ئەرک و ئەرکانی یاری، پەیوەستە بە ئازایەتیی مرۆڤەوە، بەڵام لە مەسەلەی ئازایەتیدا گەرەکە هاوسەنگی لەنێوان بوێری و ترسنۆکیدا لەبەر چاو بگیرێت. لە یاریدا، تۆ کاتێک دەتوانیت بە مەبەستی خۆت بگەیت، خاکەڕایی بکەیتە پیشە و خۆت دوور بگریت لە دیاردەی خۆبەزلزانی و ملهوڕی.

سوڵتان سەهاک دەڵێ:

**پیرە وە نیستی، پیرە وە نیستی**
**بزانە ڕای حەق ئەرکان و نیستی**

ئەرەستوو لەم بارەوە چەمکی ئەخلاق دەبەستێتەوە بە هەڵسوکەوتی باش و خراپی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا و بۆچوونی وایە لە مەسەلەی ئازایەتیدا پێویستە جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان ترسنۆکی و بێباکیدا هەبێت.

ئیمانوێل کانت کە خاوەن فەلسەفەی «ئەخلاقی ئەرک»ە، باوەڕی وایە، کردەوەی مرۆڤ تەنیا لەبەر خاتری ئەرک و ویژدان دەبێت ئەنجام بدرێت، نەک لەبەر بەرژەوەندی یان ترس لە سزا. لای کانت، ئەخلاق لەسەر بنەمای عەقڵ دامەزراوە و کردەی ئەخلاقی تەنیا کردارێکە کە لە دەرەوەی ئەرک ئەنجام دەدرێت و لەسەر بنەمای فەرمانی ڕەها دامەزراوە. ئەم بۆچوونەی کانت لەوە دەچێ نزیک بێت لە ڕوانگەی مرۆڤ دۆستی یارسان کە پێیی وایە مرۆڤ ئەگەر لەبەر ترس کردەوەکی خراپی هەبوو، پێویستە لەباتی سزادان پەروەردە ببینێت.

لە یارساندا، کردەوەی مرۆڤەکان گرینگ و بنەوایییە. ئەم چەمکە بە جۆرێک پێناسەی بۆ کراوە کە تۆ وەک جووتیارێک هەرچی بکاڵیت، بەرهەمی ڕەنجت هەر ئەوە دەبێت کە هەوڵت بۆ داوە.

**پیر بنیامین لەم بارەوە دەڵێ:**
**کردار کشتەن هەرچی مەکاڵی**
**پەری وێتتان فەردا وەرماڵی**

**ڕەدا (ڕێدا):** واتە لێبوردەیی، بەخشندەیی، یارمەتیدانی کەسانی تر، قوربانیدان، خزمەتکردنی ڕاستگۆیانە، فیداکاری و بەرگەگرتنی سەختییەکانی ژیان. لە ئایینی یاریدا، بەخشینی مرۆڤەکان، بە واتای ئاشتەوایی، لەسەرخۆبوون، چاوپۆشی و هاودەردی دێت کە جەوهەری ئەم بیرۆکە گرینگ و پڕبایەخە خۆی لە چەمکی (ڕەدا) دا دەبینێتەوە. بەڵام ڕەداباری پێویستی بە مامۆستا و پەروەردەیە و هەموو کەسێک ناتوانێت خۆی لەم بوارە بدات.

سوڵتان سەهاک دەڵێ:

**ڕای ڕەداباری چێشەندی ڕسووم**
**ئۆسا و شاگردی پاسا مەۆ مەرقووم**

لەم دوو بەندە کەلامەی سوڵتاندا، دیسان زاست و پەروەردە وەک سەرچاوەی ئەخلاق لە قەڵەم دراوە. واتە تۆ دەبێت لە ڕووی زانستییەوە تاقیکردنەوەت کردبێت، بۆ ئەوەی فێری بەخشین و لەسەرەخۆیی بیت. ئەم جۆرە لە تێڕوانینی یارسان بۆ ئەخلاق کە باس لە پێگەیاندنی مرۆڤەکان دەکات، ڕەنگە زۆر دوور نەبێت لەو ڕوانگە فەلسەفییەی فرێدریک نیچە کە ڕەخنە لە ئەخلاقی باو دەگرێت و پێی وایە ئەخلاقی کۆیلەکانە کە مرۆڤ لاواز دەکات. هەربۆیە لە بانگەشەی بۆ ئەخلاق باس لە جۆرێک لە پێگەیاندن و تێگەیشتنی مرۆڤ دەکات کە لەودا هێز، ئیرادە و سەرکەوتن بە بنەمای چاکە دەزانێت.

لە یارسان و ئایینی بوودادا بۆچوونی هاوبەش هەیە لەسەر چەمکی ئەخلاق. ئەخلاق لە ئایینی بوودا لەسەر بنەمای خۆشەویستی و لێبوردەیی و کەمکردنەوەی سزا دامەزراوە. لە ئایینی بوودا پێنج بنەمای گرنگ هەیە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت: دوورکەوتنەوە لە کوشتن، دزی، ڕەفتاری نەشیاو، درۆ و قسەی خراپ و ماددەی هۆشبەر. جگە لە مادده هۆشبەرەکان، یارسان بۆچوونی هاوشێوەی هەیە لەسەر چوار بنەماکەی دیکەی بوودا. ئامانجی سەرەکی بوودا لەم پێنج بنەمایە، گەیشتنە بە هۆشیاریی باڵا (نیرڤانا) و دوورکەوتنەوە لە کردارە خراپەکان بەهۆی یاسای کارما (واتە هەر کردارێک کاردانەوەی خۆی دەبێت). نیرڤانا چەمکێکی ئاینی و فەلسەفییە، بە واتای ئاسوودەیی و ئارامییەکی تەواو دێت کە مرۆڤ تێیدا لە خەم، ئازار، و سووڕی ژیان و مردن (سەمسارا) ڕزگاری دەبێت.

چەمکی ئەخلاق لای فەیلەسووف و بیرمەندان، بەپێی قوتابخانە فەلسەفی و ئایینییەکان دەگۆڕێت، ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا بریتییە لە زانینی چۆنیەتیی ژیانێکی دروست و دیاریکردنی هێڵی نێوان چاکە و خراپە. خاڵی هاوبەش لە نێوان یارسان و بیرمەندانی ئەورووپایی بۆ ئەخلاق ئەوەیە، کە هەردووک لایان پێیان وایە سەرچاوەی کار و کردەوەی چاک گرێدراوی هاوسەنگیی هێزە لە دەروون و ئاوەزدا. ئەندێشەی مرۆڤدۆستی، ئازادیخوازی، نکۆڵیکردن لە داسەپاندنی دەسەڵات، پرسیارکردن، گەڕان بە دوای حەقیقەت، دادپەروەری و پابەندبوون بە یاسای مرۆڤ، خاڵگەلی گرینگ و پڕبایەخن لە ستوونی ئەرکانی یاری و باوەڕی یارساندا. هەر بۆیە تەیموور بانیارانی دەڵێ:

**یاران مەر ئەوسا تەیموور دڵشاد بوو**
**ئازادی مەخلووق دادڕەسی داد بوو**

یارسان لە ڕوانگەی ئەخلاقیی خۆیدا، بە چاکە وەڵامی خراپە دەداتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم کردارە ڕات دێنێت و ئامادەت دەکات بۆ ئەوەی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ کرداری خراپدا بکەیت، بە جۆرێک کە ئینسانییەت بکەیت بە پیشە و لە دواییدا بە چاکە وەڵامی خراپە و بە ئەوین و خۆشەویستییەوە وەڵامی چاکە بدەیتەوە. ڕەنگە بە خوێنەوەی ئەم کەلامە، باشتر لە واتای مرۆڤدۆستی یارسان تێبگەین کە دەڵێ:

**دووسی دەس شەرت داشان چەنی هەم**
**مەبوو چوین گیجەنگ، قاپی بوو موحکەم**
**ئەر ڕۆژێ سەد جار دەس بنەی پێوە**
**دووبارە بەیۆ وە جاگەی وێوە**

ئەم کەلامە ئەوەمان بۆ دەردەخات خۆشەویستی و ڕاستگۆیی لە دڵەوە سەر هەڵدەدات و تەنیا بە دڵێکی پاک و دوور لە قین کێشەکان چارەسەر دەکرێن. بەم شێوەیە درەختی خۆشەویستی و سۆز لە دڵەکاندا ڕەگ دادەکوتێت و تەنیا بە هاوسۆزی و تێگەیشتن لەیەکتری دەتوانین لە ڕاستی نزیک ببینەوە. لەبەر ئەوەی ئەخلاق وەک یاسایەک لە یارساندا بنەمای ئەرکێکی مرۆییە کە بەرپرسیارێتی بەرانبەر مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە دروست دەکات. لە چەندین کەلامەی خوارەوەدا، زانایان یارسان باس لە سیفەتە باش و خراپەکان دەکەن، جەخت لەسەر سیفەتە باشەکان دەکەنەوە و سیفەتە خراپەکان لە مرۆڤ و کۆمەڵگە دوور دەخەنەوە.

شێخ ئەمیر لە چەند بەند کەلامدا دەڵێ:

**ئەو مەواچۆ دەرد تۆ باچە گیان**
**پەرێ تۆ سوودە پەرێ ئەو زیان**
**. . .**
**ئەر ئایین وێت وە خاس مەزانی**
**وە ئایین کەس بەد نمەوانی**
**. . .**
**هەرکەس دەس و دڵ چەنەش یار نییەن**
**لە دوکان یار خەوەردار نییەن**
**. . .**
**یاری جەننەتە ئازار نەدارۆ**
**کەسێ وە کەسێ کارێ نەدارۆ**
**. . .**
**مێردێ ئازادە ڕاگەش بەرد ئەو سەر**
**مێردی نائازاد وە یاری ئەو وەدەر**
**. . .**
**ڕاگەی حەقیقەت نییەن وە میراس**
**حەق وە کەسێوەن ئەرکانش بۆ ڕاس**
**ڕاگەی حەقیقەت کەجبازی نییەن**
**حەق وە کەجبازی هیچ ڕازی نییەن**
**ڕاگەی حەقیقەت شیشەبەنییەن**
**نە جای گەزافەن نە جای مەنییەن**
**...**
**ڕا هەر ڕاسییەن، ڕا هەر ڕاسییەن**
**ڕا هەر یەکێوەن ئەویش ڕاسییەن**

**پیر حەسەن خوراسانی دەڵێ:**
**دەس و دڵی وێت بکەرە شەرە**
**هەر کارێ بەدە ئانە مەکەرە**

نەورۆز سۆرانی دەڵێ:
**هەرکەس دوژمنن هانە شکەستم**
**من وە ڕاهنما ڕاگەش مەوەستم**

کەسێک کە دڵی تژی بێت لە حەقیقەت و پاکی، هەمیشە لە دەوری بازنەی خۆشەویستی دەسوڕێتەوە. بۆیە لە دەربڕینی هەر خاڵێکدا هەنگاوی یەکەم تێگەیشتنە لە مانا و پاراستنی ڕێز. یارسان وەک ئەرکێکی ئەخلاقی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە و دەڵێ:

**هەی یار گیانی، هەی یار گیانی**
**ئەز وە فەدات بام ئەی دۆس گیانی**
**یاری مروەتا وە میهرەبانی**
**وە سیقە و قوروان وە گیانای گیانی**

هەوڵدان بۆ پاوانخوازی و توندوتیژی لە ڕوانگەی یارساندا جێگەی خۆی نییە و دەسەڵاتی تاکەکەسیش جێگا خۆی دەداتە بیرۆکەگەلی وەک، ئازادی بیرکردنەوە، بیرۆکەی باش، ڕاوێژ و گفتوگۆ.

لەم پێوەندییەدا سوڵتان سەهاک دەڵێ:
**بە کەلام نەرم کەن سەری ئاسنینێ**
**بۆ میتان بێژن وەکو یاسینی**

یان پیر ڕۆستەم لەم بارەوە دەڵێ:
**یاری و کەلام جای گفتوگووەن**
**وەشا پا کەسە وە یاریش خووەن**

چەمکی ئەخلاق لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ئایینی و فەلسەفی خۆیدا، لە یارسان و لای زۆرێک لە بیرمەندانی ئەم بوارە، بریتییە لە ڕێکخستنی پرسە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە.

بنەمای تێڕوانینی یارسان ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتی کە لە شێوەی خۆناسین و مەعریفەدا خۆی دەردەخات و لەو سۆنگەیەوە چەمکی ئەخلاق پێناسە دەکات. ئەم بنەمایە تەنیا لە ژیانی تاکەکانی یارساندا ڕەچاو ناکرێن، بەڵکوو دەبێ لە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا لەبەر چاو بگیرێت، چونکە ئایینی یاری جۆرێکە لە تێڕوانینی فکری و فەلسەفی بۆ واقیعی ژیان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

**سەرچاوەکان:**

– سرنجام، رونوشت، پژوهش و نوشته، طیب طاهری، چاپخانه، آراس، اربیل
– تاریخ و فلسفه سرنجام، نوشته، طیب طاهری، چاپخانه، خانه موکریانی، هەولێر
– دفتر شیخ امیر، رونوشت سید امرالله شاەابراهیمی
– دفتر نوروز سورانی، رونوشت سید فریدون دانشور
– مبانی فلسفه اخلاق، رابرت ال هولمز، ترجمه، مسعود علیا
– اخلاق اسلامی، مبانی و مفاهیم، محمد داودی

# كوردستان لە قەفەزەوە بۆ کارت



ئازاد مستۆفی




لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، یەکێک لە بەناوبانگترین دەربڕینە سیاسییەکان ئەوە بووە کە "دوژمنی سەرەکیی کوردستان جوگرافیاکەیەتی". مەبەست لەم دەربڕینە ئەوە بووە کە کوردستان لە نێوان چوار وڵات دابەش کراوە و ئەم دابەشکردنە، کوردەکانی لە هەر بەشێکدا کردووەتە کەمینەیەک لە نێو دەوڵەتێکیتر کە خاوەنی مافە مرۆییەکانیشی نییە. لە سەدەی بیستەمدا، ئەم دۆخە وەک کۆسپێکی گەورە بۆ پرۆژەی نەتەوەیی کورد دەوری گێڕا و سنووری داگیرکەران چالاکیی نەتەوەیی کوردیان پارچەپارچە کرد. دەوڵەتەکان پرسی کوردیان لای وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکان بە "کێشەی نێوخۆیی" ناساند و سیاسەتی نێودەوڵەتیش بەپێی بەرژەوەندی خۆی گوێی لێ خەواندبوو بەڵام ئەم وێنەیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

جوگرافیا نەگۆڕاوە بەڵکوو مانای سیاسی و ستراتیژیی جوگرافیا گۆڕاوە. ئەگەر لە ڕابردوودا دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی داگیرکەردا بە مانای پەراوێزخستن و لاوازکردنی کورد بوو، لە دۆخی نوێی ناوچەکەدا هەمان دابەشبوون دەتوانێت کوردستان بکاتە شوێنێکی پەیوەندی لە نێوان چوار ژینگەی ژێئۆپۆلیتیکی جیاواز. بەم پێیە، پرسیاری سەرەکی ئەمەیە ئایا ئەو جوگرافیایەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ بە کۆسپێک بۆ کوردستان دادەنرا، ئێستە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی نفووز و کارتێکی فشار لەسەر دەوڵەتەکانی دەوروبەری؟ جوگرافیای کوردستان بە تەنیا کارتێکی براوە نییە بەڵکوو کاتێک لەگەڵ وشیاریی نەتەوەیی، دامەزراوەسازی، توانای سیاسی، پەیوەندیی نێودەوڵەتی و گۆڕانی هاوسەنگیی هێزەکان کۆدەبێتەوە، دەگۆڕێت بۆ کاپیتاڵی ژێئۆپۆلیتیکی. بۆ تێگەیشتن لەم گۆڕانکارییە، پێویستە سەرەتا لە جیاوازیی نێوان جوگرافیای سیاسی و ژێئۆپۆلیتیک تێبگەین. جوگرافیا دەپرسێت کوردستان لە کوێیە بەڵام ژێئۆپۆلیتیک پرسیاری ئەوە دەکات کە بوونی کوردستان لەو شوێنە بۆ هێزە سیاسییەکان چی مانایەکی هەیە؟

هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان لە ناوچەیەکی ئاساییدا نەبووە و نییە. لە نێوان ئۆرووپا و ئاسیا، قەفقاز و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەریای نێوەڕاست و کەنداو و لە نێوان تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە شوێنێکی ستراتیژیکی هەیە. ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا بووەتە هۆی ترسی دەوڵەتەکان، لە سەدەی بیستویەکەمدا دەتوانێت ببێتە هۆی گرنگیی کوردستان. بە واتایەکیتر هەمان جوگرافیا دەتوانێت دوو مانای جیاوازی هەبێت بەپێی ئەوەی کێ توانای بەکارهێنانی سیاسی و ستراتیژیی ئەو جوگرافیایەی هەیە و ئێستە باردوودۆخی ناوچەکە و پلانی زلهێزان بۆ ئەو داگیرکەرانە چۆنە. لە ڕابردوودا داگیرکەران توانای ئەوەیان هەبوو کە سنوورەکان بەکاربێنن بۆ جیاکردنەوەی خاکی کوردستان لەیەکتر بەڵام ئێستە هەمان سنووری هەمیشەیی ناتوانن ڕۆڵی پێشوو بگێڕن. هۆکاریش زۆرن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە هەتا پەنابەریی و هێزی دیاسپۆرا، میدیا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یەکدەستنەبوونی جاران و لاوازبوونی دەوڵەتە ناوەندییەکان و زیادبوونی ڕۆڵی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. هەروەها لە هەندێک قۆناغدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان توانایان هەبووە کە لە سنوورە نێودەوڵەتییەکان تێپەڕن و کاریگەرییەکی ناوچەیی دروست بکەن یاخود بۆ نموونە لە تەنگپێهەڵچنینێکدا کە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان ڕووی دا، باشووری کوردستان ڕۆڵی کارای دیپلۆماسی خۆی گێڕا و کاریگەرییەکەشی بەئاشکرا دیترا و بێگومان ئەمە شێوەیەکی نوێی بەزاندنی سنووری نێودەوڵەتی لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە پێشان دەدا.

### سنووری سیاسی، نەتەوە دابەش ناکات

لە سەدەی بیستەمدا، کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەنێو سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەدا پەراوێز خرا و سنوورەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەتایبەتی سیستەمی نوێی ناوچەکە، کوردستانیان کردە ناوچەیەکی نێوان چەند دەوڵەتی داگیرکەر. ئەم دۆخە سێ کاریگەریی سەرەکیی هەبوو: کۆکردنەوەی تواناکانی کورد قورس بوو. هەر بزووتنەوەیەکی کورد دەتوانرا وەک کێشەی نێوخۆیی دەوڵەتی داگیرکەر وەربگیرێت. هەروەها دەوڵەتانی داگیرکەر توانیان لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ یەکتر، پرسی کورد وەک کارتێکی دژ بە یەکتر بەکار بهێنن بەڵام هەموویان لە کۆتاییدا بۆ سەرکوتکردن و قەتڵوعامی کورد هاوڕا بوون. دیارە ئەم سیستەمە یەک شتی گرنگی لەبیر کرد و هەتا ئێستەشی لەگەڵدا بێ دەستەوەستان ماوە، ئەویش ئەوە بوو کە نەتەوە ناتوانرێت تەنها بە سنوورە سیاسییەکان لەنێو ببرێت. جوگرافیای کوردستان لەنێو نەچوو، وشیاریی نەتەوەیی کورد گەشەی کرد. قوتابی و خوێندکاری کورد هەرچی زیاتر ئاستی خوێندەوارییان چووە سەرێ پتر ڕوویان لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد کرد. زمان و کولتوور لەنێو نەچوون و لە زۆر قۆناغدا، فشار و سەرکوتکردنمان تەنانەت هۆکاری بەهێزبوونی ناسنامەی نەتەوەییمانە. بەدرێژایی سەدەی بیستەم، سەرکوتکردن و سیاسەتی نکۆڵیکردن لە ناسنامەی کورد، بەشێوەیەکی پێچەوانە یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە و هەیە چونکە جوگرافیا لەگەڵ مێژوو و شوناس پێکەوە گرێ درابوون.

ئەگەر بمانەوێ بەڵگەیەکی ماددی بۆ گۆڕانی مانای جوگرافیای کوردستان بدۆزینەوە، باشترین نموونە "حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق"ە. لە ١٩٩١ەوە و پاشان بە دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵیی عێراق و دەستووری ٢٠٠٥، کورد لە عێراق لە قۆناغی "نەتەوەی بێ دەوڵەت"ەوە چووەتە قۆناغی "هەرێمێکی دەستووری"، و ئەم جیاوازییە زۆر گرنگە. "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" دامەزراوەی هەیە، پەرلەمانی هەیە، کابینەی وەزیرانی هەیە، هێزی ئەمنییەتیی هەیە و پەیوەندی سیاسی و ئابووریی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و ئەمەریکا و ئۆرووپا و چین و کۆرەی باشوور و ژاپۆن هەیە. واتە باشووری عێراق لە ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکەدا بووەتە کاراکتەرێکی نێوان دەوڵەت و نادەوڵەت و لەڕاستیشدا ئەم جوگرافیایە چیتر تەنها شوێنی نێوان ئێران و عێراق و تورکیا نییە بەڵکوو هەرێمی کوردستان خۆی بووەتە فاکتەری ژێئۆپۆلیتیکی و ئەمە گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەیە.

جێی ئاماژەیە جوگرافیا خۆی کارت نییە، توانای بەکارهێنانی جوگرافیا کارت دروست دەکات. ئەگەر باشووری کوردستان تووشی گرفتی نێوخۆیی بێ، ئەگەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرە و تاران تەنها لەسەر بنەمای پێویستیی ئابووریی و سەربازیی بن، ئەگەر یەکگرتوویی ستراتیژیی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا نەبێت، ئەوە هەمان جوگرافیا دەتوانێت بۆی ببێتە خاڵی لاوازیی بەڵام ئەگەر دامەزراوەسازی، یەکڕیزیی سیاسی و دیپلۆماسی کارا لەئارادا بن، هەمان جوگرافیا دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی نفووز.

– دەربارەی ڕۆژئاوای کوردستان، لە ساڵانی جەنگی نێوخۆیی سووریەدا، کورد توانی ناوچەیەکی بەرفراوان بەڕێوەبەرن و ببنە یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی جەنگی دژ بە داعش. ئەم ئەزموونە گرنگییەکی ژێئۆپۆلیتیکی هەبوو و بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخدا، کورد لە سووریە تەنها داواکاریی ناسنامەیی نەبوو، ئەزموونی حوکمڕانی و ئەمنییەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتیی بەدەست هێنا. لە ئێستاشدا ئەگەرچی پرۆژەی سیاسیی کورد لە سووریە لە ڕووی دەسەڵاتی خاکەوە تووشی شکستی گەورە بووە، بەڵام بوونی کورد و داواکارییە سیاسییەکانی کردووەتە بەشێک لە پرسیارە سەرەکییەکانی داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی سووریە. لە کاتێکدا کە دیمەشق دەیەوێت دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست بکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانێت کوردەکان لە سیستەمی نوێدا جێگیر بکات؟ ئەمە خۆی گۆڕانکارییەکی ژێئۆپۆلیتیکییە. کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دۆخی نوێدا لە نێوان سێ هێزی سەرەکیدان تورکیا، حکوومەتی دیمەشق و ئەمریکا. هەر یەکێک لەمانە پێویستییەکی جیاوازی هەیە. تورکیا نایەوێت هێزێکی کوردیی بەهێز لە سنووری خۆیدا دروست ببێت. دیمەشق نایەوێت دەسەڵاتی ناوەندی لاواز بێت. ئەمریکاش پێویستی بە هێزێکی نێوخۆیی هەیە کە بتوانێت لە دژی داعش و بونیاتگەرایی ئیسلامی بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ناوچەیی بەکاربهێنرێت. لە نێوان ئەم سێ پێویستییەدا ئەگەر ڕۆژئاوای کوردستان دیپلۆماسییەکی کارای هەبێت؛ ئیتر کورد تەنیا هەر کارتی دەستی هێزەکانیتر نابێت بەڵکوو خۆی دەبێتە کاراکتەرێک کە بتوانێت کارتەکانی خۆی بەکاربهێنێت و کاریگەریی لەسەر هاوسەنگیی هێزی ناوچەکە دابنێت و ئەمە جیاوازیی نێوان کارتبوون و کارت بەکاربردنە.

– گرنگترین بەڵگەی نوێ بۆ گۆڕانی مانای جوگرافیای کوردستان لە ئێراندا دەبینرێت. لە شەڕی ٢٠٢٦ی نێوان ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیلدا، هەڵسەنگاندنی ناوەندە توێژینەوەییەکان دەیسەلمێنن کە حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان بوونەتە یەکێک لە خاڵە هەستیارە ئەمنییەکان بۆ لاوازکردنی تاران. لە ماوەی جەنگی نێوان ئێران، ئیسرائیل-ئەمەریکا، چەند خاڵێکی ئەمنییەتی و سەربازیی یەکیەتیی و پارتی هەروەها بنکە و بارەگاکانی حزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەدان جار بوونە ئامانجی درۆنەکانی سوپای پاسداران و پرۆکسییەکانی ئێران. ئەمە واتای ئەوەیە تاران لەکاتی شەڕدا پرسی کورد وەک دۆخێکی ئەمنییەتیی ناوچەیی سەیر دەکات، نەک هەر پرسێکی نێوخۆیی. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە جێی سەرنجە چونکە لە ڕابردوودا لە سەردەمی پەهلەوییەوە هەتا ئێستە دەگوترا دۆسیەی کورد لە ئێران کێشەی نێوخۆیی ئێرانە بەڵام ئێستا دۆخەکە ئاوا نییە. کاتێک بنکەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستان لە خاکی باشوری کوردستان دەکرێتە ئامانج ئیتر کێشەکە لە سنووری ئێران تێدەپەڕێت و دەبێتە کێشەی نێوان ئێران، عێراق، هەرێمی کوردستان و هێزە نێودەوڵەتییەکان. واتە سنووری سیاسی کە پێشتر کوردی لە یەکتر جیا دەکردەوە، ئێستە دەتوانێت کێشەی کورد بگوازێتەوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی.

کاتێک ئێران لە شەڕی دوازدە ڕۆژە، چل ڕۆژە و دواترەکانی لە کردنەوەی بەرەیەک لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە، دەترسێت و دەست دەکاتە هەڕەشە و گوڕەشە و بەپەلە تورکیە، ئەمەریکا ڕازی دەکات ڕێگریی بکرێت لە ئازادکردنی خۆرهەڵاتی کوردستان ئەمە لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکییەوە پەیامێکی گەورەی هەیە. ئەوەی پێشتر دەکرایە هەڕەشەیەکی نێوخۆیی، ئێستە دەتوانێت ببێتە جۆرێک لە بەرەی دووەم لە شەڕێکی ناوچەیی. بۆیە تاران تەنیا بیر لە شەڕی ئەمریکا ناکاتەوە و پێشمەرگەکانی کوردستان و ڕاپەڕینی خەڵک بە مەترسی بۆ درێژەی تەمەنی دیکتاتۆرییەکەی دەزانێت..

– عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە فێورییەی ٢٠٢٥ داوای کۆتاییهێنان بە شەڕی چەکداریی کرد و PKK لە مانگی مەیی هەمان ساڵدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوە و چەکدانانی خۆی ڕاگەیاند. لە ٢٠٢٦دا پەرلەمانی تورکیا یاسایەکی نوێی پەیوەندیدار بە پرۆسەی خۆپاشگەزبوونەوە و یەکخستنەوەی ئەندامانی PKK پەسەند کرد. ئەمە مانای ئەوە نییە کە کێشەی کورد لە تورکیە کۆتایی هاتووە، بەپێچەوانەوە یاساکە هێشتا کێشەی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد، یاساکانی دژ بە "تیرۆر" و دۆخی ئۆجەلانی چارەسەر نەکردووە. بەڵام گۆڕانکارییەکە لە شتێکی ترە، ئەویش تورکیە زیاتر ناتوانێت پرسی کورد بەتەواوی لە دەرەوەی دۆسیەی ستراتیژیی خۆی دابنێت. لە کاتێکدا کە ڕێژێمی سووریا گۆڕاوە، ئێران لەگەڵ شەڕی دەرەکی بەرەوڕوویە و عێراقیش سیستەمێکی فیدراڵیی هەیە، چارەسەرکردنی پرسی کورد بۆ تورکیە دەبێتە بەشێک لە ستراتیژیی گشتیی ئەمنییەتیی خۆی. بەواتایەکی تر باکووری کوردستان ئێستە کارتێکە بۆ دیاریکردنی داهاتووی سیاسی و جوگرافیی تورکیە کە هێزی سیاسی ئەو پارچەیە دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن.

### لە کارتبوونەوە بۆ بەکارهێنانی کارت

لە ژێئۆپۆلیتیکدا کاتێ هێزێک بتوانێت کاریگەریی هێزی تر زیاد بکات، ئەو هێزە دەکرێت ببێتە کاتالیزەر و بێگومان پرسی کورد دەتوانێت لە ناوچەکەدا ئەم ڕۆڵە بگێڕێت. بۆ نموونە لەم بارودۆخە لاوازەی ئێستەی ئێراندا ئەوە خۆرهەڵاتی کوردستانە دەتوانێت ببێتە هۆکاری زیادبوونی فشار لەسەر تاران و هەنگاونان بەرەو ئازادیی و دێموکراسی. لە سووریەش ئەگەر کراوەیی سیاسیی نەیەتە ئاراوە و ژیانی ئاسایی بۆ خەڵک دابین نەکرێ و مافی نەتەوەکان و پەیڕەوانی ئایینەکانیتر نەدرێت، ئەوە ڕۆژئاوای کوردستانە کە دەتوانێت ببێتە یەکێک لە فاکتەرەکان کە داهاتووی دیمشق دیاری دەکات. مانەوەی جوگرافیای سیاسی ئانکاراش بەستراوەتەوە بەوەی هەتا چەند دەتوانێ قەرەبووی ئەو ستەمە بکات کە لە نەتەوەی کوردی کردووە و ئایا دابینکردنی ماف بۆ کەمە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانیتری لەتوانادایە یان نا. ئێران ئەگەریش پارچە پارچە نەبێ دەسەڵاتی تاران بەرەو ڕووخانە، لە ڕۆژئاوا کورد چووەتە نێو سیستمی دەسەڵاتەوە و لە باکووریش ئیتر تورکیە بیانووی بۆ هێرشکردنەسەر خاکی باشووری کوردستان نییە، بۆیە بەدوور نازانرێت دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان بە ڕەچاوکردنی ئەو مەرجانەی پێشتر باسم کرد، ڕوو لە فرەوانبوون بکات.

کاتێ باسی لە کارتبوونەوە بۆ بەکارهێنانی کارت دەکرێت زۆر گرنگە لە هەر تێگەیشتنێکی ڕۆمانتیکییەوە دوور بین. ئەوەی کوردستان دەکاتە کارتێکی ژێئۆپۆلیتیکی تەنها بوونی کورد نییە، بەڵکوو زۆر گرنگە و پێویستە کورد توانای بەکارهێنانی ئەو کارتەی هەبێت. یەکڕیزی سیاسی، دیپلۆماسیی نەتەوەیی، دامەزراوەسازی و دوورکەوتنەوە لە بوون بە ئامرازی دەستێوەردان؛ ئەو خاڵانەن لە گەیشتن بەئامانج نێزیکمان دەکەنەوە. ئەگەر کوردستان تەنها وەک ئامرازێک بۆ هێزێکی دەرەکی بەکار بهێنرێت، ئەوە دەکرێت لە کارتەوە بگۆڕدرێت بۆ ئامرازی دەستێوەردان واتە ماددەیەکی بەکارهێنراو لە کێشمەکێشەکانی ناوچەکەدا بۆیە وردبوونەوە لەم جیاوازییە زۆر گرنگە.

لە دنیای ژێئۆپۆلیتیکدا هەندێک ناوچە بەهۆی شوێنی جوگرافیاییانەوە دەبنە pivot واتە ناوچەیەک کە گۆڕانی ئاراستەی ئەوێ دەتوانێت کاریگەریی لەسەر چەندین هێزی تر هەبێت. کوردستان دەتوانێت بەو ئاراستەیەدا بچێت و ئەوەی پێشتر وەک "دابەشبوونی کوردستان" دەبینرا، دەتوانێت لە دۆخی نوێدا وەک پەیوەندیی نێوان چوار ژینگەی سیاسی بخوێندرێتەوە و ئەو دەربڕینە کۆنەی "دوژمنی سەرەکیی کوردستان جوگرافیاکەیەتی" بەشێوەیەکی نوێ بخوێنینەوە. جوگرافیا لە ڕابردوودا بەهۆی ئەوەی کوردستانی لە نێوان داگیرکەران دابەش کردبوو، کۆسپ بوو بەڵام ئەمڕۆ هەمان جوگرافیا دەکرێت ببێتە کاپیتاڵی ژێئۆپۆلیتیکی.

ئەم گۆڕانکارییە لە سێ ئاستدا ڕووی داوە. یەکەم مێژوویی؛ سەدەیەک خەباتی کورد وای کردووە پرسی کورد نەسڕدرێتەوە. ئاستی دووەم ناوچەیی؛ لاوازبوونی دەوڵەتە ناوەندییەکان، شەڕی سووریە، گۆڕانی عێراق و شەڕی ئێران، هەموویان پرسی کوردیان کردووەتە بەشێک لە هاوسەنگیی هێزی ناوچەکە. سێیەم نێودەوڵەتی؛ کوردەکان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندییەکی فراوانیان دروست کردووە بەتایبەتی لە شەڕی دژی داعش و پرۆسەکانی سیاسیی عێراق و سووریە.

بۆیە پرسی کورد چیتر تەنها پرسیاری کورد و دەوڵەتەکەی نییە، بەڵکوو پرسیاری سیستەمی ئەمنییەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و کوردستان دەتوانێت جوگرافیای خۆی بکاتە ستراتیژ و بێگومان لەمەبەدوا دوژمنی کوردستان جوگرافیاکەی نییە، نەتوانینی بەکارهێنانی جوگرافیاکەیەتی و دەبێ بزانرێت بۆ کێ و بۆچی بەکار دەهێنرێت. لە سەدەی بیستەمدا، دەوڵەتەکانی دەوروبەر جوگرافیای کوردستانیان بەکار هێنا بۆ دابەشکردن، کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردنی کورد. لە سەدەی بیست و یەکەمدا، کورد دەتوانێت هەمان جوگرافیا بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی نفووز، دیپلۆماسی و کارتێکی فشار. گۆڕانی سەرەکی لە جوگرافیای کوردستاندا نییە، لە توانای کورد بۆ مانادان بە جوگرافیای خۆیەتی و ئەمە جیاوازیی نێوان "کوردستانی دابەشکراو" و "کوردستانی ژێئۆپۆلیتیکی"یە. لە دۆخی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، جوگرافیا دەتوانێت لە قەفەزەوە بگۆڕێت بۆ دەرفەت؛ لە کۆسپەوە بگۆڕێت بۆ نفووز؛ و لە دوژمنەوە بگۆڕێت بۆ کارت.

کوردستان
• ژمارە ٩٢٦
١٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ _ ٦ی سێپتامبری ٢٠٢٦

# بەشداریی حیزب لە سەمپۆزیۆمی ناوەندی یۆرک بۆ لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



ڕۆژی شەممە ٧ی خەرمانانی ١٤٠٥، سەمپۆزیۆمێکی ئاکادێمیک لەژێر ناوی "ئێرانی داهاتوو و دیالۆگی یاسای بنەڕەتی" لەلایەن ناوەندی یۆرک بۆ لێکۆلینەوەی نێونەتەوەیی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شاری تۆرێنتۆ بەڕێوە چوو و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیی ئاکادێمیک و چالاکانی سیاسی و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە پێنج پانێلدا بیروڕای خۆیان بۆ داهاتووی ئێران خستە ڕوو.

لەو سەمپۆزیومەدا هاوڕێ سمایل ئیبراهیمی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کانادا وتارێکی لەسەر "فیدراڵیزم وەک باشترین سیستمی سیاسی بۆ دابەشکردنی یەکسانیی دەسەڵات لە ئێران و لابردنی هەڵاواردن و چەوسانەوەی نەتەوەیی و پاراستنی مافەکانی گەلانی ئێران" پێشکەش کرد.

نوێنەری حیزب جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "بێ متمانەیی" یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران. لەلایەک "ناوەند" بۆ پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری خۆی هەر هەوڵێک بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران بە "جیاخوازی" دەزانێ و سەرکوتی دەکا. لەلایەکی ترەوە گەلانی ئێران دوای زیاتر لە سەد ساڵ چەوسانەوە و هەڵاواردن بەکردەوە هیچ هۆکارێک بۆ متمانە بە ناوەند نابینن.

لە درێژەی باسەکەیدا، نوێنەری حیزب ئاماژەی بەوە کرد کە مافی چارەی خۆنووسین و پرسی فیدراڵیزم دژی یەکتر و لە بەرانبەر یەکتر نین. مافی چارەی خۆنووسین مافێکی بنەڕەتییە و جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ فەرمیەتی پێداوە، بەڵام فیدراڵیزم سیستمێکی ڕێکخستنی سیاسی و دەستوورییە کە دەسەڵات لەنێوان حکوومەتێکی ناوەندی و چەند یەکەیەکی سیاسیی خۆجێییدا دابەش دەکات.

نوێنەری حیزب ڕایگەیاند کە ئێمە فیدراڵیزم بە سیستمی گونجاو دەزانین بۆ بەیەکەوە ژیانی دڵخوازی گەلانی ئێران و لەڕاستیدا فیدراڵیزم تەنیا ڕێگای پێکهێنانی یەکیەتییەکی دڵخواز لە ئێرانە و سەرکوتی ناوەند و چەوساندنەوەی گەلانی ئێران مەترسیی سەرەکی بۆ جیاییخوازی لە ئێرانە.

شایانی باسە لوقمان ئەمینی، ئەندامی تیمی پێوەندییەکانی حیزب لە کانادا و کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران –ڕۆژهەڵاتی کانادا، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە هاوکاریی ناوەندی "یۆرک" و بەشداری لەو سەمپۆزیۆمە نێونەتەوەییەدا هەبوو.

# دادگاییکردن و سزادانی ٥٨ خاکیپۆشەکەی پیرانشار



ڕۆژی شەممە ٧ی خەرمانان، ئەو ٥٨ پیرانشارییەت ساڵی ڕابردوو بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی بەشدارییان لە شاییەکدا کردبوو، بە پێبژاردنی سزای نەختی مەحکووم کران. لەو بڕیارەدا هەرکام لەو ٥٨ کەسە بە بژاردنی ٢٠ میلیۆن تمەن بە حکوومەت سزا دراون.

ئەم ٥٨ کەسە بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی ڕێژیم" لە شاییەکدا و بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی ڤیدیۆکانیان لە سۆشیاڵ میدیا بانگی یەکێک لە لقەکانی لێپرسینەوەی دادگای ئینقلابی پیرانشار کرابوون.

دوابەدوای دەرکردنی ئەو سزا ناڕەوایە، زۆربەی ئەم ٥٨ کەسە هەر بە جلی خاکییەوە بەشدارییان لەم کۆبوونەوەی ئەو بەناو دادگاییەدا کرد و سەبارەت بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام بەرگرییان لە خۆیان کرد و وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتە، ڕایانگەیاند: "ئەو جلوبەرگە لە بازاڕەکانی ئێران و کوردستاندا هەیە و زۆر بەئاسانی دەست دەکەوێ و لە شوێنێکی دیکەوە نەهاتووە، بۆیە هیچ تۆمەتێک لەو بارەوە قەبووڵ ناکەین."

ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دواتر بە گوشارخستنە سەر بەڕێوەبەرانی هۆڵەکانی بەڕێوەبردنی شایی و زەماوەند لە شارەکانی کوردستان، هەوڵیان دا جلوبەرگی خاکی قەدەغە بکەن، کە سەرکەوتوو نەبوون. ئەم هەوڵەی ڕێژیم بۆ گوشارخستنە سەر بەڕێوەبەرانی هۆڵەکانی شایی لە شارەکانی کوردستان لەکاتێکدایە کە ئازادیی لەبەرکردنی جلوبەرگ لە مافە بنەڕەتییەکانی هەر تاکێکە و ئەمە بە مانای پێشێلکردنی ئاشکرای ئەم مافە بۆ خەڵکە؛ بەڵام ئەگەر سیاسەتی ڕێژیم لەو بارەیەوە نەگۆڕ و دوژمنکارانەیە، کوردستانیش لەهەمبەردا خۆڕاگریی کردووە. وەک چۆن دوابەدوای ئەو هەوڵەی ڕێژیم، خەڵکی کوردستان، بڕیاری ناودێرکردنی نەورۆزی ساڵی ڕابردوویان بە ناوی "نەورۆزی خاکیپۆشان" دا و وڵامێکی توندیان بە کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دایەوە.

# "یەکپارچەیی خاکی ئێران" و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان؟



حەسەن قارەمانی



لە گوتاری سیاسیی باوی ئێرانی و بەتایبەت لە گەرمەی هەر ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوانکراودا، چەمکی «پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران» وەک هێڵێکی سوور و مەرجێکی بێچەندوچۆن دەخرێتە ڕوو. بۆ ناوەندگەرایان و بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری، «یەکپارچەیی خاک» هاوتای ئاشتی، سەقامگیری و ڕێگریکردنە لە ئاژاوە و شەڕی ناوچەیی. بەڵام بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی غەیرەفارس لە جوگرافیای ئێراندا، دەبێت ئەم مەرجە سیاسییە بە وریایی و لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت: ئایا پاراستنی سنوورە جوگرافییە دەستکردەکانی دەوڵەت لەپێشترە، یان مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکان، دادپەروەری، ئازادی و خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەکان؟

ئایندەیەکی دێموکراتیک بۆ ئێران هەرگیز بە پیرۆزکردنی «یەکپارچەیی خاک» وەک بەهایەکی باڵاتر لە ئیرادەی سیاسی و شکۆی نەتەوەکان، بنیات نانرێت. ئەگەر قەرار بێت نەزمی جوگرافیایی دەوڵەتێک بە پارێزراوی بمێنێتەوە، دەبێت ئەمە دەرهاویشتەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی ئازادانە و ڕەوا بێت لەنێوان نەتەوەکان و هاووڵاتییانی نیشتەجێی ئەو دەوڵەتەدا؛ نەک پێشمەرجێکی زۆرەملێ کە بەسەر نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا بسەپێندرێت و ناچار بە قبووڵکردنی بن.

لە ئەدەبیاتی سیاسیی ناوەندگەراکاندا، زۆرجار یەکپارچەیی خاک وەک بەهایەکی سروشتی، ئەزەلی و نەگۆڕ وێنا دەکرێت؛ بە چەشنێک کە خاکی دەوڵەت وەک قەوارەیەکی پیرۆز دەبینرێت و سنوورەکانی بەبێ گوێدانە ویست و مافی دانیشتووانەکەی دەبێت بپارێزرێن. کەچی لە فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخدا، خاک لە خۆیدا خاوەنی ئیرادەیەکی سیاسیی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو ئەوە مرۆڤ و نەتەوە پێکهێنەرەکانن کە بەها و شەرعیەت دەبەخشنە جوگرافیا و دەسەڵاتی سیاسی.

کەواتە چەمکی «یەکپارچەیی خاک» چەمکێکی بێلایەن نییە، بەڵکوو بەستراوەتەوە بەو پڕۆژە سیاسییەی لە پشتییەوە وەستاوە. لە سیستەمێکی فیدراڵ و دێموکراتیکدا، دەکرێت پاراستنی چوارچێوەی دەوڵەت شانبەشانی ئۆتۆنۆمی، خۆبەڕێوەبەریی بەرفراوان، یەکسانیی تەواوی زمانی و بەشداریی دادپەروەرانەی سیاسی پێناسە بکرێتەوە. بەڵام لە مێژووی سەد ساڵەی دەوڵەتی ئێراندا، ئەم چەمکە تەنیا ئامرازێکی ئایدیۆلۆژیک بووە بۆ شەرعیەتدان بە دیکتاتۆری، سەرکوت و زاڵکردنی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر نەتەوە پەراوێزخراوەکاندا.

بۆیە پرسە بنەڕەتییەکە تەنیا مانەوەی سنوورەکانی ئێران نییە، بەڵکوو ئەوەیە دەوڵەتی ئایندە لەسەر چ بنەمایەکی فەلسەفی، سیاسی و دەستووری بنیات دەنرێت. ئەگەر یەکپارچەیی خاک بەو واتایە بێت کە دەسەڵاتی تاران بەبێ ڕەزامەندیی نەتەوەکان بڕیار لەسەر زمان، پەروەردە، سامانە سروشتییەکان و چارەنووسی ناوچەکان بدات، ئەوا ئەم دەستەواژەیە چەشنێکی دیکەیە لە شۆڤێنیزم و ناوەندگەرایی نوێ. بەڵام ئەگەر بەو مانایە بێت کە نەتەوەکان بە خواستی ئازادانەی خۆیان و لەڕێگەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی دێموکراتیکەوە پێکەوەژیان هەڵبژێرن، ئەوا دەکرێت لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسدا بگونجێت. ئەم لێکجیاکردنەوەیە بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران چارەنووسساز و پڕبایەخە.

## پرسی کورد؛ پێگەی نەتەوەیەک ، نەک کەمینەیەکی پەراوێزخراو

یەکێک لە گرێکوێرە سەرەکییەکانی گوتاری سیاسیی باو لە ئێراندا، جۆری پێناسەکردنی کوردە. بەرتەسککردنەوەی پێگەی نەتەوەی کورد بۆ تەنیا «کەمینەیەکی نەتەوەیی»، ستەمێکی مێژوویی و هەڵەیەکی مەترسیداری سیاسییە؛ چونکە پێشوەختە شەرعیەت لە مافە نەتەوەییەکانی دەسەنێتەوە. چەمکەکانی «تاک»، «کۆمەڵگە»، «نەتەوە» و «کەمینە» لە زانستی سیاسەت و مافناسیدا خاوەنی بارستایی، پێگە و لێکەوتەی تەواو جیاوازن.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەوەیەکی ڕەسەن و خاوەن خاک، مێژوو، زمان، فەرهەنگ و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی بەردەوامە کە بە زۆر بەسەر سنوورە دەستکردەکاندا دابەش کراوە. لەبەر ئەوە، ناکرێت و ناشێت پرسی کورد تەنیا لە چوارچێوەی «مافە مەدەنی و تاکەکەسییەکان»دا کورت بکرێتەوە. هەرچەند پاراستنی مافی تاک بنەڕەتییە، بەڵام هەرگیز وەڵامدەرەوەی پرسی ستەمی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسیی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک نییە.

لە پراکتیکدا، ڕەنگە هاووڵاتییەک لە ماڵی خۆیدا ئازاد بێت بە زمانی دایکی بدوێت، بەڵام کاتێک ئەو زمانە لە سیستەمی پەروەردە، کارگێڕی، دادوەری و بڕیاردانی سیاسیدا قەدەغە کرابێت، باس لە چ یەکسانییەک دەکرێت؟ یاخود تاکەکان لەسەر کاغەز وەک هاووڵاتی یەکسان بن، بەڵام تەواوی دەسەڵات، سامان و سەرچاوەکان لە ناوەندێکی تایبەتدا قۆرخ کرابن. لێرەدا دەبێت بە وریاییەوە جیاوازی بکرێت لەنێوان «یەکسانیی تاکەکەسی» و «دادپەروەریی سیاسی-نەتەوەیی بەکۆمەڵ». دەوڵەتێکی دێموکرات پێویستە دان بە مافی سیاسیی ئەو نەتەوانەدا بنێت کە خاوەنی مێژوو و جوگرافیای خۆیانن و خوازیاری بەڕێوەبردنی کاروباری نیشتمانیی خۆیانن.

## کێ مافی دیاریکردنی پێگەی سیاسیی نەتەوەکانی هەیە؟

لە بنەمادا، پرەنسیپی سەردەمیانەی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت پێگەی سیاسیی هیچ نەتەوەیەک لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە دیاری بکرێت کە بەسەریدا باڵادەستە.

کورد وەک نەتەوەیەک لە ئێراندا، شوناس و بوونی خۆی لە بڕیاری تاکلایەنەی دەسەڵاتی ناوەند یان زۆرینەیەک وەرناگرێت کە هەوڵ دەدات بە ناوی «کەمینە» پێگەکەی دابەزێنێت. مافی چارەی خۆنووسین بەو واتایەیە کە دەبێت پرسە بنەڕەتییەکانی پێوەندیدار بە شوناس، خاک و دەسەڵات، بە شێوازێکی تەواو دێموکراتیک و بە بەشداریی ڕاستەوخۆی نەتەوەکان یەکلایی بکرێنەوە. ناتەبایی و نادادپەروەرییەکە لەوەدایە: ئەگەر بڕیار بێت تەنیا گوتاری ناوەندگەرا مافی پێناسەکردنی ئێران وەک دەوڵەتێکی قەومیی یەکدەستی هەبێت و لە کورد و نەتەوەکانی دیکەش بخوازێت بێدەنگ و ملکەچانە ئەم سەپاندنە قبووڵ بکەن، ئەوا ئەو دەسەڵاتە بەردەوامیدانە بە هەمان سیستەمی کۆلۆنیالیستی و نادادپەروەرانەی ڕابردوو.

## مافی دیاریکردنی چارەنووس؛ بژاردەی ئازادانە، نەک تەنیا جیابوونەوە

بەشێک لە ناوەندگەراکان بە ئەنقەست یان لە ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستییەوە، هەر جۆرە باسێک لەسەر «مافی چارەی خۆنووسین» وەک هەوڵێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئێران و دوژمنایەتی لێک دەدەنەوە؛ کەچی ئەم تێڕوانینە لە ڕووی زانستی و مافناسییەوە هیچ بنەمایەکی نییە.

مافی دیاریکردنی چارەنووس چەمکێکی فرەڕەهەند و گشتگیرە؛ لە سیستەمی فیدراڵی، ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی و دابەشکردنی ناناوەندی دەسەڵاتەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە سەربەخۆیی تەواو. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە نابێت هیچ نەزم و قەوارەیەکی دەوڵەتی پێشوەختە وەک پێشمەرجێکی پیرۆز بسەپێندرێت، بەڵکوو پێویستە لە پرۆسەیەکی دێموکراتیکدا وەڵامی ئەم پرسیارە چارەنووسسازانە بدرێتەوە:

* چ مۆدێلێکی دەوڵەتداری دەتوانێت زامنی یەکسانیی ڕاستەقینەی نێوان نەتەوەکان و هاووڵاتییان بێت؟
* چ میکانیزمێک دەتوانێت ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی ستەمی نەتەوەیی و ناوەندگەرایی بکات؟
* چ دەستوورێک دەتوانێت پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی ئازادانە و شەرعی بەرهەم بهێنێت؟

ئەگەر وەڵامەکە ئێرانێکی لامەرکەزی، فیدراڵ یان هەر فۆرمێکی دیکەی پێکەوەژیانی ئازادانە بێت، دەبێت بەبێ تۆمەتی ناڕەوای «جیاخوازی» گفتوگۆی ئازادانەی لەسەر بکرێت. ئەگەر بەپێچەوانەوە، دەوڵەتێک مانەوەی خۆی لەسەر زەوتکردنی ئیرادەی نەتەوەکان دابڕێژێت، ئەوا لە بنەڕەتدا بێبەشە لە هەر چەشنە شەرعیەتێکی دێموکراتیک.

## باجی مێژوویی ناوەندگەرایی لە ئێراندا

دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران لە سەدەی بیستەمدا، بە پرۆسەیەکی سەختی تواندنەوەی زمانی و نەتەوەیی (ئاسیمیلاسیۆن)، داپڵۆسین و دروستکردنی ناسنامەیەکی ساختەی تاکڕەنگدا تێپەڕی. لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەویدا، ناوەندگەرایی توند و سەرکوتی نەتەوەکان کرا بە بنەمای سەرەکیی پرۆژەی دەوڵەتسازی.

دوای شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا بەرگی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتەکەی گۆڕی، بەڵام هەمان ناوەندگەرایی، ستەمی نەتەوەیی و سەرکوتی بە شێوازێکی دڕندانەتر درێژە پێ دا. لەم مێژووەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەنگەری نەبەزیوی خەبات بووە دژی هەردوو دیکتاتۆریی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیهی. ئەم ئەزموونە مێژووییە پێمان دەڵێت: کێشەی سەرەکی تەنیا گۆڕینی کەسەکان و دەسەڵاتداران نییە، بەڵکوو لە پێکهاتە و ناوەڕۆکی خودی دەوڵەتدایە. لەبەر ئەوە، جێگرتنەوەی کۆماری ئیسلامی بە هەر دەسەڵاتێکی دیکەی ناوەندگەرا بەبێ هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی ستەمی نەتەوەیی، تەنیا دووبارەکردنەوەی خولێکی دیکەی مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیایە.

## ئایا یەکپارچەیی خاک لەگەڵ دێموکراسیدا کۆ دەبێتەوە؟

بەڵێ، بەڵام تەنیا بە مەرجی دادپەروەری و ئیرادەی ئازادانەی نەتەوەکان. پێویست نییە مافی چارەی خۆنووسین دژ بە پێکەوەژیان بێت؛ دەکرێت دەوڵەتێک لە پێکهاتەی سیاسی و دەستووریی خۆیدا فیدراڵ، فرەنەتەوە، فرەزمان و خاوەنی ئۆتۆنۆمیی بەرفراوان بێت. مەترسیی سەرەکی کاتێک سەرهەڵدەدات کە دەسەڵاتداران سنوورە جوگرافییەکان بە پیرۆزتر لە مرۆڤ و مافەکانی بزانن. ئەگەر داخوازیی فیدراڵیزم و مافی نەتەوەکان بە «مەترسی بۆ سەر تەناهیی نەتەوەیی» پێناسە بکرێت، ئەوا هیچ بوارێک بۆ لێکتێگەیشتن و دێموکراسی نامێنێتەوە.

ئەزموونی مێژوو دەریخستووە کە یەکێتیی زۆرەملێ تەنیا ڕواڵەتێکی ساختەی هەیە و لە قەیرانە گەورەکاندا بە خێرایی لەبەر یەک هەڵدەوەشێت. بەڵام یەکێتییەک کە لەسەر بنەمای ئیرادەی سەربەست، یەکسانی، ڕێزگرتن لە فرەچەشنی و گەرەنتیی دەستووریی مافی نەتەوەکان دامەزرابێت، سەقامگیر و بەردەوام دەبێت.

پەیمانی نوێی کۆمەڵایەتی بۆ ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی دەبێت لەسەر ئەم پرەنسیپە نەگۆڕانە دابمەزرێت:

١. یەکسانیی هاووڵاتیبوون: گەرەنتیی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو تاکێک بەبێ جیاوازی.

٢. داننان بە مافی نەتەوەکان: پاراستن و پەرەپێدانی زمان، فەرهەنگ، پەروەردە و شوناسی نەتەوەکانی ئێران.

٣. ناناوەندێتی و فیدراڵیزم: گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، یاسادانان و کارگێڕی لە تارانەوە بۆ هەرێمە نەتەوەییەکان.

٤. یەکسانیی زمانی: بەفەرمیکردنی زمانە نەتەوەییەکان لە سیستەمی پەروەردە، ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەریی گشتیدا.

٥. مافی دیاریکردنی چارەنووس: بڕیاردانی نەتەوەکان لەسەر چارەنووسی سیاسی و مۆدێلی بەڕێوەبردنی خۆیان.

## دەرئەنجام

پرسیاری سەرەکی بۆ ئایندە نابێت ئەوە بێت: «چۆن بە هەر نرخێک بووە یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزین؟» بەڵکوو پرسیاری شۆڕشگێڕانە و بنەڕەتی ئەوەیە: «چ سیستەمێکی سیاسی و دەستووری دەتوانێت نەتەوەکانی ئێران لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و خواستی ئازادانە پێکەوە کۆ بکاتەوە؟»

بۆ نەتەوەی کورد، بەدەستهێنانی مافەکان «بەخشین یان خێروبێری دەوڵەت» نییە، بەڵکوو مافێکی سروشتی و ڕەوای مێژووییە کە بە خەبات و قوربانیدان مسۆگەر بووە. ئەگەر ئێران بیەوێت وەک قەوارەیەکی هاوبەش بمێنێتەوە، دەبێت جوگرافیاکەی بەرهەمی ئازادی و ڕەزامەندیی نەتەوەکان بێت، نەک قەفەزێک بۆ چەوساندنەوەیان.

# شکستی وشیاری:

## (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ فاشیزمی دیجیتاڵی و پاشەکشەی بەهاکانی شۆڕش)



ئاسۆ مینبەری



لە دوای ناڕەزایەتییەکانی ١٤٠١ و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژیناوە، پرسی «نەوەی زێد (Gen Z)» و گرنگیدان بە خواست، هەست و داواکارییەکانی ئەم نەوەیە زیاتر لە ڕابردوو بوو بە تەوەری سەرەکیی باس و دیالۆگی کۆمەڵایەتی. ئەمە نەوەیەک بوو کە سەرەڕای پەروەردەی چڕی ئایدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی، لە بەرامبەر زاڵمترین دەسەڵاتی سەردەمدا ڕاوەستان؛ ئەوە ئەوان بوون کە گۆڕەپانی خەبات دژ بە دەسەڵاتی سەرکوتکەریان تەنی و توانییان کۆڵەکەکانی ئەو حوکمڕانییە ستەمکارە بخەنە لەرزە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، کچێکی لاو بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەک کە تێیدا بە شێوازێکی تەنزئامێز ئاماژەی بە هونەرمەندی ناوداری گەلەکەمان «ماملێ» کردبوو، بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بووەوە. ئەم بڵاوبوونەوەیە شەپۆلێک لە تووڕەیی و هێرشی ناڕەوای بۆ سەر ئەم کچە کوردە لێ کەوتەوە، بە شێوەیەک ئەو کچە ناچار کرا لە چەندین پەیامی ڤیدیۆییدا و بە هۆی دەستبردن بۆ سیمبولێکی هونەریی کوردستان داوای لێبوردن بکات.

کێشەکە لەوێوە دەستی پێکرد کە بە پێچەوانەی تاقە ڤیدیۆی یەکەم، ڤیدیۆکانی دیکەی داوای لێبوردنکردنی ئەو کچە هەر نەبینران، و ئەوانەش کە بینران، بە دەیان جنێوی ناشیرین، دەستەواژەی سێکسیستی، هەڕەشەی کوشتن و دەستدرێژی وەڵام درانەوە! لە جیاتی قبووڵکردنی دانپێدانان بە هەڵەیەک و نواندنی لێبوردەیی، ئەوانیش بوونە دەرفەتێکی دیکە بۆ هەڵڕشتنی ڕق و کینەی کەڵەکەبوو بەرامبەر بە کچێکی کورد کە وەک بلۆگەرێک تەنیا مەبەستی گاڵتەکردنێکی ئاسایی و بەرزکردنەوەی ژمارەی بینەرەکانی بوو. ئاکارێک کە لەگەڵ ڕۆحی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و بەتایبەتیش نوێترین شۆڕشی جەماوەری لە کوردستان واتە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»، لە دژایەتییەکی تەواو ئاشکرادایە.

کچێکی سەر بە نەوەی زێد، کە بە زمان و جیهانبینیی سەردەمی خۆی قسە دەکات، دەبێتە قوربانیی عەقڵییەتێکی دۆگماتیک و پیاوسالار کە ناتوانێت جیاوازیی نێوان «کولتووری گاڵتەکردنی دیجیتاڵی» و «سووکایەتیکردنی بەئەنقەست» بکات. زامەکە لێرەدا زیاتر بەسۆیە کە ئەم کۆمەڵگەیە، لەبری پەروەردەکردن و دیالۆگی نێوانەوەیی، پەنا دەباتە بەر هەمان ئەو هێزەی کە ڕۆژانە ئازادییەکانی لێ زەوت دەکات، تا شادەمارەکانی ژیان و بیری سەربەست لە کچێکی لاودا بخنکێنێت.

شەپۆلی بەربڵاوی دژایەتی بەرامبەر بەو کچە و ناڕەزایەتی بەو ڤیدیۆیە وای کرد کە هەژمارەکەی لە ئینستاگرام لە لایەن دەزگای ئەمنیی «پۆلیسی فەتا»وە دابخرێت؛ لە لایەکی تریشەوە هەواڵی دەستبەسەرکرانی، نیگەرانییەکی قووڵی لای ئەو کەسانە دروست کرد کە لانیکەم لە سنوورەکانی ئازادیی دەربڕین، گاڵتەکردن و سووکایەتی تێگەیشتبوون. ڕۆژانە بە سەدان ڤیدیۆی گاڵتەئامێز لەسەر کەسایەتییە سیاسی، هونەری و کۆمەڵایەتییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە و کاردانەوەی جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە؛ بەڵام چی دەبێتە هۆکار کە — ئەگەر ناوی هەڵەشی لێ بنێین — هەڵەی کچێکی لاو بەو خێراییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەبێتەوە و هەستی کۆمەڵگە بریندار دەکات و دەبزوێنێت؟!

دەمەوێت ڕووداوەکانی دیکە وەبیر بهێنمەوە؛ هەر لە یەک هەفتەی ڕابردوودا، دوو حاڵەتی تۆقێنەری «ژنکوژی» لە کوردستان ڕوویان دا: یەکێکیان لە سنە و ئەوی تریان لە سەقز! دوو شاری کوردستان کە جگە لە مێژووی پڕ لە شانازییان بۆ خەبات دژی داگیرکەران، ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین هەر لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا گۆڕەپانی پێشەنگ و دیاری خەبات دژ بە ستەمکاری و هزری پیاوسالاریی دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی بوون. هەر لەو دوو شارەدا بە هەزاران ژن هاتنە سەر شەقام تا لەگەڵ هاواری پەنگخواردووی سەرکوتی مێژوویی نەتەوەیەک، لە بەرامبەر بێدادی، هەڵاواردن، سەرکوتی سیستماتیک و نکۆڵیکردن لە شوناسی نەتەوەیی و جێندەرییان ڕاوەستن و دەنگ هەڵبڕن. ئەم مەیدانداریيەی ئەو کات و بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکانی ئەو کات، هێز و ورەیەکی بەرچاویان وەبەر خەڵک و کۆمەڵگە خست، چونکە پاش ساڵانێک سەرکوتی سیستماتیک، ئەوە ژنان بوون کە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و لە گۆڕەپانی شۆڕشەکەدا ڕۆڵیان دەگێڕا و پێشەنگایەتییان دەکرد.

سەرنجدان لە دۆخی ئەو کات و ڕووداوەکەی ئەم ڕۆژانە، ئەم پرسیارە قووڵە دەوروژێنێت کە ئایا شۆڕشی ژینا، تەنیا شۆڕشێک بوو لە بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکەر و لەسەر پرسی سیاسی، یان نا — وەک لێکدانەوەکانی ئەو کات — شۆڕشێکی بنچینەیی و ژیاری بوو لە دژی ستەمە بەربڵاوەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ڕوانگەی دژەژنی زاڵ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا؟ ئایا بەشداریکردنی بەربڵاوی پیاوان لە بزووتنەوەی ژینادا، هۆشیارییەکی قووڵی دژە-پیاوسالاریی سیستماتیک بوو، یان تەنیا ناڕەزایەتییەکی سیاسی بوو دژی دەسەڵات؟

ئەمە ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە پێم وایە لە ساڵانی دوای شۆڕشی ژینادا و هەتا ئەمڕۆ دەکرێت وەک کەلێنێکی مەعریفی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا سەرنجی بدرێت؛ ئەرکە سەرەکییەکە خەسارناسییەکی قووڵ بوو بۆ لایەنە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشەکە کە بە هەر هۆکارێک ئەوەندە کاری لەسەر نەکرا تا ڕێگری لە پاشەکشەی بەهاکان بکرێت. کارەسات لێرەدایە کە هەر ئەو کۆمەڵگە پێشەنگەی قەتڵی حکوومەتیی ژینای کردە هەوێنی شۆڕشێکی بەربڵاو دژی خوێنمژیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ئەمڕۆ لە جیاتی تێگەیشتن لە بیر، زمان و کردەوەی نەوەی زێدی پێشەنگی هەمان شۆڕش، دەبێتە کاتالیزاتۆر و خێراکەری سەرەکیی سەرکوتی ئەو نەوەیە و خنکاندنی کچانی کۆمەڵگە!

ئاکامی هەڵچوونی سۆزداری و ناڕەوای بەشێک لە خەڵک کە گوایە بۆ پاڵپشتیکردنی هونەرمەندێکی کورد و پێشگرتن لە بێڕێزیکردن بە پیرۆزییەکانی نەتەوەیەک دەستی پێکرد، وای کرد کە کچێکی کورد بە هۆی ئاکارێک کە ڕێک لەگەڵ تەمەن، شێوازی ژیان و دۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستا هاوتەریب و تەبایە، بکەوێتە داوی هەمان ئەو هێزە سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی کە چوار ساڵ لەمەوبەر لە گەشتی ئیرشاددا ژینایان شەهید کرد و لە شەقامەکانی کوردستان و ئێراندا بە سەدان کەسیان کوشت و بە هەزاران کەسیان بریندار کرد.

تێفکرین لەم هەڵسوکەوتە، کەلێنی قووڵی ئەخلاقی و دووفاقییەکی سەیر لە بیرکردنەوەماندا بۆ دەردەخات. چۆن دەکرێت نەتەوەیەک کە «ژن، ژیان، ئازادی» نەک وەک دروشم بەڵکوو وەک ڕێڕەو و ڕێبازێکی فیکری و سیاسی بۆ خەباتەکەی دەبینێت، هەڵەی کچێکی کورد — با بلۆگەریش بێت — ئەوەندە زەق بکاتەوە کە ئاکامەکەی ڕادەستکردن و بەندکرانی بێت لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دژی سەرەکیی بنەماکانی ژن، ژیان، ئازادین!

ئەوەی کە ئەو کچە لەو ناوەندە سەرکوتکەرەی ڕێژیم چی بەسەر دێت و چۆنی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەکرێت و دوای هاتنەدەرەوەی لە باری دەروونییەوە بەرەوڕووی چ حاڵەتگەلێک دەبێتەوە، بابەتێکە کە شارەزای بواری خۆی دەبێت قسەی لەسەر بکات؛ بەڵام بێگومان ئاسەوارەکانی ئەو هێرشە بەکۆمەڵە و تیرۆری کەسایەتی، بۆ هەتاهەتایە لە ڕۆح و دەروونیدا دەمێنێتەوە و ڕەنگە لێکەوتەی زۆر قورستریشی بەدواوە بێت. ئەم هەڵسوکەوتە نیشانی دەدات کاتێک جووڵانەوەکە لە شەقامەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ فەزای مەجازی، زۆرجار بەها بنەڕەتییەکانی وەک ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ژنان و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی لەبیر دەکرێن و هەمان پێوەرە کۆنە پیاوسالاری و خێڵەکییەکان دەبنەوە بە دادوەر و بڕیاردەری سەرەکی.

لەم کاتانەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەشێکی ژەهراوی دەخوڵقێنن کە تێیدا خەڵک بەبێ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەبنە بەشێک لە شەپۆلێکی ڕق و کینە، و هێرشکردنە سەر کچێک کە هەڵەیەکی کردووە (یان گاڵتەیەکی نەگونجاوی کردووە) دەبێتە ئامرازێکی هەرزان بۆ بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە تا نیشتمانپەروەریی خۆیانی پێ بسەلمێنن، لە کاتێکدا کە بەرامبەر بە تاوانی زۆر گەورە و ڕاستەقینە لە هەمان کۆمەڵگەدا بێدەنگن!

هەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە ڤیدیۆیەکی ئاوا دەیوروژێنێت، چۆنە کە کوشتنی دوو ژنی بێتاوان لە هەمان شارەکاندا نایوروژێنێت؟! تەنیا سەرنجدانێکی سەرپێیی لە دۆسیەی کوژرانی ئەو دوو ژنە، دەریدەخات کە چەندە کەلێنی یاسایی و چەقبەستوویی ئەخلاقی لەو کۆمەڵگەیەدا، توانیویانە لە ئەستاندنی گیانی ژناندا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبێت و بێدەنگیش بەرامبەر بەو کارەساتانە چەندە تاوانێکی قورسە. دەنگهەڵبڕین بەرامبەر بەم تاوانانە کە سەرچاوەی سەرەکییان دەسەڵاتی خوێنمژی کۆماری ئیسلامییە، ئەرکێکی زۆر قورس و پێویستە کە گەلێک لەپێشترە لە پەلاماردانی کچێکی لاو بە ناوی پارێزگاریکردن لە کەسایەتییەکان!

خەبات لە کوردستان بۆ دابینکردنی داهاتوویەکی گەش، هەر بۆ ئەو کچانە و ئەو لاوانەیە کە ئێستا لە ژێر گوشارەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتێردا دەخنکێن، و ئەرکی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستان ئەوەیە کە لە جیاتی گیرۆدەبوون لە شەپۆلی خنکێنەر و بەدوور لە پرەنسیپی سۆشیال میدیا، بە بیرکردنەوە لە بەها نەتەوەیی و ئینسانییەکانی خۆی و بە سەرنجدانی ئاکامی هەڵسوکەوتی ناشارەزایانە لەم کەشە پڕ لە هەڕەشە و مەترسییەدا، بەستێنێکی لەبار بۆ لێبوردەیی، پێکەوەژیان و تێگەیشتن لە ڕووداوەکان بخوڵقێنێت. سەرنجدانی ورد لەم دۆخە، ئاماژەیە بۆ پاشەکشەی بەهاکانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» لە پڕکردنەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا و دەبێت وەک «شکستی هۆشیاری» ناوی لێ ببردرێت.

لە کۆتاییدا دەپرسم: ئایا ئازادی تەنیا بۆ ئەو بڕیار و قسانەیە کە ئێمە بە دڵمانن، یان پێوەری ڕاستەقینەی ئازادی، لە پاراستنی ماف و کەرامەتی ئەو کەسانەدایە کە جیاواز لە ئێمە بیر دەکەنەوە و دەپەیڤن؟

---

دارسمە

دەنووکێ لە سمین ناپارێزێ

# "رفتار مداخلەجویانە" هیچ بە باش نازانین

ئەم جیاکردنەوە و جیاکارییە زمانی و زمانەوانییە، بەتایبەت پێداگری لەسەر زمانێک جگە لە زمانی هاوبەشی گەلان، ئاکارێکە خەڵک تووشی کێشەی بنەڕەتی، یان بە وتەی زمانی هاوبەشی گەلان تووشی "مشکل اساسی" دەکات. جا لەبەر هندێ (نەک لەبەر پاکستانێ!)، پێویستە بەوردی بیر لە هەموو شتێک بکەینەوە، تەنانەت لە سیاسەتیش. لێرەدا وشەی "هند" ناچاری کردم نێوبڕێک بدەمە ئەم قسانەم؛ سەبارەت بەوەی وشەی "هند" بە دەممدا هات و "پاکستان"یشی لێ کەوتەوە، دەمەوێت لە مەودای نێوان کرانەوە و داخستنەوەی دوو کەوانەی بەرانبەر بە یەکدا، بابەتی ئەم "هند" و "پاکستان"ـە شی بکەمەوە.

با سەرەتا کەوانەی یەکەم بکەینەوە و دەست پێ بکەین: (زمانی کوردی، چونکە زمانی هاوبەشی گەلان نییە، لەنێو دەروونی خۆیدا جاری وایە هەڵگری کێشەیە. بۆ وێنە، وشەی "هند" کە زۆرجار وەک "هەند" و "هێند"یش دەریدەبڕن، هەمان مانای "قەیاس" و "بڕ" دەدات و جاری واش هەیە وەک ئیدیۆم دەبێتە جێناو و مانای "ئەم" یان "ئەو"یش دەبەخشێت. ئەگەر لە سەرەوە وشەی "هند" لەجیاتی "ئەمە" لە دەم دەرنەپەڕیبایە و لەجیاتی دەستەواژەی "لەبەر هندێ" گوتبام "لەبەر ئەمە"، هەرگیز وشەی "پاکستان" بە دوایدا نەدەهات. ئەم دابڕانە و کەوانەکردنەوەیەش هەر لەبەر هندێ -ببوورن لەبەر ئەمە- بوو، بۆیە واباشە لێرەدا کەوانەکە داخەین).

ئەوە کەوانەمان داخست و دەچینەوە سەر بابەتی خۆمان. خۆزگە هند و پاکستان لەجیاتی ئەوەی دراوسێی یەک بن، یەک وڵات بوایەن و ئەم هەموو فرەزمانییەی هندوستان و کێشەی پاکستان و -بیللا مانێ- بەنگلادیشیش دروست نەبوایە! هەموویان زمانی ئینگلیزییان بکردبایە بە زمانی گەلان و لەم شەڕە گەڕەکە ڕزگاریان بوایە. بەڵام هند سوودێکی باشی کردووە، ئەویش ئەوەیە بەلووچەکانی لە کۆڵ بووەتەوە و ئەوان کەوتوونەتە سەر سنوورەکانی پاکستان و ئێران، بە جەهەنەم با هەر لەوێ یانی لەم دوو وڵاتەدا زیان بە زمانی گەلان بگەیەنن.

باش بوو ناوی ئێرانم هێنا و دەستەواژەی سەرەکیی ئەم بابەتە، واتە "مداخلەجویانە"م بیر کەوتەوە. ئەم دەستەواژەی "مداخلەجویانە"یە کە هی زمانی گەلانە، لە ئێران دوای لێدوانێکی پیسی سەرۆککۆماری ئەمریکا لەم دواییانەدا زیاتر کەوتووەتە سەر زار و زمانان و وای کردووە قووڵتر بیر لەم دەستەواژەیە بکەینەوە.

هەموومان ئاگادارین پاش ئەوەی دەستەڵاتی "پیرۆز"ی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر ئێراندا گرت و ناوی "باڵیۆزخانە"ی ئەمریکای بۆ "سیخوڕخانە"ی ئەمریکا گۆڕی، دەستەڵاتی ئەم ئەمریکایە پەیتا پەیتا بە شێوەی جۆراوجۆر هێرش دەکاتە سەر دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی. بەڵام لە سایەی سیاسەتی ژیرانەی ژێربەژێرانە و بیرکردنەوەی قووڵی "امت همیشه در صحنه"، قەت نەیتوانیوە زیان بەم دەستەڵاتە "پیرۆزە" بگەیەنێت. بە فڕۆکە و مووشەک و بۆردومان و گەمارۆی ئابووری و مابووریش، نەیتوانیوە دەستەڵاتی پیرۆز لەنێو ببات. تەنانەت "بە شهادت رساندن"ی ئەم هەموو فەرماندە و مەرماندەیە بە ڕێبەری مەزنەوەش، نەیانتوانیوە موویەک لە "اقتدار نظام" کەم بکەنەوە. وەک پابەندبوونێک بە زمانی گەلانەوە، باس لە دەستەواژەی "بە شهادت رساندن" و "اقتدار" بە ڕێنووسی پیرۆزی گەلان دەکەم، دەنا بڕوا بکەن دەتوانم ئەوانیش بە کوردیی پەتی بڵێمەوە، بەڵام مخابن ئەو کوردییە پەتییە زیان بە بیروبۆچوونی پێشکەوتووانە دەگەیەنێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بابەتی دوژمنداریی نێوان دوو دەستەڵاتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی و لەسەر وشەی "مداخلەجویانە" چڕ ببینەوە، ئەوانەی ئەمریکا دژ بە کۆماری ئیسلامی کردوونی، هیچیان بە قورسایی و بارستایی لێدوانی ئەم دواییانەی سەرۆککۆماری ئێستای ئەمریکا واتە دۆناڵد ترامپ، "مداخلەجویانە" نەبوونە. ئەوەتا بە ڕۆژی ڕوون دەڵێت چاوەڕوانم خەڵکی ئێران ڕاپەڕن و وەک ئەو دەڵێت، ئەم "رژیم"ـە لەنێو بەرن. ئێستا ئەوەندە لەخۆبایی بووە دەڵێت چاوەڕوان نیم لەگەڵ ئێراندا دانوستانیش بکەین.

ئێستا وا باشە ئەو پاکستان و ماکستان و شتانە، هەوڵ بدەن ئەم کابرایە سوورهولە تێبگەیەنن کە دانوستان لە کردەی "مداخلەجویانە" باشترە. دەکرێت بە دانوستان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک بکەوین و ئەگەر ڕێکیش نەکەوین بۆ گۆڕینی خاڵەکان و کەم و زیادکردنی خاڵی دیکە تێدەکۆشین:

١- ئەمریکا بەپێی خواستی خۆی هێندێک کەسی ناوداری "نظام مقدس" شەهید بکات، بەڵام بە مەرجێک دواتر بتوانین بۆ پتەوکردنی "اتحاد داخلی" بە بەزم و ڕەزمی خۆمانەوە بیاننێژین و کۆتەڵیان بۆ بڕازێنینەوە و پێیان هەڵبڵێین.

٢- ساڵانە خەڵک بۆ ڕێپێوانی ئەربەعینی حوسەینی کۆ بکەینەوە.

٣- ئەمریکا بۆی هەبێت لە هەموو سەرچاوەیەکی نەوتی و مەوتی و هەموو بازاڕێکی ئێراندا بە شێوەیەک لە شێوەکان کە ژیرانە لەسەریان ڕێک دەکەوین، خەریکی وەبەرهێنان بێت.

٤- "طرفداران نظام مقدس" بتوانن لەسەر سووتاندنی ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا بەردەوام بن.

سەرەڕای ئەم خاڵە سەرەتاییانە، دەکرێت ئەمریکاش چەند خاڵێکی خۆی هەبێت. بەڵام ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی سوورە، تەنیا ئەم "رفتار مداخلەجویانە"یە و ئەمەیان زیانی زۆر بە "بنیان‌های نظام" دەگەیەنێت.

بەم هیوایەی ئەمریکای "جنایتکار" واز لە "رفتار مداخلەجویانە" بهێنێت، دەستەڵاتی زمانیی گەلان بەردەوام بێت و لە ئاکامدا چل پەنجا ساڵی تریش ئەم دۆخە هەروا بێت گورگ و مەڕ هەروا لە سەر ڕووباری هاووڵاتیانی ئێمە بە یەکەوە ئاو بخۆنەوە.

وەک مەسیحی و موسوڵمان دەڵێن، "ئـــــــــــــامیـــن"

KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO: 926   6 September 2026

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com

info@kurdistanmedia.com   www.kurdch.tv

Yahsat 1A @ 52.5° East   Frequency: 12149

polarization: Vertical -27500  FEc : 3/4

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:

info@kurdistanmedia.com

ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:

Tashkilat.kdp92@gmail.com

# دوورەدیمەنی شەڕی ئەمریکا و ئێران



عومەر باڵەکی

٤٧ ساڵ لەوە پێش کە ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران داڕما، دەوڵەتی ئەوکاتی ئەمریکا لە ڕیزی یەکەم وڵاتان بوو کە دەوڵەتی نوێی ئێرانی بەفەرمی ناسی، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان زۆری نەخایاند کە دەوڵەتی نوێی ئێران بە ڕێبەریی خومەینی وای کرد شەڕێک دژ بە ئەمریکا لە ئێران سەرهەڵبدات کە هەتا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە و باجەکەشی نەتەوەکانی ئێران دەیدەن.

لە ١٤ی خەزڵوەری ١٣٥٨دا لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆوە کە دوایی بە «خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام» ناودێر کران، هێرش کرایە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا؛ بەو بیانووەی گوشار بخرێتە سەر دەوڵەتی ئەوکاتی ئەمریکا تا شای هەڵاتوو تەحویلی دەوڵەتی ئینقیلابی! بداتەوە. خومەینی نەک هەر هێزی نیزامی نەنارد بۆ ئەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا بپارێزن، بەڵکوو داگیرکردنی باڵوێزخانە و بەبارمتەگرتنی دیپلۆمات و کارمەندانی ئەو باڵوێزخانەیەی بە «ئینقیلابی دووهەم» ناودێر کرد. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ دروستبوونی شەڕێکی ڕانەگەیەندراو لە نێوان ئێران و ئەمریکادا. لە ڕاستیدا دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتە یەکبەدوای‌یەکەکانی ئەمریکا لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، هەموو هەڵسوکەوتێکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و جیهاندا بخەنە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە.

بەڵام دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣دا، ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان وای کرد سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی ئەمریکا بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت؛ واتە لە شەڕێکی شاراوەوە بێتە دەرێ و ببێتە شەڕێکی ئاشکرا و ڕووبەڕوو. بەو مانایەی ئەگەر لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەمریکا و ئەورووپییەکان بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران بگۆڕن، ئێستا هەر ئەو وڵاتانە کۆماری ئیسلامییان خستۆتە سەر دووڕێیانێک: یا گۆڕینی ڕەفتار، یا نەمانی ئەو ڕێژیمە.

بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە، دەبینین ئەمریکییەکان لە شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا لە «شەڕی تێکەڵاو» کەڵک وەردەگرن. بەو مانایەی هەموو کەرەستەکانی گوشار بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵاتدارانی ئێستای تاران دەکار دەکەن: لەلایەک بە هێزی نیزامی و لە ئاسمانەوە بە ئاگری قورسی بۆم و مووشەک، لەلایەکی دیکەوە بە ئابلۆقەی دەریایی، و لە هەمان کاتدا هێنانی دەسەڵاتدارانی تاران بۆ سەر مێزی وتووێژ کە لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا حاشایان لە وتووێژ و دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا کردووە. ئەوانە هەمووی تاکتیکن بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە مەهار بکەن.

لە ئێستادا دەبینین کە دەوڵەتی ئەمریکا هاوکات لەگەڵ پاراستنی ئامادەیی نیزامیی خۆی لە ناوچەکە و سەر سنووره ئاوییەکانی ئێراندا، گەڵاڵەیەکی بەربڵاوی ئابلۆقەی ئابووریی خستۆتە سەر ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە زۆر جیاوازترە لە گەمارۆ ئابوورییەکانی پێشتر. زۆر جاران دەبیستین و دەخوێنینەوە کە لەو شەڕەدا ئێران یا ئەمریکا دەستی باڵای هەبووە، و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەو باڵادەستییە لە ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرێنەوە و شیکاری دەکرێن. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک یا هەفتەیەک، مەیدانی شەڕ و لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکی و ئێرانی تەواو پێچەوانەی ئەو لێکدانەوانەن؛ چونکە لەو شەڕەدا پێوەرەکانی شەڕ گۆڕاون و بەپێی پێوەرەکانی شەڕ لە ڕابردوودا ناتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ئەم شەڕە بکەین.

شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل بە دژی ئێران بەرەبەیانی ٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠٤ دەستی پێکرد و لەو ڕێکەوتەوە شەش مانگ تێپەڕ بووە و هەتا ئێستا ئاکامی ئەو شەڕە ڕوون نەبۆتەوە. ڕەنگە لەو شەڕەدا کە لایەنەکان تەنیا پشتیان بە هێزی ئاسمانی، مووشەک و دڕۆن بەستووە و لەسەر زەوی هێزی پیادەیان بۆ داگیرکردنی زەوی بەکار نەهێناوە – شەش مانگ ماوەیەکی کەم بێت بۆ ئەوەی ئاکامی شەڕەکە بە قازانجی لایەنێک بەدیار بکەوێت. چونکە لەو جۆرە شەڕەدا، ئەوەی قسەی کۆتایی دەکات ئەو لایەنەیە کە توانای دابینکردنی ئیمکاناتی ئەو شێوە شەڕەی هەبێت؛ کە تەنیا لە ئاسمانەوە و بە پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای مووشەکی و دڕۆنی شەڕ بکات. بەم ئیستدلالە، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت لە ماوەی ٤٨ ساڵی ڕابردوودا نە لە بواری سیاسی و نە لە بواری ئابوورییەوە، نە لە نێوخۆ و نە لە دەرەوەدا سەقامگیر نەبووە؛ بۆیە لە درێژخایەندا ناتوانێت درێژە بەم شێوە شەڕە بدات.

دەبینین بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەمایەسییە، دەسەڵاتدارانی تاران پەنایان بردووە بۆ کەرەستەی دیکە؛ وەک هێرش بۆ سەر دەوروبەری خۆی بەو بیانووەی کە پێگەی نیزامی و بەرژەوەندیی ئابووریی ئەمریکای لێیە، یاخود داخستنی گەرووی هۆرمۆز. ئەو کارە ئەگەر لە سەرەتای شەڕەکەوە لە کورت ماوەدا تا ڕادەیەک توانی لە بواری گوشارخستنە سەر ئابووریی جیهان سەرکەوتن بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەدەست بێنێت، بەڵام لە درێژماوەدا بە زیانی خۆی شکاوەتەوە؛ چونکە لەلایەک ئێران ناتوانێت گەرووی هۆرمۆز بەسەر وڵاتانی دراوسێی خۆی و جیهاندا دابخات و تەنیا خۆی کەڵکی لێ وەربگرێت، و لەلایەکی دیکەشەوە ئابلۆقەی دەریاییی ئەمریکا بۆ سەر هاتوچۆی کەشتیوانیی ئێران لە دەریای عومان وای کردووە داخستنی گەرووی هۆرمۆز ببێتە شمشێری دووسەر. ئەگەر داخستنی گەرووی هۆرمۆز لەلایەن ئێرانەوە بۆ ئەوە بووبێت زیان بە بەرژەوەندیی وڵاتان بگەیەنێت و ئەو زیانە ببێتە کەرەستەی گوشار بۆ سەر دەوڵەتی ئەمریکا، لەلایەکی دیکەوە دوو ئەوەندە زیانی بە هەناردەکردنی نەوتی ئێرانیش گەیاندووە کە فرۆشتنی نەوت کۆڵەکەی سەرەکیی ئابووریی ئێرانە.

هەرووەک پێشتر باس کرا، ئەم شەڕە لە بواری تاکتیکەوە بە تەواوی جیاوازە لەگەڵ شەڕەکانی پێش خۆی. ئەو شێوە شەڕەی ئێستا کە دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیکات، چەندین پەردەی هەیە کە هەموویان زنجیرەوار پێکەوە پەیوەستن و یارمەتیی یەکتر دەدەن بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی؛ تا ئەو کاتەی یا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەسلیم دەبێت یاخود دەڕوخێت.

ئێستا درێژەکێشانی ئەم سناریۆیە بەستراوەتەوە بە توانای خۆڕاگریی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە کە هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوە کەوتوونەتە بەر گوشاری نیزامی، سیاسی و ئابوورییەوە. بەو واتایەی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر پێشتر بە دروستکردنی گرووپە نیابەتییەکان لە سەرانسەری ناوچەکەدا کێشەی ئاسایش و تەنانەت سەروەریی بۆ وڵاتانی دەوروبەری خۆی دروست کردبوو، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ڕاستەوخۆ بە کردەوە سەروەریی ئەو وڵاتانەی خستۆتە ژێر هەڕەشەوە. کردەوەکانی ڕێژیمی تاران ئاسایش و ئەمنییەتی ئەو وڵاتانەی تێک داوە، بۆیە ئەو وڵاتانە زیاتر بەدوای نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندەن تا مانەوەی؛ لە ئەگەری مانەوەی ئەو ڕێژیمەش لە تاران، زۆری پێدەچێت تا ئەو وڵاتانە بتوانن متمانە بە کۆماری ئیسلامی بکەنەوە.

لە نێوخۆی ئێرانیشدا باری دەسەڵاتدارانی ئێستای تاران چ لە بواری پێگەی جەماوەری و چ لە بواری ئابوورییەوە ئەوەندە باش نییە بتوانن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن؛ چونکە بارودۆخی شەڕ ئەوانی لەسەر دووڕیانێک دانابێت: ئایا درێژە بە سیاسەتی پێشوویان دەدەن و تۆڵەی خوێنی ڕێبەر و دارودەستەکەی دەکەنەوە؟ یاخود بۆ نەجاتی ڕێژیم، مل بۆ داواکارییەکانی ئەمریکا ڕادەکێشن؟

دەبینین دەرئەنجامی هەر دوو ڕێگاکە نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە؛ چونکە بەپێی هەموو یاساکان شەڕ بە ئابووری و بەرفراوانیی ماڵی دەکرێت، لە کاتێکدا لە سەردەمی ئێستادا خەزێنەی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەموو پێوەرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەتاڵتر دەبێت و خەڵک لە نێوخۆی ئێران هەژارتر و هەژارتر دەبن. ئەگەر وایە، دەسەڵاتدارانی تاران ناتوانن لەگەڵ ئەمریکادا درێژە بەم شەڕە بدەن؛ بۆیە ئەگەری زۆرە دەسەڵاتدارانی تاران بۆ پاراستنی نیزام واتە مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەسلیمی داواکارییەکانی ئەمریکا ببن. لەو حاڵەتەشدا ئەگەری زۆری ئەوە هەیە لەناو دەزگای حاکمەدا تووشی شەڕ و پێکهەڵپڕژان ببن، و لەو شەڕە نێوخۆییەدا کام لا سەر دەکەوێت دەبێت چاوەڕوانی داهاتوو بین.

جگە لە هۆکارەکانی شەڕ کە بنەماکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان وە لەرزین خستووە، ڕۆژ بە ڕۆژ نارەزایەتیی خەڵکیش لە نێوخۆدا پەرە دەستێنێت و دەسەڵاتیش بەم بارودۆخەی خۆی خولقێنەری بووە، ناتوانێت وەڵامدەری نیاز و پێداویستییەکانی خەڵکی ئێران بێت. بۆیە لە کۆتاییدا، ئەگەر بەم شەڕەش نیزامی کۆماری ئیسلامی نەڕوخێت، خەڵکی نارازی لە ئێران، درەنگ یا زوو کارنامەی پڕ لە کوشتار، سەرکوت، هەژاری و نەهامەتیی کۆماری ئیسلامی تێک دەپێچن و بە مێژووی دەسپێرن.

بەر لە ماڵاوایی

# ژنانی کورد و فەتحی پێگەکانی بڕیاردان!



برایم لاجانی

هەڵبژاردنی سۆفیا ئەمینی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە و گەلانی بێ‌نوێنەردا (UNPO) وەک جێگری سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لە کۆنگرەی بیست و یەکەمیدا لە شاری لاهەی هۆڵەندا، ڕووداوێکە کە نابێت تەنیا وەک هەواڵێکی ڕۆتینی تەشکیلات مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەم هەڵبژاردنە کە لە ڕۆژی ٨ی خەرماناندا ڕاگەیەندرا، لە یەک کاتدا دەستکەوتێکی دیپلۆماسییە بۆ گەلی کورد و بەڵگەیەکی بەرچاوە لەسەر ئەوەی ژنی کورد، کاتێک دەرفەتی ڕێکخراوەیی و پشتیوانی تەشکیلاتی بۆ دەڕەخسێت، دەتوانێت لە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتیدا نوێنەرایەتی خواستەکانی گەلەکەی بکات.

UNPO لە ساڵی ١٩٩١ لە هەمان شاری لاهەدا دامەزرا، بۆ ئەوەی ببێتە دەنگی ئەو نەتەوە و گەلانەی لە دامەزراوە فەرمییەکانی جیهانیدا، بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، نوێنەرایەتییان نییە. ئەندامەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ڕێکخراوەدا لە ڕێگەی حیزبی دێموکراتەوە، دەرفەتێکی نایابە بۆ گەیاندنی دەنگی گەلێک کە بۆ ماوەی زیاتر لە چوار دەیە لەژێر ستەمی نەتەوەیی، سیاسی و ئایینیی کۆماری ئیسلامیدا ژیاوە. بەڵام ئەمجارە، ئەوەی گرنگە تەنیا ئامادەبوونی کوردستان نییە، بەڵکوو ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ئامادەبوونە لەلایەن ژنێکی کوردەوەیە و لە پێگەیەکی بڕیاردەردا خۆی دەنوێنێت.

لە ڕوانگەی زانستی سیاسییەوە، جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان دوو چەشنە نوێنەرایەتیدا: نوێنەرایەتیی وەسفی واتە ئامادەبوونی ژنان بە ژمارە لەناو دامەزراوەکاندا و نوێنەرایەتیی جەوهەری واتە توانای کاریگەریدانان لەسەر نێوەڕۆکی بڕیارەکان. ئەزموونی جیهانی نیشانی داوە کە ئەم دوانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تەواوکەری یەکتر نین. زۆرجار ژنان لە پلەکانی خوارەوەدا زۆرن، بەڵام لەو ئاستانەی کە ستراتیژ و سیاسەتیان تێدا دیاری دەکرێت کەم دەبنەوە. لێکۆڵینەوەکانی بواری جێندەر و سیاسەت هەروەها دەریانخستووە کە بەشداریی بەرچاوی ژنان لە ئاستی سەرکردایەتیدا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە فراوانبوونی ئاجێندای سیاسی، بەهێزبوونی مەشرووعییەتی دامەزراوەکان، و گەیشتنی دەنگی گرووپە پەراوێزخراوەکان بۆ ناوەندی بڕیاردان.

لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد پڕن لە ژنانی خەباتگێڕ. لە شەڕی چیاکانەوە تا ڕێکخستنی نهێنی لە شارەکاندا، لە پەروەردە و کاری کۆمەڵایەتییەوە تا نووسین و ڕۆشنبیری، ژنی کورد هەمیشە بەشێکی چالاکی خەباتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بووە. بەڵام گواستنەوە لە بەشداریی گشتییەوە بۆ سەرکردایەتیی فەرمی، خۆبەخۆ ڕوونادات. ئەم گواستنەوەیە پێویستی بە بڕیاری تەشکیلاتی، میکانیزمی ڕوون، پەروەردەی کادر و وشیارییەکی سیاسییە کە بەشداریی ژنان نەک وەک شتێکی ڕواڵەتی، بەڵکوو وەک پێویستییەکی ستراتیژی ببینێت.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، هەڵبژاردنی سۆفیا ئەمینی نابێت وەک ڕووداوێکی ئیستیسنا و تاک تەماشا بکرێت. ئامادەبوونی کانی جەهانگیری وەک نوێنەری حیزب لە فەڕانسە و هەر لەو کۆنگرەیەدا، هەروەها ڕۆڵی کۆیستان گادانی وەک بەرپرسی یەکەمی حیزب لە ئوروپا، دەریدەخەن کە ئێمە لەگەڵ دیاردەیەکدا بەرەوڕووین نەک ئیستیسنایەک. ژنانی کورد لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، لە دیپلۆماسی، ڕێکخستن و بەڕێوەبردندا، توانا و لێوەشاوەیی خۆیان سەلماندووە. ئەمە ئەو بنەمایە دروست دەکات کە لەسەری دەتوانین بانگەوازێکی ڕوون ئاراستە بکەین.

ئەو بانگەوازە ئەمەیە: ژنان و کچانی کورد، لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە هەموو وڵاتانی دونیا، لەو شوێنەی کە هەن، دەبێت ببنە ئەندامی چالاکی تەشکیلاتی حیزبە سیاسییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێگەکانی بڕیاردان فەتح بکەن. چاوەڕوانی ئەوە مەکەن کە دەرگاتان بۆ بکرێتەوە یان بانگهێشت بکرێن؛ لە کۆمیتەی ناوچەوە تا ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان، لە دەستەی ڕاگەیاندنەوە تا کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکان، شوێنی خۆتان بگرن و بەرپرسیارێتی وەربگرن. سیاسەت پیشەیەکە کە بە ئەزموون فێری دەبیت، و ئەزموونیش تەنیا لەناو کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوەییدا کۆ دەکرێتەوە.

بەڵام ئەم بانگەوازە دوو لای هەیە. ئەگەر لە ڕوویەکەوە داوا لە ژنان دەکات کە هەنگاو بنێن، لە ڕووەکەی تریشەوە داوا لە تەشکیلات و سەرکردایەتی دەکات کە ڕێگا خۆش بکەن. حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات پێویستە خاوەنی سیاسەتێکی ڕوون بێت بۆ پەروەردەی کادری ژن: خولی فێرکردنی زمانی بیانی و دیپلۆماسی، فێرکردنی نووسینی سیاسی و ڕاگەیاندن، دەرفەتی بەشداری لە دانوستان و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا، و میکانیزمێکی ڕوون بۆ دڵنیاکردنەوە لەوەی کە ژنان لە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی حیزبدا بە ڕێژەیەکی شایستە ئامادەن. بەبێ ئەم هەنگاوانە، هەڵبژاردنی ژنێک بۆ پۆستێکی بەرز دەبێتە ڕووداوێکی خۆش، نەک بەشێک لە پرۆسەیەکی بەردەوام.

لەم پێناوەدا، ژنانی کورد لە وڵاتانی دەرەوەدا ئەرکێکی تایبەتییان لەسەر شانە. ئەوان زانستی خۆیان لە زانکۆکانی ئەورووپا و ئەمریکا وەرگرتووە، بە چەند زمانێک قسە دەکەن، لەگەڵ شێوازی کارکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئاشنان، و دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانتار، چالاکوان و ڕاگەیاندنی جیهانیدا دروست بکەن. ئەم توانایانە سەرمایەیەکی ڕاستەقینەی نەتەوەیین، بەڵام تەنیا کاتێک بەرهەم دەدەن کە لە ڕێگەی تەشکیلاتێکی ڕێکخراوەوە ئاراستە بکرێن. لە هەمان کاتدا، ژنانی نێوخۆی کوردستان کە لەژێر چاودێری و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ڕێژیمدا خەبات دەکەن، پێویستیان بە پشتیوانی و دەنگی خۆشکەکانیان لە دەرەوەیە. بەستنەوەی ئەم دوو ئەزموونە بەیەکەوە، یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی قۆناغی ئێستا.

هەروەها پێویستە ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی ململانێی گشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بخوێنرێتەوە. ڕێژیمی ئێران لەسەر دوو ئاستی پەراوێزخستن دامەزراوە: پەراوێزخستنی نەتەوەکان و پەراوێزخستنی ژنان. ئەو یاسا و بەرنامانەی کە مافی ژن سنووردار دەکەن و ئەوانەی کە کوردستان لە دەسەڵات و سامانی خۆی بێبەش دەکەن، لە یەک لۆژیکی ناوەندگەرا و کۆنەپەرستەوە سەرچاوە دەگرن. لەبەر ئەوە، هەر پێشکەوتنێک لە بواری بەشداریی ژنان لەنێو بزووتنەوەی کوردیدا، لە ڕاستیدا وەڵامێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە بەرانبەر بەم لۆژیکە. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە کوردستانەوە بوو بە دەنگی جیهان، لە نێوەڕۆکدا هەر ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان ڕزگاریی ژن و ڕزگاریی نەتەوە دەردەبڕێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، بەرگری لەم داواکارییە پێویستی بە ڕاستگۆیی هەیە. بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵایەتی، بارگرانیی ماڵەوە، و کولتوورێکی ڕێکخراوەیی کە هێشتا لە هەندێک شوێندا پیاوسالارە، ئاستەنگی ڕاستەقینەن و بە دروشم لانادرێن. بەڵام ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانی داوە کە ئەم ئاستەنگانە شکێنەرن، بە مەرجێک ژنان بەکۆمەڵ و بە ئیرادە هەنگاو بنێن و حیزبیش بەجیدی پشتیوانییان لێ بکات.

بزووتنەوەیەک کە نیوەی کۆمەڵگەکەی لە دەرەوەی سەرکردایەتی بمێنێتەوە، ناتوانێت بە تەواوی بانگەشەی نوێنەرایەتیی خواستە نەتەوەیی و دێموکراتییەکان بکات. لەبەر ئەوە، فەتحکردنی پێگەکانی بڕیاردان لەلایەن ژنانەوە، نەک تەنیا داواکارییەکی ڕەوای ژنانە، بەڵکوو مەرجێکە بۆ مۆدێڕنبوون و بەهێزبوونی خودی حیزب و بزووتنەوەکە. ڕێگا کراوەیە و نموونەکان لەبەردەستن. ئێستا نۆرەی ژنان و کچانی کوردستانە کە ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە.